

د. فازڵ نەبی:

تا پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق دوو سەد ملیارەکەی بەغدا بەردەوام دەبێت

پێویستە ڕەشنووسی پڕۆژە یاسایەك بۆ كۆنترۆڵكرنی داهاتەكان ئامادە بكرێت

# گوڵان

سالّی بیست و هەشتەم (١٢٩١)- (١)ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١

## دیندار دۆسکی:

# کاریگەریی گوتارە نەتەوەییەکەی پارتی هۆکاری زیادبوونی کورسییەکانیەتی



خەڵکی کوردستان دژبەرانی ریفراندۆمیان سزا دا

پێویستە شیعە و سوننە تێبگەیەندرێن کە عێراقی تازە دەوڵەتێکی فیدڕاڵی‌یە




# www.gulan-media.com

www.gulan-media.com

# چاپکراوی نوێ

کتێبی «گرنگیی دەستوور لە بونیادی دەوڵەتدا» بەرهەمێکی تازەی خانمی پەرلەمانتاری عێراق د.مەیادە نەجارە، لەم کتێبەدا نووسەر هەوڵی داوە خاڵە لاواز و شکستەکانی دەوڵەتی عێراق دەستنیشان بکات و، چوارچێوەی تیۆری و ئەزموونی پەرلەمانتاریی خۆی وەك ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق تێکەڵ بکات، جەختی لە سەر ئەوەش کردووەتەوە، کە پێشێلکردن و وەلانانی دەستوور لەلایەن هێز و لایەنەکانی پێکهاتەی شیعەی عێراقەوە بووەتە هۆکاری ئەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کێشەکانی عێراق ئاڵۆزتر بن و چارەسەرکردنیان بە ئاستیك قورس بێت کە بگاتە حاڵەتی مەحاڵ، پێشنیاری ئەوەشی خستووەتەڕوو کە گرنگە لایەنی کوردستانی گوشارەکانی خۆی چڕ بکاتەوە بۆ ئەوەی لایەنەکانی شیعەی عێراق ناچار بکات، بگەڕێنەوە بۆ جێبەجێکردنی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق کە زیاتر لە ٨٠٪ی خەڵکی عێراق دەنگیان پێ داوە.

هیوای سەرکەوتن بۆ د. مەیادە نەجارڕ دەخوازین. خەرمان بەرەکەت.



# چاپکراوی نوێ

ژمارە یەکی «گۆڤاری گرێبەستی کۆمەڵایەتی» لەلایەن نێوەندی توێژینەوەی یاسایی لە وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاپ و بڵاوکرایەوە، ئەم گۆڤارە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی یاسایی، بە هەر سێ زمانەکانی عەرەبی، کوردی و ئینگلیزی. و سەرەڕای ئەوەی بایەخ دەدات بە بڵاوکردنەوەی ئەو توێژینەوانەی جێی گرنگیپێدانی گۆڤارەکەن، ئەوا لە هەمان کاتدا سەرنج لەبارەی بڕیارە دادوەرییەکان، پوختەی تێزە زانستییەکان لە ماجستێر و دکتۆرا لە خۆدەگرن، لەگەڵ راپۆرتە زانستییەکتنی کۆڕبەند و کۆنفرانسەکاندا، هەروەها خستنەڕو و پێداچوونەوەی کتێبە نوێیەکان و بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی ناوەندی توێژینەوەی یاسایی وەزارەت لە کۆڕ و کۆنفرانسە زانستییەکان و وەرگێڕانی توێژینەوە یاساییەکان لە زمانەکانی دیکەوە. ئەم بەرهەمەی وەزارەتی داد جێی ستایش و نرخاندنە، و مایەی دەوڵەمەندکردن و برەوپێدانی زیاتری توێژینەوە یاساییەکانە. بە ئومێدی سەرکەوتن و بەرهەمی زیاتر.



# چاپکراوی نوێ

لە زنجیرە بڵاوەکراوەکانی نێوەندی تویژینەوەی یاسایی لە وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان کتێبی ( المعیار الممیز للعمل القضائي) لە نووسینی د.بەدرخان عەبدولحەکیم ئیبراهیم چاپ و بڵاوکرایەوە کە فرسەت ئەحمەد عەبدوڵا، وەزیری داد، پێشەکی بۆ نووسیوە. تەوەری سەرەکیی ئەم کتێبە پەیوەستە بە دیاریکردنی باشترین و گونجاوترین پێوەر بۆ جیاکردنەوەی کاری دادگەری لە کارەکانی دیکە، و بە تایبەتی کاری کارگێڕی، کە گرنگی هەردوو ئەم کارە -واتە دادگەری و کارگێڕی- لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بە کاری بنەڕەتی دەوڵەت دادەنرێن، و تێیدا نووسەر بە قووڵی و دوورودرێژی ئەم باسەی تاوتوێکردووە. پیرۆزبایی ئەم بەرهەمە بە پێزە لە نووسەر دەکەین و هیوای بەردەوامبوون و بەرەوپێشچوونی زیاتری بۆ دەخوازین.






پ.د. شێرزاد نەجار




## كارلێكی دەوڵەت و قەوارە بچووكەكان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكاندا

زەردەشت عەبدولخالق سەرسام :



## ساڵی داهاتوو لە شاری هەولێر پرۆژەیەكی ستراتیژی ئاوەڕۆ جێبەجێ دەكرێت

تۆزۆن باهچەلی :



## ئەمریكا خوازیارە عێراق سەقامگیری بە خۆیەوە ببینێت

گریگۆری ئەفتاندیلیان :



## ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەكەی عێراق پەرەسەندنێكی ئەرێنی بوو


■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوكەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سكرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی

■ بەڕێوەبەری كارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
كەمال ئاكرەیی

بۆ ریكلام كردن پەیوەندی بكە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆكسانا - هەولێر

ناونیشان: هەولێر -رووناكی/ شەقامی ٤٠ مەتری

***Web: www.gulanmedia.com***

شێوا بورهان :

## دەمەوێ لە داهاتوودا
## ببمە راهێنەری تیپێکی باله



یادگار مەحموود :

## سەرکەوتنی پارتی
## لە سلێمانی ژیانەوەی
## بیرە نەتەوەییە
## خۆڕسکەکەی بوو



شێف سومەیە سەعید:

## ئاواتم ئەوەیە
## کارەکەم گەورە بکەم
## و بە هۆی منەوە
## گەنجێکی زۆر بە
## هەردوو رەگەزەوە لە
## بێکاری ڕزگاریان بێت



## دەتوانیت ڤاکسینی کۆڤید و
## ڤاکسینی ئەنفلوەنزا لە یەک
## کاتدا وەربگریت!



## لاپتۆپێک فیلمی سێ دەوری
## بەبێ چاویلکە نیشان دەدا



## نارین فەقێ
## (پاییزا خەونان)
## پێشکەش بە گیانی
## زاهد بریفکانی دەکات







# کۆتاییهاتنی دەوڵەت یان دەوڵەتی قووڵ

ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ نەخشەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی «قووڵ» لە عێراقدا کێشا و، ئەم دەوڵەتە قووڵەش نەك هەر شکۆی عێراقی وەك «دەوڵەت» خستە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو عێراقی خستە دووڕییانی «دەوڵەت و نادەوڵەت»ـەوە.

پێشنیاری هەڵبژاردنی پێشوەختە (١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١) بۆ یەکلاکردنەوە و ڕاستەڕێکردنی ئەو دووڕییانە بوو کە دەوڵەتی قووڵ دروستی کردبوو، بەو ئامانجەش بوو کە بەرەو دەوڵەتبوون «دەوڵەتی مەدەنی، یان گەڕانەوە بۆ دەوڵەتە قووڵەکە» ئاراستە بکرێت، بەڵام ئەوەی سەرسامیی دروست کرد، ئەوە بوو، ئەوانەی خۆیان بە دەوڵەتە قووڵەکە دەزانی، لە هەڵبژاردنەکەدا زۆر خراپ دۆڕاندیان، ئەوانەشی کە خۆیان بە خاوەنی دووبارە بونیادنانەوەی عێراق دەزانی وەك دەوڵەتێکی مەدەنی، بە ئاستێك سەرکەوتوو نەبوون کە ئومێدی لەسەر هەڵبچێنرێت و، پەرتەوازەییەکی لە ناو ماڵی شیعە دروست کردووە کە ئێستا لە کاندیدی سەدری تۆخ و کاندیدی مالیکی تۆخەوە بۆ کاندیدێکی تەوافوقیی تۆخ بانگەشە دەکەن، دروستبوونی تەوافوق لەناو پەرتەوازەیی و فەوزای سیاسیی نێوماڵی شیعە ئەگەر بە تەواوەتیش مەحاڵ نەبێت، ئەوا کارێکی ئاسان نابێت.

### ● حەشدی شەعبی هێزی لایە. بەڵام دەنگەکانی دۆڕاندووە

بەپێی ئەو قسانەی نووری مالیکی لە دیمانەکەی لەگەڵ تەلەفزیۆنی «ئافاق» ئاماژەی پێ کردن، لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بەرەو ئەوە دەچن، ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە هەرچۆنێك بێت، قبووڵی بکەن و، ئەو ناڕەزاییانەی ئێستایان کپ بکەنەوە و، لە هەوڵی دروستکردنی کوتلەی گەورە بن، بۆ ئەوەی خۆیان حکومەت پێکبهێنن و، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی مالیکی ئەوەی پشتڕاست نەکردەوە کە خۆی دەبێتە کاندیدی لایەنەکانی هەماهەنگیی شیعە، بەڵام هەموو ئاراستەی لێدوانەکان بەو جۆرەیە کە نووری مالیکی دەبێتە کاندیدی ئەو لایەنانە و هەر خۆیشی سەرکردایەتیی ئەو هەماهەنگی و هاوپەیمانییە دەکات.

لەلایەکی دیکەوە موقتەدا سەدر کە خۆی بە براوەی هەڵبژاردن دەزانێت و خاوەنی نزیکەی ٧٠ کورسیی پەرلەمانە، لە تویت و هەنگاوەکانی کە بەردەوام جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە دەبێت سەرۆك وەزیرانی داهاتوو سەدرییەکی «تۆخ» بێت، هێندەی دیکە درز و کەلێنی لە نێوان هەر دوو بەرەی (سەدر و لایەنەکانی هەماهەنگیی شیعە) دروست کردووە و، مەزندەکان بەو جۆرەن کە کردنەوەی دەروازەیەك بۆ نزیککردنەوەی سەدر و مالیکی کارێکی ئاسان نەبێت، ئەمەش بەو مانایە دێت نە سەدر ڕازی دەبێت نووری مالیکی کاندیدی هاوبەشی هەموو لایەنەکانی شیعە بێت، نە لایەنەکانی دیکەی شیعەش ڕازی دەبن، کاندیدی هاوبەشی هەموو لایەکیان سەدرییەکی «تۆخ» بێت، بۆیە ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە وای کردووە کە هەندێك لە سەرکردەی لایەنەکانی هەماهەنگیی شیعە لە بن دێڕی لێدوانەکانیاندا، جار جارە ئەو ئەگەرەش بە دوور نەزانن، ئەگەر هەموو دەرگاکان بۆ ڕێککەوتن دابخرێن و، موقتەدا سەدر ئامادە نەبێت ببێتە بەشێك لە «لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە» ئەوا مەترسیی پەنابردنە بەر هێز و دروستبوونی شەڕی ناوخۆ لە ناوماڵی شیعەدا ئەگەرێکی زۆر دوور نابێت.

دیارە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە موقتەدا سەدر کاراکتەرێکی دیاری ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق بووە و، خۆی لە بەرەی دژ بە ئەمریکا ساغ کردبووەوە، بەڵام لە ڕووی پراکتیکی بێجگە لە وروژاندنی شەقام و ئەنجامدانی خۆپیشاندانی پۆپۆلیستییانە، نە بەرنامەیەکی پتەوی بۆ دەوڵەتداری هەبووە، نە نوێنەرەکانی سەدریش لە حکومەت و وەزارەتەکاندا ئەدایەکی جیاوازیان لەوانی دیکە پیشان داوە، بۆیە ئەم هەڵسەنگاندنە بەرەو ئەوەمان دەبات، هەتا ئەگەر سەدریش بەرنامەی ئەم جارەی سەرکەوتوو بێت و خۆی کاندیدێك بۆ سەرۆك وەزیران دیاری بکات، ئەوا حکومەتەکەی ئەویش لەوانەی پێشتر باشتر نابێت و، لەمەش خراپتر ئەگەر لە باشترین گریمانەدا، لایەنەکانی دیکەی شیعە بەوە ڕازی بن، ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی حکومەتەکەی سەدر بگێڕن، ئەوا حکومەتەکەی سەدر نە سەقامگیری بە خۆیەوە دەبینێت، نە

**ئەوانەی خۆیان بە دەوڵەتە قووڵەکە دەزانی، لە هەڵبژاردنەکەدا زۆر خراپ دۆڕاندیان، ئەوانەشی کە خۆیان بە خاوەنی دووبارە بونیادنانەوەی عێراق دەزانی وەك دەوڵەتێکی مەدەنی، بە ئاستێك سەرکەوتوو نەبوون کە ئومێدی لەسەر هەڵبچێنرێت**

**هەموو ئاراستەی لێدوانەکان بەو جۆرەیە کە نووری مالیکی دەبێتە کاندیدی ئەو لایەنانە و هەر خۆیشی سەرکردایەتیی ئەو هەماهەنگی و هاوپەیمانییە دەکات**

**موقتەدا سەدر کە خۆی بە براوەی هەڵبژاردن دەزانێت و خاوەنی نزیکەی ٧٠ کورسیی پەرلەمانە، لە تویت و هەنگاوەکانی کە بەردەوام جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە دەبێت سەرۆك وەزیرانی داهاتوو سەدرییەکی «تۆخ» بێت، هێندەی دیکە درز و کەلێنی لە نێوان هەر دوو بەرەی (سەدر و لایەنەکانی هەماهەنگیی شیعە) دروست کردووە**

دەشتوانێت هیچ لە بارودۆخی حوکمرانی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان بگۆڕێت.

لە بەرامبەر ئەم سیناریۆیەی سەدر، لایەنەکانی حەشدی شەعبی کە جیا لەوەی بریندارى سندوقەکانی دەنگدانن و لە هەمانکاتدا ئەگەر دژایەتیی هەنگاوەکانی سەدر «بە هەموو شێوەیەك» نەکەن، ئەمە بۆ ئەوان مانای ئەوەیە بە ئاشکرا دان بە کۆتاییهاتنی ئەو دەوڵەتە «قووڵە»دا دەنێن کە ماوەی چوار ساڵە خۆیان سەرکردایەتی دەکەن و، ئاراستەی پرۆسەی سیاسی هەڵدەسووڕێنن، لەمەش زیاتر لە زۆر حاڵەتدا بینیومانە تەحەددای دەسەڵاتەکانی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراقیشیان کردووە و ئیعتوباریان بۆ بڕیارەکانی دانەناوە، هەر بۆیە لە ئێستادا لایەنەکانی حەشدی شەعبی، بەرگری لە مانەوەی دەوڵەتە «قووڵ»ـەکەی خۆیان دەکەن و، ڕێگە نادەن ئەو واقیعە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئەو چاودێر و شرۆڤەوانەشی کە بە ڕەشبینی سەیری ئایندەی کێشمەکێشی نێوان لایەنەکانی شیعە دەکەن، پێیان وایە لە بەر ئەوەی حەشدی شەعبی خاوەنی هێزی سەربازییە و هێزەکەشی لە سوپای عێراق بەهێزترە، سەرەنجام هەر ئەو لە ناو پرۆسە سیاسییەکەی ناوماڵی شیعە بڕیار دەدات، ئەوجا بڕیارەکە بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق بێت، یان بەکارهێنانی هێز بێت بۆ کۆتاییهاتن بە دەوڵەتی عێراق.

**● کورد و عەرەبی سوننە . لە چاوەڕوانیی ڕێککەوتنی لایەنەکانی شیعەدا**

بە پێچەوانەی پەرتەوازەیی نێوماڵی شیعە، نێوماڵی کورد و عەرەبی سوننە بەرەو ڕێککەوتن و سەقامگیرییەکی باشی سیاسی هەنگاو هەڵدەگرێت، لەسەر ئاستی لایەنە کوردستانییەکان، هەر لە دوای ڕاگەیاندنی ئاکامی بەرایی هەڵبژاردنەکان، لایەنی براوەی کوردستان کە پارتی دیموکراتی کوردستانە سەردانی تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی کردووە، بەوانەی کە کورسیی پەرلەمانیان بەدەست هێناوە، بەوانەشی کە هیچ کورسییەکیان بەدەست نەهێناوە، ئەم هەنگاوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، زەمینەسازییەك بووە بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکان لە ژێر چەتری سەرۆکایەتیی هەرێم کۆببنەوە، ئەوەشی لە دوای ئاکامی هەڵبژاردنەکانەوە دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە کە هەڵویستی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆر لێك نزیکە و هەردوو لا ئاماژە بەوە دەکەن هیچ کێشەیەك لە نێوانیان نییە و، ئەگەر لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیش جۆرێك لە قسەکردن لە سەر یەکتری کرابێت، ئەوە تەنیا هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بووە و، دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکەش ئەو قسانە کۆتاییان پێ هاتووە.

لەسەر ئاستی نێوماڵی عەرەبی سوننەش، نزیکبوونەوەیەکی زۆر باش لە نێوان هاوپەیمانیی تەقەدوم بە سەرۆکایەتیی محەمەد حلبوسی و هاوپەیمانیی عەزم بە سەرۆکایەتیی خەمیس خنجەر هاتووتە ئاراوە و، بەرەو پێشەوەچوونەکان بەرەو ئەوە دەچن کە «تەقەدوم و عەزم» بگەنە ڕێککەوتن و وەك یەك کوتلە نوێنەرایەتیی عەرەبی سوننە لەناو پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا بکەن.

ئەم یەکگرتووییەی نێوماڵی کورد و عەرەبی سوننە، دوو کوتلەی گەورەی پەرلەمانی دروست کردووە و، هەر یەکەیان بە جیا نوێنەرایەتیی زیاتر لە پەنجا کورسیی پەرلەمانی عێراق دەکەن، خۆ ئەگەر بۆ هاوپەیمانییەکی تاکتیکیش لە سەر پرسی داهاتووی عێراق هەردوولا (کورد و عەرەبی سوننە) هاوهەڵوێست بن، ئەوا ژمارەی کورسییەکانیان پێکەوە لە سەرووی سەد کورسی دەبێت، ئەم ژمارەیەش نەك دەبێتە سەنگی مەحەك بۆ دروستکردنی کوتلەی گەورەی لایەنە شیعەکان، لە هەمانکاتدا دەشبێتە هۆکاری یەکلاکردنەوەی کێشەکە بۆ لایەك لە سەر حیسابی لایەنێکی دیکە و، ئەمەش ڕاستییەکە بۆ هەر دوو پێکهاتەی «کورد و عەرەبی سوننە» ئاشکرایە، بۆیە ڕایانگەیاندووە، هیچ لایەکیان نابن بە بەشێك لە کێشەکانی ناوماڵی شیعە و چاوەڕێی ئەوە دەکەن، لایەنەکانی شیعە لەنێو خۆیان ڕێکبکەون، ئەوجا دانوستاندن بۆ پێکهێنانی حکومەت دەست پێ دەکەن.

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا

**مەزندەکان بەو جۆرەن کە کردنەوەی دەروازەیەک بۆ نزیککردنەوەی سەدر و مالیکی کارێکی ئاسان نەبێت**

**ئەگەر هەموو دەرگاکان بۆ ڕێککەوتن دابخرین و، موقتەدا سەدر ئامادە نەبێت ببێتە بەشێک لە «لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە» ئەوا مەترسیی پەنابردنە بەر هێز و دروستبوونی شەڕی ناوخۆ لە ناوماڵی شیعەدا ئەگەرێکی زۆر دوور نابێت**

**ئەگەر لە باشترین گریمانەدا، لایەنەکانی دیکەی شیعە بەوە ڕازی بن، ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی حکومەتەکەی سەدر بگێڕن، ئەوا حکومەتەکەی سەدر نە سەقامگیری بە خۆیەوە دەبینێت، نە دەشتوانێت هیچ لە بارودۆخی حوکمرانی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان بگۆڕێت**



**بە پێچەوانەی پەرتەوازەیی نێوماڵی شیعە، نێوماڵی کورد و عەرەبی سوننە بەرەو ڕێککەوتن و سەقامگیرییەکی باشی سیاسی هەنگاو هەڵدەگرێت**

**ئەم یەکگرتووییەی نێوماڵی کورد و عەرەبی سوننە، دوو کوتلەی گەورەی پەرلەمانی دروست کردووە و، هەر یەکەیان بە جیا نوێنەرایەتیی زیاتر لە پەنجا کورسیی پەرلەمانی عێراق دەکەن**

ئەو زەمینەیە بوونی هەیە کە لایەنە شیعەکان پێکەوە بگەنە ڕیککەوتن و ئەم کێشەیەی خۆیان بە لایەکدا بخەن؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا شارەزایانی پرۆسەی سیاسیی عێراق و پێکهاتەی لایەنە سیاسییەکانی شیعە، چەند خاڵێك دەخەنە ڕوو:

١. کۆی لایەنە سیاسییەکانی شیعە (سەدر و چوارچێوەی هاوپەیمانی شیعە) هیچیان بەو ئاستە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دوور نین کە کۆماری ئیسلامی لایەنگریی لایەکیان بکات و گوشار بۆ لایەکەی دیکە دروست بکات، بۆیە لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی زیاتر ڕۆڵی تەماشەکەر و چاودێری دەگێڕێت و بۆ ماوەیەکی زەمەنی پرسەکە بە هەڵواسراوی ڕادەگرێت.

٢. بێلایەنبوونی هەردوو پێکهاتەی «کورد و عەرەبی سوننە» لە کێشمەکێشەکانی نێوماڵی شیعە، خۆی دەبێتە گوشاریکی ئەرێنی بۆ ئەوەی لایەنەکانی شیعە ناچار بن دەروازەیەك بۆ ڕێککەوتن لە نێو خۆیاندا بدۆزنەوە.

٣. لە حاڵەتی سڕبوونی تەواوی هەوڵەکان بۆ نزیکبوونەوەی لایەنە شیعەکان، کۆماری ئیسلامی هەوڵەکانی خۆی بۆ شکاندنی ئەو سڕبوونە دەخاتە گەڕ و پارسەنگی هێز دەداتە ئەو لایەنەی کە کۆماری ئیسلامی پشتگیری لێ دەکات، بۆ ئەمەش وەك دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ بینیمان، گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی، موقتەدا سەدری ڕازی کرد بۆ ئەوەی نووری مالیکی خولی دووەمی سەرۆکایەتیی وەزیرانی بەردەوام بێت و کابینەی دووەم پێکبهێنێت.

بۆ کورد و عەرەبی سوننە ئەوە گرنگ نییە، کاندیدی موقتەدا سەدر، یان کاندیدی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە کامیان حکومەتی داهاتوو پێکدەهێنن، بەڵکو ئەوەی گرنگە بەرنامەی ئەو حکومەتەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەکانی عەرەبی سوننە و شێوازی پەیوەندییەکانی هەرێم و جێبەجێکردنی دەستوور چی لە خۆی دەگرێت و چۆن هەنگاو بۆ کێشە موزمینەکان هەڵدەگیرێن.

## ● زەحمەتە عێراق ببێتە ئەو دەوڵەتەی کە ئومێدی بۆ دەخوازین

زەمینەی لەبار بۆ دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەت، بریتییە لە بوونی سەقامگیریی سیاسی و ئیرادەی دەوڵەتمەدار بۆ چارەسەکردنی کێشەکان، ئەم دوو مەرجە گرنگە لە ناو هیچ کام لە لایەنە سیاسییەکانی شیعە نابیندرێت کە ئەوان لە دوای ٢٠٠٣وە تا ئێستا خۆیان خاوەنی دەسەڵاتن و کابنیە لە دوای کابینە حکومەت پێکدەهێنن، بە پێچەوانەوە کابینە لە دوای کابینە کێشەکانی عێراق زیاتر کەڵەکە دەبن و، بۆ خۆدزینەوە لە چارەسەرکردنیش، کیشەیەکی تازە دروست دەکەن، بۆ ئەوەی کێشەکانی دیکەی پێ بشارنەوە.



بەردەوامیی ئەم حاڵەتی «نادەوڵەتی و حوکمڕانیی خراپ»ـە کە ماوەی ١٨ ساڵە لە عێراقدا درێژەی کێشاوە، دەوڵەتی کردووەتە دەوڵەتێکی شکستخواردوو، بە پێی ئەزموونی زانستی سیاسەتیش، چارەی دەوڵەتی شکستخواردوو، یان لەبەریەکهەڵوەشانی ئەو دەوڵەتەیە بە تەواوەتی و بە جۆرێکی دیکە سەرلەنوێ هەیکەلێکی تازەی بۆ دروست بکرێتەوە، یانیش ئەوەیە هەر پارچەیەك لە وڵاتەکە پێکهاتەیەك یان گروپێکی سیاسیی خۆی حوکمڕانی بکات، لەمەشدا ئەزموونی سۆماڵ باشترین نموونەیە.

سەبارەت بەو خاڵە بەهێزانەی کە لە عێراقدا وەك دەوڵەت بوونی هەیە و لە کۆنگرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا ڕێز دەکرێن و ئاماژەیان پێ دەکرێت و، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەگەر ئیرادەیەکی یەکگرتوو هەبێت، عێراق ئامادەباشی بۆ دەوڵەتێکی بەهێز و خۆشگوزەرانی تێدایە، بەڵام کێشەی دەوڵەت بە پلەی یەکەم ئەوە نییە کە خاڵی بەهێزی هەبێت، یان خاوەنی سەرچاوەی سرووشتیی زۆر بێت، بەڵکو کێشەی سەرەکیی نەبوونی دەوڵەت و شکستی دەوڵەت ئەوەیە زمانێکی هاوبەش لەنێوان پێکهاتە سیاسییەکان نەبێت و نەتوانن پێکەوە شان بدەنە بەر دەوڵەتدارییەکی دروست، بەپێچەوانەوە وەك فرانسیس فۆکۆیاما لە کتێبی «لەبەریەکهەڵوەشانی سیاسی» ئاماژەی پێ دەکات و بەراوردی نێوان هەر دوو دەوڵەتی «دانیمارك و سۆماڵ» دەکات و دەپرسێت: سۆماڵ خاڵی بەهێزی جوگرافی و دەریایی بەهێزی هەیە، یان دانیمارك؟ بۆچی دانیمارك لە ڕیزی دەیەمین دەوڵەتی سەرکەوتوو و خۆشگوزەرانی جیهانە، بەڵام سۆماڵ لە ڕیزبەندی یەکەمی دەوڵەتە شکستخواردووەکانی جیهانە؟ بۆچی ئەقڵی دەوڵەتمەداری لە دانیمارك لە نەبوو خاڵی بەهێزیان بۆ دەوڵەتەکەیان دروست کردووە؟ بەڵام ئەقڵی دەمارگیریی سیاسی لە سۆماڵ خاڵە بەهێزەکانی سۆماڵی کردووە بە سفر؟ ئەم بەراوردەی فۆکۆیاما لەنێوان سۆماڵ و دانیمارك، ئەقڵییەتی دەمارگیریی سیاسیی لایەنە شیعیەکانی عێراقمان بۆ بەرجەستە دەکات، کە چارەنووسی عێراقیان خستووەتە نێوان دەوڵەتی «قووڵ»ی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و نەبوونی دەوڵەت لە ناو هەیکەلی دەوڵەتی عێراقدا، لە ئێستاشدا کە کێشەی سەرەکی لەسەر نەبوونی دەوڵەت و دەوڵەتی قووڵە و، کاراکتەرەکانی دەوڵەتە قووڵەکەش هەڵبژاردنیان دۆڕاندووە و ملکەچی ئاکامەکانی هەڵبژاردنیش نابن و، بە دوای ڕێگەچارەی دیکە دەگەڕێن، بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتە قووڵە هەر بەردەوام بێت و بمێنێتەوە، ئەوا ئاراستەکان بەرەو ئەوە دەچن، دەوڵەتە قووڵەکە لەبار بچێت و حاڵەتی «نادەوڵەتی» بەردەوام بێت و پێکەوە دەوڵەت و دەوڵەتی قووڵ کۆتایی بێت.

**بێلایەنبوونی هەردوو پێکهاتەی «کورد و عەرەبی سوننە» لە کێشمەکێشەکانی نێوماڵی شیعە، خۆی دەبێتە گوشاریکی ئەرێنی بۆ ئەوەی لایەنەکانی شیعە ناچار بن دەروازەیەک بۆ ڕێککەوتن لە نێو خۆیاندا بدۆزنەوە**

**زەمینەی لەبار بۆ دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەت، بریتییە لە بوونی سەقامگیریی سیاسی و ئیرادەی دەوڵەتمەدار بۆ چارەسەکردنی کێشەکان، ئەم دوو مەرجە گرنگە لە ناو هیچ کام لە لایەنە سیاسییەکانی شیعە نابیندرێت**



دیندار دۆسکی سیاسەتمەدار بۆ گوڵان:

# کاریگەریی گوتارە نەتەوەییەکەی پارتی هۆکاری زیادبوونی کورسیەکانیەتی

**ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق گۆڕانکاری لە سەنگ و قورسایی حزبەکاندا بەدی هێنا، کە هەندێ لە حزبەکان ژمارەی کورسییەکانیان بەرەو هەڵکشان برد و، هەندێکیشیان دوچاری شکستی گەورە بوونەوە، ئێستاش باس لە دەستپێکردنی گفتوگۆکانی پەیوەست بە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق دەکرێت، ئەم پرسە و بابەتی پێگەی هەرێمی کوردستان و ڕۆڵ و کاریگەریی لایەنە سیاسییەکان، بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پرۆسەی زەمینەسازی بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق، بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ دیندار دۆسکی سیاسەتمەداری کوردستان.**

*** ئاکامی هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نەخشەی سیاسی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق گۆڕی، سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، لە دوای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن هەست بە جۆریك لێکتێکەیشتن و سەقامگیریی سیاسی دەکرێت، ئایا بە ڕای ئێوە تاچەند ئەم لێکتێگەیشتن و سەقامگیرییە سیاسییە دەبێتە هەوێنی یەکریزی و یەکگوتاریی هەرێم لە بەرانبەر بەغدا؟**

- سەرەتا دەبێت جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە بکەینەوە کە ئێمە کێشەی نەتەوەیی و نیشتمانیمان لەگەڵ بەغدا هەیە، هەر بۆیە ئەگەرچی لە کوردستان حزب و لایەنە سیاسییەکان بیروڕای جیاوازیان هەیە، بەڵام دەبێت لە بەغدا و بۆ داکۆکیکردن لە داخوازییەکانی گەلی کوردستان یەکدەنگ و یەکریز بن، ئەوەی پەیوەست بێت بە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەوە لە عێراقدا، ئەوا ئاشکرایە کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان گۆڕانکاری لە گۆڕەپانی سیاسیی ئەم وڵاتەدا دروست کردووە، بۆ نموونە: سەنگ و قورسایی هێزێکی وەك حەشدی شەعبی و ئەوانەی سەر بە دەوڵەتێکی دراوسێن، کەمی کردووە، واتە ئێستا خەڵکی دیکەی بەهێز هاتوونەتە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق.

*** سەرۆك مسعود بارزانی ئێستا وەك مەرجەعی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، دەمانەوێت ئەو پرسیارە بکەین، ئایا سەرۆك بارزانی دوای کۆتاییهاتنی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، چۆن هەوڵ بۆ یەکریزی و یەکگوتاری لە کوردستان دەدات و، لەسەر چ بنەمایەك هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان دروست دەکات؟**

- ڕۆڵی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی لە ئاست هەرێم و عێراق و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیدا دیار و بەرچاوە و، ئێستا مەرجەعێکی هەرە گەورەی هەرێمی کوردستانە و، ڕێز و گرنگی و کاریگەریی لای سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەکانی عێراق هەیە، چ شیعە بن چ سوننە. دواتر ئێمە دەزانین کە بەڕێز سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆڵی زۆر ئیجابییان هەبووە، ئێمە کە بینیمان برادەرانی پارتی سەردانی سلێمانییان کرد و لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کۆبوونەوەیان کرد (ئەوانەی لە هەڵبژاردنەکە کورسییان بەدەست هێنا و ئەوانەیش کە کورسییان نەهێنا) و گفتوگۆیان ئەنجامدا لە پێناو ئەوەی کورد یەك هەڵویست و یەکدەنگ بن لە بەغدا، ئەو سەردان و دەستپێشخەرییەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ لای لایەنەکان، سەرەتاییەکە تا کورد یەکریز و یەکدەنگ بن لە بەغدا، بۆ داکۆکیکرن لە مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان، هەر بۆیە دووبارە تەئکید لەوە دەکەمەوە کە ڕۆڵی کاك مسعود لەو دەستپێشخەری و گفتوگۆیانەی بۆ هێنانەدیی یەکهەڵویستی و یەکدەنگیی ناوماڵی کورد بەرانبەر کێشەکانمان لە بەغدا، بەرز و گرنگ دەنرخێندرێن.

**سەنگ و قورسایی هێزێکی وەک حەشدی شەعبی و ئەوانەی سەر بە دەوڵەتێکی دراوسێن، کەمی کردووە**

**ڕۆڵی کاك مسعود لەو دەستپێشخەری و گفتوگۆیانەی بۆ هێنانەدیی یەکهەڵویستی و یەکدەنگیی ناوماڵی کورد بەرانبەر کێشەکانمان لە بەغدا، بەرز و گرنگ دەنرخێندرێن**

*** پارتی دیموکراتی کوردستان لەم هەڵبژاردنەدا لە کۆی ٦٣ کورسیی کورد لە پەرلەمانی عێراق ٣٣ کورسی بەدەست هێناوە، ئەم ژمارەیەش دەکاتە ڕێژەی نزیکە ٥٣٪ی کۆی دەنگەکانی کورد لە پەرلەمانی عێراق، زیادبوونی ژمارەی کورسییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**پارتی دیموکراتی کوردستان لەو شوێنانەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان وەک مووسڵ و کەرکووک، دەنگ و کورسیی باشیان بەدەست هێناوە، ئەمەش جێگای ڕێزو تەقدیرە و دیارە دیارە کارێکی باشیان کردووە**

**ئەو کەس و لایەنانەی دژی ڕیفراندۆم بوون و عێراقچێتییان کرد، دوچاری شکستێکی زۆر گەورە بوونەوە و نەیانتوانی کورسی بەدەست بهێنن، یان کەمترین دەنگیان بەدەست هێنا**

**لە واقیعدا دەرکەوت کە ئەو هێز و حزب و لایەنە شیعەیانە تۆمەتبارن بە گەندەڵی و هیچ خزمەتی خەڵک و دەوڵەت ناکەن و بینای دەوڵەتیشیان تێک داوە**

**ئێستا لە بری حەیدەر عەبادی و تەیاری حیکمە، هێزی دیکە هاتوونەتە پێش و توانیویانە وەک کورسی بەدەست بهێنن، وەک کاندیدانی سەربەخۆ کە ٢٠ کورسییان بەدەست هێناوە، کە ئەوان لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی تشرین بوون**

**لەم هەڵبژاردنەوە دەرکەوت کە کاریگەریی وڵاتان لەسەر حزب و پێکهاتە جیاکانی عێراق هەیە، وەک ئەوەی تەوژمی ئێران لە سەر شیعە و سعودیە و وڵاتانی عەرەبی سوننە لەسەر عەرەبی سوننە هەیان بوو**

- بێگومان پێویستە لە دوای هەڵبژاردن هەموو حزبەکان پێداچوونەوە بە بارودۆخی خۆیاندا بکەنەوە، چ ئەوانەی کورسییان زیادی کردووە، چ ئەوانەشی دەنگ و کورسییان کەمی کردووە، چونکە هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیموکراتییە و زۆر ئاساییە کە لایەنێك دەنگی زیاد بکات و لایەنێکیش دەنگی کەم بکات، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، پارتی دیموکراتی کوردستان لەو شوێنانەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان وەك مووسڵ و کەرکووك، دەنگ و کورسیی باشیان بەدەست هێناوە، ئەمەش جێگای ڕێزو تەقدیرە و دیارە کارێکی باشیان کردووە. لە ناو هەرێمی کوردستانیش هەر چەندە زۆربەی حزبەکان دەنگیان کەمی کردووە، لەبەر ئەوەی ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکە کەم بوو، بەڵام پارتی ژمارەی کورسییەکانی زیاتر بووە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە گوتاری سیاسیی نەتەوەیی و نیشتمانیی پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر مایەی قبووڵکردنە لەناو خەڵك کوردستاندا. لەم هەڵبژاردنەدا ئەوەمان بەدی کرد کە ئەو کەس و لایەنانەی دژی ڕیفراندۆم بوون و عێراقچێتییان کرد، دوچاری شکستێکی زۆر گەورە بوونەوە و نەیانتوانی کورسی بەدەست بهێنن، یان کەمترین دەنگیان بەدەست هێنا، کەواتە دووپاتی دەکەمەوە، زیادبوونی کورسیی پارتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گوتارە نەتەوەیی و نیشتمانییە سیاسییەی کە هەیەتی و، ئەو ئامادەکاری و میکانزم و کارانەی کە بۆ سەرکەوتن لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکە ئەنجامی دابوون، ئەمانە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو کە بتوانێت لەو سیستەمی هەڵبژاردنە تازەیەدا سەرکەوتنکی گەورە بەدەست بیهنێت و، سەقامگیریی پارتیش وەك حزب متمانە و دڵنیاییەکی زۆری بە خەڵك بەخشیوە.

*** لەسەر ئاستی عەرەبی شیعە، ئاکامی دەنگدانەکان بەو جۆرەن کە ئەو هێز و لایەنانەی نزیکن لە حەشدی شەعبی، ژمارەی کورسییەکانیان هێجگار کەمی کردووە، ئەمەش جۆرە پەرتەوازەییەکی لە نێوماڵی شیعەدا دروست کردووە، خویندنەوەی ئێوە بۆ نێوماڵی شیعە چۆنە و، ئایا ئەم پەرتەوازەییە تا چەند کاریگەریی نەرێنی لەسەر پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو دەبێت؟**

- لێرەدا دەبێت ئێمە ئاماژە بەوە بکەین، کە سەرهەڵدانی خۆپیشاندانی تشرین لە ساڵی ٢٠١٩ ئەو ڕاستییەی دەرخست، کە شەقامی شیعی لە ساڵی ٢٠٠٣وە لە حزبە شیعییەکان ڕازی نین، چونکە خۆپیشاندانەکان لە شارە شیعەکاندا ئەنجام دران، واتە لە واقیعدا دەرکەوت کە ئەو هێز و حزب و لایەنە شیعەیانە تۆمەتبارن بە گەندەڵی و هیچ خزمەتی خەڵك و دەوڵەت ناکەن و بینای دەوڵەتیشیان تێك داوە، دواتر دەرکەوت، هەندێ لە هێز و حزبە شیعەکان کە لایەنگری دەوڵەتێکی دراوسێن جێی متمانەی خەڵك نین، بۆ نموونە فەتح ژمارەیەکی زۆری کورسیی پەرلەمانی لەدەست داوە، هاوکات لە نێو گۆڕەپانی شیعەدا کێشەیەکی دیکە دروست بووە، بەتایبەت کە تەیاری سەدری ئێستا ٧٣ کورسی هەیە و، دەوڵەتی یاسا ژمارەیەکی بەرچاو کورسی هێناوە و، ئەو دوو هێزەش لەگەڵ یەکتر تەبا نین، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ئێران و وڵاتانی دیکە دەستتێوەردان بکەن، بۆ ئەوەی ئەو دوو هێزە بە یەك بگەیەنن و کوتلەی گەورە دروست بکەن، بۆ ئەوەی حکومەت پێك بهێنن، ئەگەرچی تەیاری سەدری نیازی ئەوەی هەیە خۆی کوتلەی گەورە دروست بکات و حکومەت پێك بهێنێت، تەیاری سەدری بیروبۆچوونی ئەوەیە کە هاوپەیمانیی هێزە شیعەکان لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ئێستا حکومەتەکانیان فەشەلی هێناوە، بۆیە پێویستە هاوپەیمانییەکی نیشتمانی دروست بکرێت، کە لەگەڵ کورد و سوننە بێت. دەبێت ئاماژەش بەوە بکەین کە بە ئەزموونیش دەرکەوتووە کە لایەن و هاوپەیمانێتییە شیعیەکان سەرکەوتوو نەبوون و نەیانتوانیوە خزمەتگوزاری و پرۆژەی پێویست پێشکەش بە خەڵك بکەن، ئێستاش کوتلە و هێزە شیعەکان دەڵێن سەرۆك وەزیران بۆ شیعەیە و دەبێت لایەنە شیعەکان لەنێوان خۆیاندا لەسەر ئەمە ڕێك بکەون، پاشان هاوپەیمانی لەگەڵ عەرەبی سوننە و کورد ئەنجام بدەن، هەروەها دەبینین دەستتێوەردانی وڵاتانی دەرەوەش هەیە، بۆ نموونە ئێران دەیەوێت تەیاری سەدری و دەوڵەتی یاسا و گرووپی دیکەی شیعە لە یەکتر نزیك بکاتەوە، بۆ دروستکردنی کوتلەی گەورە و پێکهێنانی حکومەت، کە ئەمەش زۆر ئاسان نییە، بۆیە من وای دەبینم کە پێکهێنانی حکومەت دوچاری قەیران دەبێت و پێکهێنانی حکومەت کاتی زۆرتری پێویستە و

گفتوگۆ و دانوساندنی زیاتریان پێویستە و فشار و پشتگیری و دەستتێوەردانی زیاتری وڵاتانی دەرەکی دەوێت تا حکومەت پێك دەهێندرێت.

*** لایەنێکی دیکە کە جێگەی سەرسوڕمانە، ژمارەی کورسییەکانی حەیدەر عەبادیی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراقە، کە لە هەڵبژاردنی ٢٠١٨ حەیدەر عەبادی کە سەرۆکی هاوپەیمانیی نەسر بوو ٤٢ کورسی هێنا، بەڵام لەم هەڵبژاردنە تەنیا دوو کورسی هێناوە، ئایا کەمکردنی ٤٠ کورسی لە ماوەی تەنیا سێ ساڵدا چۆن خوێندنەوەی بۆ دەکرێت؟**

- ئاشکرایە کە پێشتر حەیدەر عەبادی لە نێو حزبی دەعوەدا بوو، کە جیا بووەوە، هەندێ کەس و لایەن لیستێکیان لەگەڵ پێك هێنا، کە بنەمای ڕێککەوتنەکەشیان ئەوە بوو، یان بۆ ئەوە پشتگیرییان کرد تا پلە و پۆست وەربگرن، ئەگەرنا پێشتر حەیدەر عەبادی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو کە بتوانێت ئەو ژمارە کورسییە بەدەست بهێنێت، ئێستاش کە حەیدەر عەبادی پێگەی حکومەت و هیچ بەرژەوەندییەکی لەدەستدا نەماوە، ئەوە ئەو جەماوەرەشی لە دەست دا کە پێشتر لەگەڵی بوون، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو، ڕووی ڕاستەقینەی دەرکەوت. تەیاری حیکمەش بە هەمان شێوە نەیتوانی ئەو ژمارە کورسییە بەدەست بهێنێتەوە کە پێشتر هەیبوو، بەڵکو ئەویش تەنیا دوو کورسی هەیە، هەموو ئەمانە ئەوە دەسەلمێنێت کە گۆڕانکاری لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا ڕووی داوە، ئەوەتا ئێستا لە بری حەیدەر عەبادی و تەیاری حیکمە، هێزی دیکە هاتوونەتە پێش و توانیویانە کورسی بەدەست بهێنن، وەك کاندیدانی سەربەخۆ کە ٢٠ کورسییان بەدەست هێناوە، کە ئەوان لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی تشرین بوون.

*** سەبارەت بە عەرەبی سوننە ڕاستە ئەوانیش نزیکەی ٦٣ کورسییان هێناوە و حەلبوسی و خەمیس خەنجەر کورسیی باشیان هیناوە، پرسیار ئەوەیە ئایا خوێندنەوەتان بۆ ئیستای کۆمەڵگەی عەرەبی سوننە چۆنە و، ئایا پێتان وایە هەوڵەدەن هەڵەکانی ڕابردوویان ڕاست بکەنەوە؟**

- لە ڕاستیدا حەلبوسی جگە لەوەی سەرۆك پەرلەمان بووە، ئەوا پشتگیریشی هەبووە لەلایەن وڵاتانی کەنداوەوە، بەتایبەتی لەلایان سعودییەوە، دواتر حەلبوسی توانیویەتی سوود لەو بارودۆخانە وەربگرێت کە لەناو سوننەدا هەیە، تا ببێتە هێزی یەکەم و لەگەڵ خەمیس خەنجەر ببنە دوو هێزی سەرکەوتوو لە ناو پێکهاتەی سوننەدا، کە سوودیان لەو پەرشوبڵاوییەی گۆڕەپان و شەقامی شیعە وەرگرتووە و، بە هۆی ئەو پەیوەندییانەی هەیانبووە، توانییان زیاتر لە ٦٠ کورسی بەدەست بهێنن. لەلایەکی دیکەوە لەم هەڵبژاردنەوە دەرکەوت کە کاریگەریی وڵاتان لەسەر حزب و پێکهاتە جیاکانی عێراق هەیە، وەك ئەوەی تەوژمی ئێران لە سەر شیعە و سعودیە و وڵاتانی عەرەبی سوننە لەسەر عەرەبی سوننە هەیان بوو، کە توانراوە هێزێکی سوننەی وەك حەلبوسی دروست بکات، لەگەڵ نزیکیی ئەمریکا و لەگەڵ کوردیش، کە ئێمە دەزانین لە ٢٠٠٣ تا ئێستا ئەو هاوسەنگییە لە نێوان پێکهاتەکانی عێراق لەبەرچاو گیراوە، کە پێویستە درێژەی پێ بدرێت و بمێنێت.

*** ئایندەی هەرێمی کوردستان لە عێراق و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا چۆن دەبینیت؟**

- بارودۆخی هەرێمی کوردستان بەستراوەتەوە بە بارودۆخی گشتیی عێراق و ناوچەکەوە، بۆ نموونە لەم ڕۆژانەی دواییدا بینیمان کە پرۆژەیەك لە کۆنگریسی ئەمریکا پێشکەش کرا بۆ بەرگریکردن لە هەرێمی کوردستان، لەلایەکی دیکەوە هەرێمی کوردستان لەوە دەرچووە کە وەك پرسێکی ناوخۆیی عێراق سەیر بکرێت، بەڵکو بووەتە پرسێکی هەرێمی و نێودەوڵەتییش و، وەك دەوڵەتێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و، پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی لەسەر ئاستی جڤاکی و ڕۆشنبیریش زۆر بەرەوپێش چووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئێمە کار لەسەر گۆڕینی ئەو عەقڵییەتە بکەین کە لە عێراقدا زاڵە، کە بریتییە لە عەقڵییەتی مەرکەزی، واتە پێویستە شیعە و سوننە تێبگەیەندرێن کە عێراقی تازە، عێراقێکی فیدراڵییە و دەبێت دەوڵەتی عێراق لەسەر پرەنسیپەکانی هاوسەنگی و هاوبەشی و تەوافوق بێت، واتە پێویستە عێراق دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراتی بێت و گرنگیی زیاتر بە گەشەکردنی ئابووری و بنیادنانەوەی وڵات بدرێت و، عێراق لەسەر ئەو بنەمایە بێت کە گوزارشت لە ئیرادەی هەموو پێکهاتەکانی بکات، دەبێت کار لەسەر ئەوە بکرێت کە هەموو پێکهاتەکان یەکتر قبووڵ بکەن و بە ئاشتی و لێبووردەیی لەگەڵ یەکتر بژین.

**لەم ڕۆژانەی دواییدا بینیمان کە پرۆژەیەک لە کۆنگریسی ئەمریکا پێشکەش کرا بۆ بەرگریکردن لە هەرێمی کوردستان**

**هەرێمی کوردستان لەوە دەرچووە کە وەک پرسێکی ناوخۆیی عێراق سەیر بکرێت، بەڵکو بووەتە پرسێکی هەرێمی و نێودەوڵەتییش و، وەک دەوڵەتێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت**

**پێویستە شیعە و سوننە تێبگەیەندرێن کە عێراقی تازە، عێراقێکی فیدراڵییە و دەبێت دەوڵەتی عێراق لەسەر پرەنسیپەکانی هاوسەنگی و هاوبەشی و تەوافوق بێت**


**زیادبوونی کورسیی پارتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گوتارە نەتەوەیی و نیشتمانییە سیاسییەی کە هەیەتی و، ئەو ئامادەکاری و میکانزم و کارانەی کە بۆ سەرکەوتن لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکە ئەنجامی دابوون**

# کارلێکی دەوڵەت و قەوارە بچووکەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا

**دەوڵەتانی بچووک سەرباری بچووکیی قەوارەکانیان بە شێوەیەکی گشتی و نەبوونی هێزێکی کاریگەر، بەڵام مەیلیان بۆ ئەوەیە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا چالاک بن**

دەوڵەتانی بچووک سەرباری بچووکیی قەوارەکانیان بە شێوەیەکی گشتی و نەبوونی هێزێکی کاریگەر، بەڵام مەیلیان بۆ ئەوەیە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا چالاك بن، هەروەها ڕۆڵی گرنگیان هەبێت لە دیپلۆماسیەتی هەمەلایەندا، بۆیە بە گشتی مەیلیان دەبێت بۆ بەرگریکردن لە سەروەریی یاسای نێودەوڵەتی و پاڵپشتیکردنی و پتەوکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان، وێڕای گرنگیی هاریکاری لە هەموو بوارەکاندا.

لە نێو ژینگەیەکی نێودەوڵەتی و لەئارادابوونی سیستەمێکی فرەلایەن، دەوڵەتە بچووکەکان دەرفەتیان هەیە بۆ پێشکەشکردنی بیروبۆچوون و پێشنیارەکانیان، هەروەها چەندین بۆنە هەبووە کە دەوڵەتە بچووکەکان، لەوانەش ماڵتا، لە میانی ڕۆڵی لە دارشتنی یاسای ساڵی ١٩٨٢ی دەریاوانیی نێودەوڵەتیدا، توانیویانە پێشنیارگەل بخەنەڕوو بۆ پتەوکردن و پەرەپێدانی لایەنە جیاوازەکانی چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی. دیسان دەوڵەتە بچووکەکان پێشەنگ بوون لە ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەو کێشە مەترسیدارانەی ڕووبەڕووی جیهان دەبنەوە، وەك گۆڕانکاریی کەش و هەوا. کۆتاییهاتنی شەڕی سارد لە سەرەتای نەوەدەکاندا، گۆڕانکاریی جەوهەری لە هەیکەلبەندیی سیستەمی نێودەوڵەتی هێنایە ئاراوە (لە سیستەمی جووت جەمسەرەوە بۆ سیستەمی تاك جەمسەر)، هەروەها گۆڕانکاریی ڕیشەیی بە خۆیەوە دی، لەو کێشە و ئامرازانەی کە کاریگەرییان بۆ سەر سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان هەیە، لە ئەنجامی ئەمەدا، گۆڕینی چەمکی هێز لە ڕەهەندە ماددییەکان (هێزی ڕەق)ـەوە بۆ ڕەهەندی ناماددی (هێزی نەرم)، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە سیاسەتە دەرەکییەکانی دەوڵەتە بچووکەکان بکەونە ژێر کاریگەریی ئەو گۆڕانکارییە، ئەو دەوڵەتانە سیاسەتێکی کارای دەرەکییان گرتەبەر بە بەکارهێنانی ڕەهەندە ناماددییەکان بەو ڕێگایەی کە لەگەڵ تیۆری واقیعی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ناکۆك بێت، کە ئیدیعای ئەوە دەکات کە ناکرێت دەوڵەتە بچووکەکان لە دەرەوەی سنوورەکانیان سیاسەت دابڕێژن، چونکە هێزی ماددییان نییە، بە تایبەتیش هێزی سەربازی، ئەوەش بە هەبوونی ئەو هێزە سەربازییە، دەوڵەتانی زلهێز دەتوانن پەرە بە سیاسەتێکی کارا و کاریگەری دەرەکی بدەن، ئەگەرچی دەوڵەتە بچووکەکان ناتوانن ئەو سیاسەتە کارایە پەرە پێ بدەن، چونکە لە سیستەمی نێودەوڵەتی




کارا نین، بۆیە تیۆری واقیعی پێی وایە کە چاکترین ڕەفتاری دەوڵەتە بچووکەکان ئەوەیە کە ببنە دەوڵەتانی پاشکۆی زلهێزەکان.

پێشتر و بەر لە کۆتایی شەڕی سارد لەو باوەڕەدا بوون کە توێژینەوەکانی دەوڵەتە بچووکەکان بێسوودن، چونکە کارا نین، بەڵام بە هۆی تەوەرە نامادديیەکانی هێز (واتا هێزی نەرم) دەوڵەتە بچووکەکان توانییان بە بەشێکی کەم ڕۆڵی سەرەکی لە دەرەوەی سنوورکانیان ببینن و، بوار بۆ کاریگەریی دیاریکەرەکانی ناوخۆ بەجێ بهێڵن، بە تایبەتی گۆڕانکەریی تێگەیشتن و سەرکردایەتیی سیاسی، بە سەر ڕەفتاری دەرەکیی دەوڵەتان.

سالانێکی زۆر، توێژینەوەکانی دەوڵەتە بچووکەکان لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پەراوێز خرابوون، کە بە دەست کێشەی نەبوونی پێناسەیەکی پەسندکراوی جیهانییەوە دەیانناڵاند، چونکە دەوڵەتی بچووک بوون، زانایانیش نەیانتوانی پێوەرگەلی گونجاو دەستنیشان بکەن بۆ پێناسەی وشەی (بچووک) یان تەنانەت زاراوە گونجاوەکان بۆ ئاماژەکردن بەو دەوڵەتە بچووکانە، بۆیە هەندێکیان زاراوەکانی (هێزە بچووکەکان) و هەندێکی دیکە (هێزە لاوازەکان) و هەندێکی دیکەش (دەوڵەتە لاوازەکان)یان پێ باش بوو، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو زاراوانە تا ڕاددەیەك تێکدەکەنەوە و هاو واتای یەکدین، بە کورتی، وێڕای ئەوەی زانایان زۆرجار لە سەر (دەوڵەتە بچووکەکان کە هەن) کۆکن، کە ئەمە (یەکەیەکی دیراسەی پەیوەستە بە تاقیکردنەوەی بوارەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان)، بەڵام لە سەر چۆنێتیی دەوڵەتە بچووکەکان کۆك نابن.

وەك ئەنجامێکی ئەو تەحەددییانەی پێناسەکردن، بووەتە شتێکی نەریتی توێژەران لە دەوڵەتان و قەوارە بچووکەکان کە سەرنج بدەن و لێکدانەوە بکەن بۆ ڕوونکردنەوەی پێناسەیی، کاتێك کە بابەتەکە پەیوەست دەبێت بە بابەتی دیراسەکانیان، هەروەها زۆربەی توێژینەوەکانی دەوڵەتە بچووکەکان تا ڕاددەیەك بە گفتوگۆی تێروتەسەل دەست پێ دەکەن، سەبارەت بە ئەوەی چۆن دانەر دەگاتە پێناسەیەکی دیاریکراو، لە ئەنجامدا، دەوڵەتە بچووکەکان بە نادیاریکراوی و شاردراوە دەمێننەوە.

زۆربەی ئەو ئامرازە باوانەی لەئارادان بۆ دیاریکردنی چەمکی دەوڵەتی بچووك، بریتییە لە پێوانی هەندێ هێماگەلی بابەتییانە وەك (کۆی ڕووبەری زەوی، یان قەبارەی دانیشتووان) بە شێوەیەکی گشتی زانایان یەك گۆڕدراو هەڵدەبژێرن، وەك پێوەرێك لە

**لە نێو ژینگەیەکی نێودەوڵەتی و لەئارادابوونی سیستەمێکی فرەلایەن، دەوڵەتە بچووکەکان دەرفەتیان هەیە بۆ پێشکەشکردنی بیروبۆچوون و پێشنیارەکانیان**

پۆلینکردنی دەوڵەتان بە پێی قەبارە بە کاری دەهێنن، لە نێو ئەو گۆڕدراوە چاوەڕوانکراوانە کە دەکرێ بۆ دیاریکردنی دەوڵەتی بچووک بەکار بهێنرێت، قەبارەی دانیشتووانە کە لە هەموو بژاردەیەك باوترە، ئەمەش بە کەمی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێمایەك دەستەبەر دەکات بۆ هەبوونی سەرمایەیەکی مرۆیی، دەوڵەتە بچووکەکان بەوە پێناسە دەکرێن کە دەوڵەتانێکن ژمارەی دانیشتووانیان١,٥ملیۆن یان کەمترە، بانکی نێودەوڵەتییش هەمان پێوانە بەکاردێنێت، کەچی هەر یەك لەم دووانە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە، هەڵاوێردی دەوڵەتە گەورەکانیان بۆ دادەنرێت وەك (جامایکا، یان نامیبیا)، هەردووکیان دەستنیشانی (٤٥) دەوڵەتی بچووك دەکەن لە جیهاندا، لەسەر بنەمای پێوەری قەبارەی ١,٥ ملیۆن کەس، بە پێچەوانەی ئەمەش، گردبوونەوەی نافەرمیی دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان، کە بە کۆڕبەندی دەوڵەتە بچووکان (FOSS) ناسراوە، ئەندامێتی لەسەر ئەو دەوڵەتانە کورت دەکاتەوە کە ژمارەی دانیشتووانیان ١٠ ملیۆن یان کەمترە، کە لە نێوان١٠٥ دەوڵەت، ٦٠ دەوڵەت بە دەوڵەتی بچووك دادەنرێن و کە (٥٥٪)ی ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان (١٩٣دەوڵەت) لە دەوڵەتە بچووکەکانن.

لە دەرەوەی پێوەری قەبارەی دانیشتووان بۆ پێوانی دەوڵەتی بچووك، کۆی رووبەری زەوی و کۆئەنجامی ناوخۆیی (GDP) و خەرجیی سەربازی و گۆڕانکارییە تاکەکەسییەکانی دیکە بۆ دیاریکردنی دەوڵەتی بچووك بەکاردەهێنرێت.

لە رووی شیکردنەوەدا بەسوودترە کە پشت بە یەك گۆڕدراو بەسترێت، چونکە ئەو وڵاتانەی هاوشێوەن لە رووی یەك جوگرافیا، یان دیمۆگرافیاوە، دەکرێ بە تەواوی لە فاکتەرەکانی دیکە جیاواز بن، بۆ نموونە: هەریەك لە قەتەر و فانواتو کۆی رووبەری زەوییان نزیکەی ١٢٠٠٠کیلۆمەتر دووجایە، بەڵام قەتەر دووەم بەرزترین پشکی تاکی هەیە لە کۆبەرهەمی خۆماڵی بە نزیکەی١٢٤٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی، کەچی فانواتو پلەی ١٩٦ی هەیە لە رووی ئەوەی پشکی تاك لە کۆبەرهەمی خۆماڵی ٢٧٠٠ دۆلاری ئەمریکییە.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ مشتومڕی ئەوە دەکەن کە بچووکی هەمیشە چەمکێکی رێژەییە، دواجار پێناسەیەکی پەسندکراوەی جیهانیی دەوڵەتە بچووکەکان دەست ناکەوێت، بۆ نموونە، نیوزیلەندا کە ژمارەی دانیشتووانی کەمێك زیاترە لە چوار ملیۆن و نیو، بە دەوڵەتی بچووك دادەنرێت، بەڵام نیوزلەندا کورسیی تەرخانکراوی لەو دەوڵەتانەی کە هەمیشەیی نین لە ئەنجومەنی ئاسایش لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ وەرگرت، سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتە، جۆن کەی، ئەنجامەکەی بەوە وەسف کرد کە (سەرکەوتنێکی دەوڵەتە بچووکەکانە کە زیاتر لە نیوەی ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان پێك دەهێنن)، بانگەشەی ئەوەشی کرد کە نیوزیلاندا سوورە لەسەر نوێنەرایەتیکردنی تێڕوانینی دەوڵەتە بچووکەکان لە ئەنجومەنی ئاسایش، لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بە ناوچەی ئۆقیانووسی هێمن، دەکرێ نیوزیلاندا لە پاڵ ئوستراڵیا بە هێزێکی ئیقلیمیی گەورە دابنرێت، بۆیە، نیوزیلاندا پێناسەیەکی بچووکی هەیە بەراورد بە دیموکراسییە گەورەکانی دیکەی رۆژئاوا وەك ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەریتانیا، یان ئەڵمانیا، لەگەڵ ئەوەشدا لە ئۆقیانووسی هێمن هێزە رێژەییە ئابووری و سەربازییەکەی توانای ئەوەی پێ دەدات کە گوشاری سیاسی لە کۆڕبەندە ئیقلیمییەکان پیادە بکات، بەو رێگایانەی کە لە دەوڵەتانی دیکەی دوورگەییەکان لە ناوچەکە جیای دەکاتەوە.

هەروەها نموونەکەی نیوزیلادا دەکرێ بیری لێ بکرێتەوە لە چەمکی (بچووك) بە شێوەیەکی بەسوود بە واتا بەراوردکارییەکە، بۆیە پێناسەکانی دەوڵەتە بچووکەکان کە بە تایبەتی پشت بە پێوەرە رێژەییەکان دەبەستێت، مەترسییان لەسەرە، لەوەی کە لە ئاسانکردنەوەدا زێدەڕۆیی تێدا بکرێت.

بۆ نموونە: وا لێکدەدرێتەوە کە دەوڵەتی بچووك دەکرێ لە بنەڕەتدا هەر دەوڵەتێك بێت لە پەیوەندیی کەمتر لە دەسەڵات هەبێت بەرانبەر دەوڵەتێکی دیکە، لەگەڵ ئەوەشدا، دەکرێ ئەوەش راست بێت، هەندێ نموونەی دیکەش هەن کە زەحمەتە بەرگری لەو گریمانەیە بکرێت، بۆ نموونە، مەکسیك بە شێوەیەکی

**پێشتر و بەر لە کۆتایی شەڕی سارد لەو باوەڕەدا بوون کە توێژینەوەکانی دەوڵەتە بچووکەکان بێسوودن، چونکە کارا نین، بەڵام بە هۆی تەوەرە ناماددییەکانی هێز (واتا هێزی نەرم) دەوڵەتە بچووکەکان توانییان بە بەشێکی کەم رۆڵی سەرەکی لە دەرەوەی سنوورکانیان ببینن**

**لە نێو ئەو گۆڕدراوە چاوەڕوانکراوانە کە دەکرێ بۆ دیاریکردنی دەوڵەتی بچووك بەکار بهێنرێت، قەبارەی دانیشتووانە کە لە هەموو بژاردەیەك باوترە، ئەمەش بە کەمی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێمایەك دەستەبەر دەکات بۆ هەبوونی سەرمایەیەکی مرۆیی**

**(٥٥٪)ی ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان (١٩٣دەوڵەت) لە دەوڵەتە بچووکەکانن**

سەرنج لێدراو هێزی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کەمترە، بەڵام بە دەگمەن ئەگەر هەبێت بە دەوڵەتی بچووک وەسف بکرێت.

هەندێ کەس مشتومڕ دەکەن، بە تایبەتیش دژی بەکارهێنانی گۆڕانکارییە بابەتییەکان بۆ پێوانەی (بچووکی) و لە جیاتی ئەوە، پێناسەی دەوڵەتە بچووکەکانیان کردووە بەوەی کە ئەوانەن دەرک بەوە دەکەن کە کۆتبەندە ماددییەکانیان ڕێگرن لە بەردەم ئەوەی بێ هاوکاریی دەوڵەتانی دیکە لە سیستەمی نێودەوڵەتی پارێزراو بن. هەندێکی دیکەش مشتومڕی ئەوەیانە کە پێویست ناکات پێناسەی (بچووکی) لەسەر بنەمای وێنا ئەمنییەکان بکرێت، بەڵکو بە تەواوی لەسەر چۆنێتیی لێکدانەوەی ڕۆڵی وڵاتەکان لە سیستەمی نێودەوڵەتی لەلایەن سەرکردەکانی دەوڵەتەکانیانەوە.

چەمکی دەوڵەتی بچووک کە خاوەن سەروەری بێت، بریتییە لە چەمکێک کە مێژوویەکی درێژی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی هەیە، بە لایەنی کەم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی زێڕینی دەوڵەتی – مەدەنیی یۆنانی پێش نزیکەی ٢٥٠٠ پ. ز. لەگەڵ ئەوەشدا چەمکی دەوڵەتانی دوورگە بچووکەکانی خاوەن سەروەری (the sov-ereign small island state) چەمکێکی بە ڕێژە تازەیە، کەچی چەند دەوڵەتێکی کەمی دەوڵەتە بچووکە دوورگەییەکان بە درێژایی مێژوو هەبوون، لەوانە تۆنگا لە ناوچەی ئۆقیانووسی هێمن، سەربەخۆبوونی ئایسلەندا لە دانیمارک کە نازییەکان لە ساڵی ١٩٤٤ داگیریان کرد، بووە هۆی بەهێزکردنی چەمکی تازەی دەوڵەتی بچووکی دوورگەکان کە خاوەن سەروەرین لە هۆشیاریی میللی و ئەکادیمی، لە کاتێکی دیکەدا و لە ئەنجامی کۆتایی کۆلۆنیالیزم لە پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، چەندین دەوڵەتی تازەی دوورگەیی لە جیهاندا و لەوانەش لە ناوچەی ئۆقیانووسی باسفیک پەیدا بوون.

لە دەرەوەی ناوەندە ئەکادیمییەکاندا، سەرهەڵدانی چالاکیی نەخشەکێشان - "out-burst of cartographic activity" چەندین دەوڵەتانی تازەی دوورگەیی کە بووە هۆی هاتنە نێو سیستەمیی نێودەوڵەتییەوە لە میانی ماوەی کۆتایی کۆلۆنیالیزم، ئەمە وای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد، بۆ یەکەم جار دەست بکات بە دانانی وێناکردنێك بۆ ئەو دەوڵەتە دوورگەییانە وەك تویژێکی بچووك لە ساڵانی شەستەکان.

بۆ یەکەم جار نەتەوە یەکگرتووەکان هەندێك لەو دەوڵەتانەی دەستنیشان کرد کە بە ناوی دەوڵەتانی تازەپێگەیشتووی دوورگەکان ناوی برد (DICs)، لە ساڵی ١٩٧٤، ئۆنکتاد (the United Nations Conference on Trade and Development (UNCTAD))ی ڕاسپارد ڕاپۆرتێك ئامادە بکات بە دیراسەکردنی تەحەددییەکانی گەشەپێدانی تایبەت، ئەو ڕاپۆرتەی ئۆنکتاد یەکەم هەوڵ بوو بۆ پشکنینی کێشەکانی ئەو دەوڵەتە تازەپێگەیشتووانەی دوورگەکان لە کۆڕبەندی نێودەوڵەتیدا، هەروەها هەوڵدان بۆ دیاریکردنی خەسڵەتگەلی شارەکانی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان، کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی پەیوەستن بە بچووکییەوە.

لە نێوان (٥١) دەوڵەتانی بچووکی دوورگەکان، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، کە ٧٠٪ی لەوانە ڕووبەرێکی زەوییان هەیە کە کەمترە لە ١٠،٠٠٠ کیلۆمەتر دووجا، هەروەها تەنیا (١٣) دەوڵەت ژمارەی دانیشتووانیان لە ملیۆنێك زیاتر بووە، ژمارەی دانیشتووانی زۆربەیان لە ٥٠٠،٠٠٠ کەس کەمتر بووە.

لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، گۆڕانکاریی گەورە لە گوتاری گەشەپێدان لەسەر ئاستی جیهان هاتە ئاراوە، بە شێوەیەك کە چەمکی تازە هاتە ناو گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە، وەك گۆڕانی کەش و هەوا و گەشەپێدانی بەردەوام، ئەو گۆڕانکارییانە بوونە هۆی هاتنەئارای ڕۆژگارێکی بێ پێشینەی هەژموونی نێودەوڵەتی بۆ دەوڵەتانی بچووکی دوورگەکان، هەروەها پەیڕەوێك کە زیاتر جەخت بکاتەوە لە سەر ئەو کێشانەی بۆ ئەو دەوڵەتانە گرنگن لە کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکانی وەك نەتەوە یەکگرتووەکان، لەم ماوەیەدا دەوڵەتانی بچووکی دوورگەکان خۆیان کۆبوونەوە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێکی پاڵپشتیکردن بە ناوی هاوپەیمانیی دەوڵەتانی بچووکی دوورگەکان، ئەمڕۆ ئەو زاراوەیە بە شێوەیەکی گشتی زیاتر پەسند کراوە، وەك ئاماژە بۆ

**لە دەرەوەی پێوەری قەبارەی دانیشتووان بۆ پێوانی دەوڵەتی بچووک، کۆی ڕووبەری زەوی و کۆئەنجامی ناوخۆیی (GDP) و خەرجیی سەربازی و گۆڕانکارییە تاکەکەسییەکانی دیکە بۆ دیاریکردنی دەوڵەتی بچووک بەکاردەهێنرێت.**

**سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت ئالۆزکی نییە و دەوڵەتە بچووکەکان دەتوانن بەرهەڵستیی داواکاریی هێزە گەورەکان ببنەوە لە میانی دیپلۆماسییەکی کارامە و بەکارهێنانی لۆژیکانەی هاوپەیمانەکان**

**هەر یەک لە تۆکیلاو و نیوی و تۆڤالۆو ناورۆ و دوورگەکانی مارشاڵ و کیریباتی لە نێوان هەژارترین دە دەوڵەت لەسەر ئاستی جیهان دادەنرێن**

دەوڵەتانی بچووكی دوورگەكان، لە ئێستادا ئەم هاوپەیمانییە ٣٩ ئەندام و پێنج چاودێری تێدایە، لە كاتێكدا بەرنامەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ پەرەپێدانی بەردەوام ٣٨ دەوڵەت لە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووی بچووكی دوورگەكان دیاری دەكات كە ئەندامن لە نەتەوە یەكگرتووەگان و ٢٠ لەو دەوڵەتانەی ئەندام نین. بەپێی قەبارەی دانیشتووان، كووبا و هایتی گەورەترین ئەندامن لەو گرووپە، ژمارەی دانیشتووانی هەر یەكێكیان نزیكەی ١١,٥ ملیۆن كەسە، بەپێی قەبارەی دانیشتووان، تۆكیلا و نیوی بە بچووكترین سێ وڵات لە جیهان دادەنرێن، لەگەڵ تۆفالۆ و دوورگەكانی كوك و بالاو لە نێوان بچووكترین پازدە دەوڵەتن، لەگەڵ دوورخستنەوەی ئوسترالْیا و نیوزیلاند و بابوا گینیای تازە، گەورەترین دەوڵەتانی دوورگەكانی ئۆقیانووسی هێمن لە ڕووی ژمارەی دانیشتووان (فیجی)یە كە تەنیا دەوڵەتی (١٦١)ی گەورەی جیهانە. بەپێی زۆربەی پێوەرە تاكییەكەكانی دیكەی گۆڕراو كە زۆر بەكاردێت، ئەوا زۆر لەو دەوڵەتانەی ناوچەكە لەنێوان بچووكترین دەوڵەتانی جیهان پۆلێن دەكرێن، لە ڕووی كۆی بەرهەمی خۆماڵی كە لە میانی یەكسانبوونی هێزی كڕین(PPP) پێوانە دەكرێت، هەر یەك لە تۆكیلاو و نیوی و تۆفالۆو ناورۆ و دوورگەكانی مارشال و كیریباتی لە نێوان هەژارترین دە دەوڵەت لەسەر ئاستی جیهان دادەنرێن، وێڕای ئەوەی پیادەكردنی پۆلێنی دەوڵەتان لەسەر بنەمای پێوەری یەك گۆڕدراو شتێكی نەشیاوە، لەمیانی كۆی ئەو گۆڕدراوە تاكییانەی كە لە بەكارهێناندا باون، بەڵام زۆربەی دەوڵەتە دوورگەییەكان لە ناوچەی زەریای هێمن بچووكن.

سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت نالۆژیكی نییە و دەوڵەتە بچووكەكان دەتوانن بەرهەڵستیی داواكاریی هێزە گەورەكان ببنەوە لە میانی دیپلۆماسییەكی كارامە و بەكارهێنانی لۆژیكانەی هاوپەیمانەكان، لەگەڵ ئەوەشدا، دەوڵەتە بچووكەكان زۆر بێبەش بوون لە بواری سامانە ماددییە نەریتییەكان، بە شێوەیەك لە باشترین دۆخدا، ناكرێ سیاسەتی دەرەوەیان بەكار بهێنن، بەڵام وەك میكانیزمێكی كاریگەری ناڕاستەوخۆ بۆ سەر هێزە گەورەكان، نەك وەك ئامرازێك بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ كێشە نێودەوڵەتییەكاندا، ئەو دیاریكەرە سەرەكییانەی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتە بچووكەكان لە دەروەی خودی دەوڵەتن، ئەو شتانە دەگرێتەوە وەك ئەو داوایانەی دەوڵەتە گەورەكان بەسەر بچووكەكاندا دەیسەپێنن، هەروەها ئاستی ناكۆكیی نێوان زلهێزەكان لە هەر كاتێكدا بێت، هاوكات هاوتەریبیی ڕێژەیی هێزەكان لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا، ئەمانە و پێویستە لەسەر دەوڵەتە بچووكەكان كە بەردەوام لەگەڵیان كارلێك بن، بەو واتایە، جا تاكو لەگەڵ واقعییەتی كلاسیكی ڕێ بكات، وا پێویست دەكات، ڕەفتاری نێودەوڵەتیی دەوڵەتە بچووكەكان بە بونیادی جیهانی دەرەوە پاڵ درابێت، كە دیاردەیەكی بەرچەكردار و پێشوەختەیی نییە كە ناكرێت تێی بگەین، تەنیا بە گەڕانەوە نەبێت بۆ لایەنانی كارای دیكە كە هێزیان زیاترە.

زۆر لە توێژەران بۆ تێگەیشتنیان لە دەوڵەتە بچووكەكان پشت بە پێوەری لاوازیی سەربازی و ئابووری دەبەستن، بەم شێوەیە، ئەوان بەردەوام دیراسەكردنی دەوڵەتە بچووكەكان لە ڕوانگەی پاشكۆیەتی و لاوازییەوە دەستنیشان دەكەن، نەك لە ڕوانگەی هێز، كە مەسەلەی ئەوەی چۆن دەوڵەتە بچووكەكان دەتوانن لە سیستەمی نێودەوڵەتی بمێننەوە، كە دەستڕۆیشتوویی زلهێزەكان دیاری دەكات، دەوڵەتی بچووك زیاتر دەكەوێتە بەر فشارەوە، هەروەها ئەگەر زیاترە كە بوار بداتە فشارەوە، زیاتریش دیاریكراوە پەیوەست بە بژاردە كراوەكانی سیاسی و مل بنێت بۆ پەیوەندیی بەهێزتری نێوان كاروباری ناوخۆیی و دەرەكی، هەرچەند سامانی مرۆیی و ماددیی دەوڵەت كەم بوو، ئەوەندە زەحمەتییەكان لەسەری زیاد دەبن، ئەگەر بیەوێت پارێزگاری لە هەر بژاردەیەكی شیاوی سیاسی بكات، دواجار دەوڵەت هەرچەند قەبارەكەی بچووك بێت، توانای كەمتر دەبێت لە مانەوە وەك ئەندامی سەربەخۆ لە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

توێژەرانی دیكە لەو كاتەدا گەیشتنە سەرئەنجامگەلی جیاواز سەبارەت بە ڕەفتاری دەوڵەتە بچووكەكان، ئەوان دەڵێن: هەوڵدان

**دەوڵەتە بچووكەكان زۆر بێبەش بوون لە بواری سامانە ماددییە نەریتییەكان، بە شێوەیەک لە باشترین دۆخدا، ناكرێ سیاسەتی دەرەوەیان بەكار بهێنن، بەڵام وەک میكانیزمێكی كاریگەری ناڕاستەوخۆ بۆ سەر هێزە گەورەكان، نەک وەک ئامرازێک بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ كێشە نێودەوڵەتییەكاندا**

**زۆر لە توێژەران بۆ تێگەیشتنیان لە دەوڵەتە بچووكەكان پشت بە پێوەری لاوازیی سەربازی و ئابووری دەبەستن، بەم شێوەیە، ئەوان بەردەوام دیراسەكردنی دەوڵەتە بچووكەكان لە ڕوانگەی پاشكۆیەتی و لاوازییەوە دەستنیشان دەكەن، نەک لە ڕوانگەی هێز**

**زانستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان ئاماژەی كردووە كە ڕەفتاری دەوڵەتە بچووكەكان دیاردەیەكی كاردانەوەیە، كە ڕەفتاری دەوڵەتە گەورەكان لە سیستەمی نێودەوڵەتی زیاتر دیاری دەكات**




بۆ بێلایەنی کارێکی مەترسیدارە بۆ دەوڵەتە بچووکەکان و توانای ئەو دەوڵەتانە بۆ مانەوە مەرجدارە بە بەکارهێنانی لۆژیکانە لە هاوپەیمانییەکان و ڕاهاتن لەگەڵ هێزە گەورەکان.

زانستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئاماژەی کردووە کە ڕەفتاری دەوڵەتە بچووکەکان دیاردەیەکی کاردانەوەیە، کە ڕەفتاری دەوڵەتە گەورەکان لە سیستەمی نێودەوڵەتی زیاتر دیاری دەکات لە میانی خودی دەوڵەتە بچووکەکان، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە زانایان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە دەوڵەتە بچووکەکان دەکرێ هێزێکی سیاسەتی دەرەکی لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا بەدەست بهێنن، (هێزگەلێکی لاواز)ی دیاریکراو هەن کە توانا بە دەوڵەتە بچووکەکان دەبەخشن، بەرهەڵستیی زلهێزانی جیهان بکەن. جا بە ڕێکردن لەگەڵ چەمکەکانی واقیعی نەریتیی دەسەڵات، سەپاندوویەتی کە (هێزی لاواز) یەکێکە لە ئەرکەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی.

هۆکاری سەرەکیی (هێزی لاوازەکان) لە پەیوەندییەکانی نێوان خودی زلهێزەکان سەرچاوەی گرتووە، تەنانەت بۆ خۆشیان، هێز کاڵایەکی دەگمەنە و پێویستیان پێی دەبێت، کاتێك دەکەونە ململانێیەکی مەترسیدارەوە و پێویستیان بە (هاوپەیمانە بچووکەکان) دەبێت، کە جەخت دەکەنە سەر کۆمەڵێکی بچووکی بەرژەوەندییە زیندووەکان و هەندێ جاریش بە ڕێگای نائاسایی هەڵسوکەوت دەکەن، بە شێوەیەکی گشتی ڕەفتاریان کاریگەریی دەبێت بۆسەر سەقامگیریی سیاسەتی نێودەوڵەتی، لەبەر سەرکەوتنی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کاروباری دەرەکیدا، زۆرجار وا پێویست دەکات بکەوێتە ژێر باری ئارەزووگەلی دەوڵەتە بچووکەکان لەپێناو پاراستنی جەختکردنەوە لەسەر ئامانجە فرە جیۆستراتیژییەکانیان، بەم شێوەیە، دەوڵەتە بچووکەکان دەتوانن جۆرێکی دیاریکراو لە (هێزی لاوازەکان) لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەدەست بهێنن.

تیۆری واقیعبینی نوێ (تیۆری کینیس والتز) بووە بە نموونەیەکی تیۆریی بنەڕەتی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ دیراسەکردنی کێشەی دەوڵەتە بچووکەکان، هەروەها ئەولەوییەتی شیکردنەوە بدرێتە سیستەمی نێودەوڵەتی لەکاتی دیراسەکردنی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتە بچووکەکان، چونکە دیاریکەرە ناوخۆییەکانی سیاسەتی دەرەکی کەمتر لە دەوڵەتە لاوازەکاندا دەردەکەون، سیستەمی نێودەوڵەتی کەمتر بوار بەجێ دەهێڵێت بۆ هەڵبژاردن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار.

کەواتە دەکرێ ڕەفتاری دەوڵەتی بچووک لەمیانی شیکردنەوەی هەیکەلبەندیی سیستەمی نێودەوڵەتی لێك بدرێتەوە، پەرەپێدانی کردەیی سیاسی لە دەوڵەتە بچووکەکان وا دیارە کە

**تیۆری واقیعبینی نوێ (تیۆری کینیس والتز) بووە بە نموونەیەکی تیۆریی بنەڕەتی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ دیراسەکردنی کێشەی دەوڵەتە بچووکەکان**

**دیاریکەرە ناوخۆییەکانی سیاسەتی دەرەکی کەمتر لە دەوڵەتە لاوازەکاندا دەردەکەون، سیستەمی نێودەوڵەتی کەمتر بوار بەجێ دەهێڵێت بۆ هەڵبژاردن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار**

**زۆربەی توێژەران کۆکن لەسەر بیرۆکە هاوبەشەکە بەوەی کە دەوڵەتی بچووک توانای گەورەتری هەیە لە مانۆڕی سیاسەتی دەرەوەدا بەو توانا و داهاتەی هەیەتی**

لە توانای لێکدانەوەی تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان زیاترە، زانایانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێویستیان بە فراوانکردنی تێگەیشتنیان هەیە تایبەت بە چۆنێتی کارلێك لەگەڵ فاکتەرەکان لەسەر ئاستی سیستەم و یەکبوونیان.

هەندێ لە زانایان جەختیان کردووەتەوە سەر بیرۆکەیەك کە دەوڵەتە بچووکەکان وەك (پێشەنگی ئاسایی کارەکان)ـن، لەمیانی بە نموونەییکردن و بەهێزکردنی ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی ئەو یاسایانەی لەگەڵ ڕەفتاری دەوڵەتدا گونجاون، بەڵام هەندێکی دیکە جەختیان کردووەتەوە سەر بیرۆکەی کە دەوڵەتە بچووکەکان وەك (ویژدانی نێودەوڵەتی)ـن، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە کێشەکانی گۆڕینی کەش و هەوا، ئەوانی دیکە جەختیان کردووەتەوە سەر ئەوەی چۆن چەمکی (ناسنامەی دەوڵەت)یارمەتی دەدات لە لێکدانەوەی ئەو سرووشتەی سیاسەتی دەوڵەت دەگۆڕێت لە ماوەی دوای شەڕی سارد، بە شێوەیەك کە دەوڵەتە بچووکەکان لەگەڵ سیستەمی تازەدا بگونجێن.

لەوەتەی بە تایبەتیش سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم گەنگەشەکان تایبەت بوون بەوەی کە دەوڵەتە بچووکەکان دەستەوەسان نین لە کارلێك لەگەڵ کاروباری نێودەوڵەتی. بە شێوەیەك کە دەوڵەتی بچووك دەتوانێت سیاسەتی دەرەکی دابڕێژێت کە هەوڵ بدات بۆ شکاندنی ئەو تێڕوانینە دیاریکراوانە لەوەی کە دەوڵەتی بچووك دەتوانێت چ بکات، یان پێویستە بیکات، ئەگەر ستراتیژیگەلێکی گونجاوی هێزی زیرەك و نەرم بگرێتە بەر، زۆربەی توێژەران کۆکن لەسەر بیرۆکە هاوبەشەکە بەوەی کە دەوڵەتی بچووك توانای گەورەتری هەیە لە مانۆڕی سیاسەتی دەرەوەدا بەو توانا و داهاتەی هەیەتی.

دەرئەنجام:

لە کاتێکدا زەحمەتە بە تەواوی چۆنێتیی دەوڵەتی بچووك لەسەر ئاستی تیۆر دەستنیشان بکەین، بەڵام لە ڕووی کردەییەوە، وا دیارە جیهان بایەخی پێ دەدات، دەوڵەتە بچووکەکان هاوپەیمانیگەلی تایبەتیان پێکهێناو زۆرجار هاوکاریی یەکدی دەکەن بۆ وتووێژکردن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، دەدان بە زۆر دەوڵەتدا دەنرێت کە دەنگی کاریگەرن لە بوارەکانی کێشە دیاریکراوەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بۆ گۆڕینی کەش و هەوا بۆ بەهێزکردنی مافەکانی مرۆڤ.

دەتوانرێت ئەمانە هەموویان لە ناوچەی زەریای هێمن ببیندرێن، ناوچەیەکە بە تەواوی لە دەوڵەتە بچووکەکان پێکدێت، ناوچەیەکە گۆڕانکاری لە سیاسەتی نێودەوڵەتی بەخۆیەوە دەبینێت، لە سەرکەوتنی چین و دابەزینی ڕێژەیی هەژموونی ویلایەتە یەککگرتووەکان، بۆ گرنگیی زیاتری دیپلۆماسییەتی گۆڕینی کەش و هەوا و دەرهاویشتە جیۆسیاسییەکانی پەتای COVID-19.

لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بە مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، زۆر لە سەر دەوڵەتە بچووکەکان پێشکەش نەکراوە، پێداچوونەوەی فراوانی توێژینەوەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە لەسەر دەوڵەتە بچووکەکانە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زۆرجار وا لێك دەدرێتەوە کە ئەو دەوڵەتانە شتێکن بە گوێرەی ئەوان هەڵسوکەوت دەکرێت، لە جیاتی ئەوەی لایەنی کارای سیاسی بن.

لەوەتەی سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا، توێژینەوەکانی تایبەت بە دەوڵەتە بچووکەکان پێشکەوتنێکی بەراوردکاریان بەخۆیانەوە دیوە، هەندێ لە زانایان مشتومڕیانە کە دەوڵەتە بچووکەکان لاوازو بێ هێز نین، کە بۆ ماوەیەکی زۆر وا لێك دەدرایەوە.

لەگەڵ بەردەوامبوونی پەرەسەندنی سیاسەتەکانی سەدەی بیست و یەکەم و بەردەوامبوونی دەوڵەتە بچووکەکان لە بەرەوڕووبوونەوەی تەحەددی و دەرفەتە تازەکان، وا دەخوازێت کە سیستەمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دیراسەیەکی دەوڵەتە بچووکەکان بکات، کە خاڵین لە هاوبەندەکانی نموونە تیۆرییەکانی کلاسیك کە ماوەیەکی زۆرە باڵادەستن.

لە ئێستا بەو لاوە، دەکرێ ئەم جۆرە فراوانبوونە لە تایبەتمەندیی ئاسۆکانی شیکردنەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئەرێنییانە پەرەبسێنێت، چ لە ناوچەی زەریای هێمن، یان لە دەرەوەی، بە تایبەتیش بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەو جۆرە توێژینەوانەی لە دەست داوە.

**دەوڵەتە بچووکەکان هاوپەیمانیگەلی تایبەتیان پێکهێناو زۆرجار هاوکاریی یەکدی دەکەن بۆ وتووێژکردن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، دەدان بە زۆر دەوڵەتدا دەنرێت کە دەنگی کاریگەرن لە بوارەکانی کێشە دیاریکراوەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بۆ گۆڕینی کەش و هەوا بۆ بەهێزکردنی مافەکانی مرۆڤ**

**لەوەتەی سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا، توێژینەوەکانی تایبەت بە دەوڵەتە بچووکەکان پێشکەوتنێکی بەراوردکاریان بەخۆیانەوە دیوە، هەندێ لە زانایان مشتومڕیانە کە دەوڵەتە بچووکەکان لاوازو بێ هێز نین، کە بۆ ماوەیەکی زۆر وا لێك دەدرایەوە**

## خشتەیەك بە (٣٠) بچووكترین دەوڵەت لە جیهاندا بەپێی ژمارەی دانیشتووان

| | ناوی دەوڵەت | ژمارەی دانیشتووان بە هەزار |
|---|---|---|
| ١ | Vatican ڤاتیكان | ٠,٨ |
| ٢ | Tuvalu توڤالو | ١١ |
| ٣ | Nauru ناورو | ١٣ |
| ٤ | Belau بالاو | ٢٢ |
| ٥ | San Marino سان مارینۆ | ٣٣ |
| ٦ | Monaco مۆناكۆ | ٣٨ |
| ٧ | Liechtenstein لیختنشتاین | ٣٨ |
| ٨ | Marshall Islands دوورگەكانی مارشال | ٥٣ |
| ٩ | Saint Kitts and Nevis سانت كیتس و نیڤیس | ٥٥ |
| ١٠ | Dominican دۆمانیكان | ٧٤ |
| ١١ | Andorra ئەندۆرا | ٧٧ |
| ١٢ | Seychelles دوورگەكانی سیشیل | ٩٥ |
| ١٣ | Antigua and Barbuda ئەنتیگوا وبەربودا | ١٠١ |
| ١٤ | Micronesia دوورگەكانی میكرۆنوسیا | ١٠٥ |
| ١٥ | Tonga تۆنغا | ١٠٧ |
| ١٦ | Grenada گرینادا | ١٠٧ |
| ١٧ | Saint Vincent and the Grenadines سانت ڤینیسێ و گرینادین | ١١٠ |
| ١٨ | Kiribati كریباتی | ١١٠ |
| ١٩ | Saint Lucia سانت لوسیا | ١٧٨ |
| ٢٠ | Sāmoa ساموا | ١٩٥ |
| ٢١ | São Tomé and Príncipe ساوتومێ و پرینسیپ | ٢٠٠ |
| ٢٢ | Vanuatu ڤانواتو | ٢٧٠ |
| ٢٣ | Barbados باربادۆس | ٢٨٥ |
| ٢٤ | Island ئایسلندا | ٣٣٤ |
| ٢٥ | Belize بلیزا | ٣٦٧ |
| ٢٦ | The Bahamas دوورگەكانیبەهاما | ٣٩١ |
| ٢٧ | Maldives ماڵدیف | ٤١٧ |
| ٢٨ | Brunei برونای | ٤٢٣ |
| ٢٩ | Malta ماڵتا | ٤٣٧ |
| ٣٠ | Cabo Verde كەیپڤەرد | ٥٤٠ |

سەرچاوە: Der neue Fischerweltmanch, 2018

## خشتەیەك بە ٣٠ بچووكترین دەوڵەت لە ڕووی ڕووبەر

| | ناوی دەوڵەت | ڕووبەر كم |
|---|---|---|
| ١ | Vatican ڤاتیكان | ٠,٤٤ |
| ٢ | Monaco مۆناكۆ | ٢ |
| ٣ | Nauru ناورو | ٢١ |
| ٤ | Tuvalu توڤالو | ٢٦ |
| ٥ | San Marino سان مارینۆ | ٦١ |
| ٦ | Liechtenstein لیختنشتاین | ١٦٠ |
| ٧ | Marshall Islands دوورگەكانی مارشال | ١٨١ |
| ٨ | Saint Kitts and Nevis سانت كیتس و نیڤیس | ٢٧٢ |
| ٩ | Maldives مالدیف | ٣٠٠ |
| ١٠ | Malta ماڵتا | ٣١٦ |
| ١١ | Grenada گرینادا | ٣٤٥ |
| ١٢ | Saint Vincent سانت ڤینیسێ | ٣٨٩ |
| ١٣ | Barbados باربادوس | ٤٣٠ |
| ١٤ | Antigua and Barbuda ئەنتیگوا وبربودا | ٤٤٢ |
| ١٥ | Seychelles دوورگەكانی سیشیل | ٤٥٧ |
| ١٦ | Andorra ئەندورا | ٤٦٨ |
| ١٧ | Belau بالاو | ٤٩٠ |
| ١٨ | Saint Lucia سانت لوسیا | ٦١٦ |
| ١٩ | Micronesia دوورگەكانی مایكرۆنیسا | ٧٠٠ |
| ٢٠ | Singapura سینگافورا | ٧١٩ |
| ٢١ | Tonga تونگا | ٧٤٧ |
| ٢٢ | Dominican دومانیكان | ٧٥٠ |
| ٢٣ | Bahrein بەحرەین | ٧٧١ |
| ٢٤ | Kiribati كریباتی | ٨١١ |
| ٢٥ | São Tomé and Príncipe ساو تومێ وبرینسیپ | ١٠٠١ |
| ٢٦ | Comoros دوورگەی قەمەر | ١٨٦٢ |
| ٢٧ | Mauritius مورسیۆش | ٢٠٤٠ |
| ٢٨ | Luxemburg لوكسمبۆرك | ٢٥٨٦ |
| ٢٩ | Sāmoa ساموا | ٢٨٤٢ |
| ٣٠ | Cabo Verde كەیپڤەرد | ٤٠٣٣ |

سەرچاوە: Der neue Fischerweltmanch, 2018



**دکتۆر فازڵ نەبی**
بریکاری پێشووی وەزارەتی دارایی عێراق و شارەزا و پسپۆڕی دارایی و ئابووری بۆ گوڵان:

# خاڵی بەهێزی ئابووریی کوردستان وەبەرهێنانە لە بواری کشتۆکاڵ و پیشەسازی

# پێویستە ڕەشنووسی پڕۆژە یاسایەک بۆ کۆنترۆڵکردنی داهاتەکان ئامادە بکرێت

**گۆڕانکاریی و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراق و کاریگەرییەکانی لەسەر پرسە ئابوورییەکان و ئەو جموجووڵ و بووژانەوە ئابوورییەی لە وەبەرهێناندا لە هەرێمی کوردستان دەبیندرێت؛ تەوەری سەرەکیی گفتوگۆی گۆڤاری گوڵان بوو لەگەڵ فازڵ نەبی بریکاری پێشووی وەزارەتی دارایی عێراق.**

*** سەرەتا با لە پرسی ئابووریی هەرێمی کوردستانەوە دەست پێ بکەین، وەبەرهێنانیکی زۆر گەورە لە کوردستان دەبینریت، ئەوەشی جێگەی دڵخۆشییە وەبەرهێنانی ئەم جارە لە پڕۆژەی گەورە دەکرێت و، کەمتر لە کەرتی نیشتەجێکردنە، ئایا تا چەند ئەم ئاراستەی وەبەرهێنانە بناخەی ژێرخانێکی پتەو بۆ ئابووریی هەرێمی کوردستان دروست دەکات؟**

- ئابووریی هەرێمی کوردستان بە دامەزراندنی کارگە و پڕۆژە کشتوکاڵییەکان دەبووژێتەوە، تەنانەت لە بواری پیشەسازیی نەوت و بەرهەمهێنانی سووتەمەنییەکانی وەکو نەوتی سپی و بەنزین و غازدا بە خاڵی گرنگی بەهێزبوونی ئابووریی کوردستان دادەنرێت، بۆ ئەوەی چیتر ئابوورییەکەمان پشت بە داهاتی ناردنە دەرەوەی نەوتێکی خاو نەبەستێت، کە بەردەوام نرخەکەی لە بازاڕە جیهانییەکاندا سەقامگیر نییە. بەدیهێنانی ئاسایشی خۆراك بە دامەزراندنی کارگە گەورەکانی پیشەسازیی خۆراك زامن دەبێت، نەك بە پشتبەستن بە بازرگانییەکی تاك لایەنەی هێنانی خۆراك و کاڵا و پێداویستییە سەرەکییەکان،. لەم ڕووەوە هاندانی وەبەرهێنەران بەرەو کەرتە بەرهەمهێنەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی ئاراستەیەکی ڕاست و دروستە و بەرەو پاراستنی ئاسایشی خۆراکی هەنگاو دەنێین و، ئەوەندە پارە و داهاتی ئەم وڵاتە ناچێتە دەرەوە و هەلی کارێکی باش و گونجاویش بۆ گەنجەکانمان مسۆگەر دەکەین. من پێشتریش لە ڕێگای گۆڤارەکەتانەوە باسی ئەوەم کردووە کە دەبوایە بەرهەمەکانی شیرنەمەنی ماست و پەنیر و قەیماغ و دۆ و دەیان بەرهەمی دیکەی کوردستان، هەناردەی وڵاتانی دراوسێ و جیهانمان بکردایە، جێگای داخە بەپێی ئەو زانیارییانەی من هەمە، ئاراستەکردنی ئابووریی کوردستان بەرەو ئابوورییەکی پیشەسازیی لەسەرخۆ بەڕێوە دەچێت، ئەمەش بۆ چەند ئاستەنگێکی بەردەم سەرمایەدارانی کوردستان دەگەڕێتەوە، بۆیە دەبێت ئاستەنگەکانی یاسایی و ڕێنماییەکان هەڵگیرێت و ئاسانکاری و پاڵپشتییان بکرێت، چونکە دواجار حکومەتیش سوودمەند دەبێت لە بەکارهێنانی کەرەستەی خاوی نێوخۆیی و دانانی باج و بەگەڕخستنی گەنجەکان و ئاودیونەکردنی سامان و سەرمایەی ئەم هەرێمە بۆ بانك و پڕۆژەکانی دیکە لە دەرەوەی وڵات.

**بەدیهێنانی ئاسایشی خۆراک بە دامەزراندنی کارگە گەورەکانی پیشەسازیی خۆراک زامن دەبێت، نەک بە پشتبەستن بە بازرگانییەکی تاک لایەنەی هێنانی خۆراک و کاڵا و پێداویستییە سەرەکییەکان**

*** لایەنێکی دیکەی گرنگ بۆ بووژانەوەی ئابووری و خستنەگەڕی دەستی وەبەرهێنان فەراهەمکردنی سەقامگیریی ئاسایش و**



**دەبوایە بەرهەمەکانی شیرنەمەنی ماست و پەنیر و قەیماغ و دۆ و دەیان بەرهەمی دیکەی کوردستان، هەناردەی وڵاتانی دراوسێ و جیهانمان بکردایە**

**سەقامگیری سیاسییە، پیشتر لە هەرێمی کوردستان سەقامگیریی ئاسایش بوونی هەبووە، بەڵام ئێستا ئەوە لە هاوکێشەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەخوێندرێتەوە کە بەرەو سەقامگیرییەکی باشی سیاسی دەچین، لەمەش زیاتر ئاراستەکە بەو جۆرەیە دوای ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنی ئەمجارە پارتی و یەکیتی وەك تیم دەچنەوە بەغدا، ئایا لێکتێگەیشتنی پارتی و یەکێتی وەك هۆکارێك بۆ سەقامگیریی سیاسی و حکوومی لە کوردستاندا، تا چەند دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ بووژانەوەی ئابووری و ڕێکخستنەوەی داهاتەکان و وەگەڕخستی وەبەرهێنانی زیاتر؟**

- لە کوردستان و هەموو دنیاش پرسی سەقامگیریی سیاسی فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ بووژانەوەی ئابووری؛ هەموو ئەو وڵاتانەی سەقامگیریی سیاسییان تێدایە، نەك تەنیا بزنێس و سەرمایەداری نێوخۆیی پارەکانیان دەخەنە کار و پرۆژەی گەورە ئەنجام دەدەن، بەڵکو سەرمایەی بیانیش ڕووی لەو وڵاتانە کردووە. من ناتوانم بڵێم ئەم سەقامگیرییە سیاسییە لەکوردستان بوونی نییە، سەقامگیریی سیاسی هەیە، ڕاستە لە کوردستان حزبی سیاسی زۆرە، بەڵام دوو حزبی سەرەکی پارتی و یەکێتی خاوەن نفووز و دەسەڵاتن، خۆ ئەگەر پارتی و یەکێتی تەماشای بەرژەوەندیی گشتیش نەکەن، بەرژەوەندی خۆیان وادەخوازێت لە مەسەلە چارەنووسسازەکان و پرسە گرنگەکاندا هەمیشە پێکەوە بن و لەگەڵ یەکتردا ڕێککەوتن بکەن، لایەنی ئارامی و ئەمنییش خاڵێکی گرنگی دیکەیە لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر بەراورد بکرێت بە ناوچەکانی دیکەی وەکو مووسڵ و ناوەڕاست و خوارووی عێراق، بۆیە سەقامگیریی سیاسی و پاراستنی ئارامی و ئاسایش لە هەرێمی کوردستان خاڵی ڕاکێشانە بۆ سەرمایەداران و بەگەڕخستنی وەبەرهێنان.

*** هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئابووری و ڕێکخستنەوەی داهاتەوە، ئەوەی لێ دەخوێندریتەوە کە بەرەو ئیکتفای زاتی هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەمەش بەو مانایەی**




**ئەگەر یاسای بودجەی فیدراڵیش جێبەجێ نەکرێت، حکومەتی هەرێم بتوانێت مووچە و بودجەی خۆی دابین بکات، ئایا بۆ ئەوەی ببینە خاوەنی ئیکتفای زاتیی خۆمان، وەك شارەزایەکی ئابووری و دارایی پێشنیارەکانت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن دەبن؟**

- پرسەکانی کۆکردنەوەی داهات و چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی بابەتێکی زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی ڕێگری لە بەهەدەردانی داهات بکرێت، خۆشبەختانە حکومەت لە پرۆسەی چاکسازیدا کاری لەسەر کۆنترۆڵکردنی داهاتەکان کردووە، واتە دوای دەرچوونی یاسای چاکسازی لە پەرلەمانی کوردستان حکومەت لەسەر زۆر ڕووی خەرجییەکانەوە چاکسازی ئەنجام داوە، لە بواری چاکسازیی داهاتەکانیشەوە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەشنووسی پرۆژە یاسایەك بۆ پەرلەمان بەرز بکاتەوە، لەسەر کۆنترۆڵکردنی داهاتەکان و پاڵپشتیی یاسایی بۆ چاکسازی لە داهاتەکاندا بە دەست بهێنێت و، لە قۆناغی کاری میدیایی دەربچێت، بەوەی لە فلان خاڵی سنووری و مەرز داهات نەگەڕاوەتەوە و داهاتی فلانە سێکتەر دیار نییە، ئەم یاسایەش بۆ هەموو بوار و سێکتەرەکانی داهات دەبێت بە داهاتی نەوتی و نانەوتیشەوە. هەموومان ئەم واقیعە باش دەزانین، تا ئەم ساتەش حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی تەواوی بە سەر هەموو خاڵە سنوورییەکاندا نییە و لە هەموو خاڵە سنوورییەکان گەندەڵی دارایی بوونیان هەیە، ئەمەش دەستێکی پۆڵایینی دەوێت بۆ ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر هەموو داهات و خاڵە سنوورییەکان و مەلەفی نەوت و غاز هەبێت.

**هەموو ئەو وڵاتانەی سەقامگیریی سیاسییان تێدایە، نەک تەنیا بزنێس و سەرمایەداری نێوخۆیی پارەکانیان دەخەنە کار و پرۆژەی گەورە ئەنجام دەدەن، بەڵکو سەرمایەی بیانیش ڕووی لەو وڵاتانە کردووە**

*** پێناچیت حکومەتی داهاتووی عێراق بە زوویی پێکبهێنرێت، هەندێك لە چاودێرانی سیاسی وای دەبینین زۆر زەحمەتە لە شەش مانگی یەکەمی ٢٠٢٢ حکومەت پێکبهێندرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتێکی کاربەڕێکەر لە بەغدا مامەڵە دەکات، ئایا پەیوەندییەکان وەك ئێستا دەمێننەوە، یان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، بەتایبەتی کە ئێستا هێزەکانی حەشدی شەعبی ئاکامەکانی**

**هەڵبژاردن ڕەت دەکەنەوە؟ لەم پرسیارە مەبەستمان ئەوەیە ئایا گوشارەکانی حەشد ناسەقامگیریی تەواو لە حکومەتەکەی کازمیدا دروست ناکات؟**

- زۆربەی خەڵك مەترسیی ئەوەیان هەیە کە بەرەی شیعەی دەسەڵاتدار بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون، بەرەیەکی تەنیا تەیاری سەدرە، بەرەکەی دیکە ناویان لێناوە (الاطار التنسيقي لكتل الشيعية- یان بەرەی هەماهەنگیی حزبە شیعەکان)، ئەم دوو بەرەیە لە ڕووی سیاسی و دەسەڵاتەوە جیاوازن. بۆ نموونە: بەرەی دووەم لە ڕووی سیاسییەوە لاوازن، بەڵام لە ڕووی سەربازییەوە بەهێزن، بەڵام وەلایان بۆ ئێران هەیە، بۆیە ئەمریکا زۆر پشتگیریيان ناکات، بەپێچەوانەی بەرەی سەدرەوە، هەرچی بەرەی یەکەمە کە حەشدی شەعبی هەیە، ناتوانن گرفتی گەورە بخولقێنن، چونکە بە خوڵقاندنی کێشەی گەورە زیانیان زیاتر دەبێت لە قازانجیان. هەموومان دەزانین بەرەی سەدر جگە لە پێگە جەماوەرییەکەی چەکدار و حەشدی شەعبیی خۆیان هەیە، حکومەت زیاتر بەلای ئەم بەرەیەوە دەچێت و پشتگیریی سەقامگیری دەکات. لە بەر ئەم هۆکارانە زۆر لایەنی وەك ئەمریکا و ڕۆژئاوا و ئێرانیش لەگەڵ تێکچوونی ئەم سەقامگیرییە نین، پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: ئایا پێکهێنانی حکومەتی عێراق زوو دروست دەبێت یان دوا دەکەوێت؟ کێ دەتوانێت ئەو هەموو بەرە دژە بگەیەنێتە یەك و حکومەتێکی یەکگرتوو پێکبهێنێت و بە دڵی هەموو بەرەکانی شیعە و پێکهاتەکانی دیکەی سوننە و کورد بێت؟ لێرەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا ئیشکالیاتی لەگەڵ بەردەوامیی ئەو ٢٠٠ ملیار دینارە دەبێت کە بە داخەوە مافێکی زۆر زۆر کەمی هەرێمی کوردستانە، لەمەشدا من پێم وایە تا کۆتایی ئەمساڵ ١٠٠٪ ئەو ٢٠٠ ملیار دینارەی بەغدا بۆ هەرێمی کوردستان دێت و تا پێکهێنانی حکومەتی عێراقیش بەردەوام دەبێت، ئەمەش لەبەر یەك هۆکاری سەرەکی، چونکە لایەنە سیاسییەکانی بەغدا نایانەوێت کێشە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دروست بێت و، هەموویان چاویان لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە هاوپەیمانێتییان لەگەڵ بکەن، بۆیە ئەگەرێکی زۆرە ئەو ٢٠٠ ملیار دینارە بەردەوام بێت و، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەو داهاتە نەوتی و نانەوتی و بارودۆخە ئابوورییەکەی زۆر بەئاسانی دەتوانێت مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆران بێ لێبڕین بدات و، پرۆژە ڕاوەستاوەکانیشی وردە وردە بە پلانی نوێ دەست بە جێبەجێکردنیان بکاتەوە.

*** وەك دەزانن لایەنی کوردستانی بەپێی بەرنامەی حکومەتی داهاتوو بەشداری پرۆسەی دانوستاندنەکانی داهاتوو بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق دەکات، دیارە یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی حکومەتی داهاتووش سەبارەت بە کوردستان، پشکی بودجەی کوردستان و داڕشتنی یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵییە، ئەگەر ئەندامی شاندی دانوستاندنی کوردستان بیت، چۆن تەعامول لەگەڵ ئەم دوو خاڵە گرنگە بۆ بەرژەوەندیی کوردستان دەکەیت؟**

- با هەر دوو خاڵەکە لە یەك خاڵ کۆبکەینەوەو ناوی لێ بنێین خاڵی ئابووریی هەرێمی کوردستان، ئێمە سێ خاڵی سەرەکیمان لەگەڵ بەغدا هەیە: (خاڵی ئابووری بە هەر دوو بڕگەکەیەوە، نەوت و دارایی، خاڵی ناوچە جێناکۆکەکان و خاڵی پێشمەرگە)، ئەمجارە شاندی دانوستانکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت سەرجەم ئەو خاڵانە بچەسپێنێت و نابێت بە چارەسەری کاتی و بەنج ڕازی بێت، پێشتر بە چارەسەری کاتی بەنج کراوین و دواتر چارەسەرەکەش کاتی بووە، لەبەر ئەوەی وردە وردە هەرێمی کوردستان ئیکتیفای خۆی بەدەست دەهێنێت و، ژمارەی کورسیی کورد زیادی کردووە، ئەوانیش زۆر پێویستیان بە هاوپەیمانێتی کورد هەیە، کاتی پێداگری لەسەر چارەسەرە بنەڕەتییەکانی بە تایبەتی ئەو سێ خاڵە هەیە، دەبێت تەنیا بەڵێن وەرنەگرین، بەڵکو پێویست بچینە ناو خاڵەکانی چۆنیەتی و کاتی جێبەجێکردنیشەوە. منیش لەگەڵ ئێوە هاوڕام، دەبێت خاڵی ئابووری ڕیزبەندی پێ بدرێت، چونکە دوو خاڵەکەی دیکە ئیشکالیات و گرفتی زۆری تێدایە و لایەنی ئابووری پەیوەندی بە قووتی خەڵکەوە هەیە. پێویستە شاندی دانوستانکاری هەرێم بە وریایی و شارەزایی بچێتە ناو گفتوگۆکانی

**حکومەت لە پرۆسەی چاکسازیدا کاری لەسەر کۆنترۆڵکردنی داهاتەکان کردووە، واتە دوای دەرچوونی یاسای چاکسازی لە پەرلەمانی کوردستان حکومەت لە سەر زۆر ڕووی خەرجییەکانەوە چاکسازی ئەنجام داوە**

**تا ئەم ساتەش حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی تەواوی بە سەر هەموو خاڵە سنوورییەکاندا نییە و لە هەموو خاڵە سنوورییەکان گەندەڵی دارایی بوونیان هەیە**

**تا کۆتایی ئەمساڵ ١٠٠٪ ئەو ٢٠٠ ملیار دینارەی بەغدا بۆ هەرێمی کوردستان دێت و تا پێکهێنانی حکومەتی عێراقیش بەردەوام دەبێت**

**لایەنە سیاسییەکانی بەغدا نایانەوێت کێشە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دروست بێت و، هەموویان چاویان لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە هاوپەیمانێتییان لەگەڵ بکەن**



چارەسەرکردنی هەردوو خاڵی یاسای نەوت و غاز و لایەنی دارایی، بۆ ئەمەش وا پێویست دەکات، لە ئێستاوە کار بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسێك بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو ڕەشنووسە بخرێتە گفتوگۆکانەوە و دانوستاندنی لەسەر بکرێت و بە هەندێك گۆڕانەوە لە پەرلەمانی داهاتوو پەسەند بکرێت. دواتر خاڵی بودجە دێت، کە هەمیشە بەستراوەتەوە بە خاڵی نەوتەوە، بە چارەسەری کێشە سەرەکییەکە کە نەوتە، گرفتی دارایی ئۆتۆماتیکی ڕوو لە چارەسەرکردن دەکات. ئەمە پێی دەوترێت نەخشە ڕێگای چارەسەرکردنی ناکۆکییە ئابوورییەکان.

*** ئەگەر قسەیەك لەسەر بەرزبوونەوەی بەهای نەوت و گازی سرووشتی بکەین، کە کوردستان ئێستا خاوەنی هەردووکیانە، ڕات وایە چۆن بەرزبوونەوەی نرخی نەوت گاز ئیستیسمار بکرێت بۆ ئەوەی لەکاتی هاتنەخوارەوەی بەهاکانیان وەك دەوڵەتیکی ڕەیعی نەوت، نەکەوینە کارەساتەوە؟**

- بەهای جیهانیی نەوت و غاز لە ژێر کۆنترۆڵی وڵاتان و هیچ کەسێکدا نییە، هۆکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئابووری و موزارەبەی هەیە، نابێت ئێمە دڵخۆش بین بەو نرخانەی ئێستای بەرمیلێك نەوت بۆ سەرووی ٨٦ دۆلار و زیادبوونی زیاترە. ئەرکی حکومەتە بە پارەی زیادەی نرخی نەوتی خاو وەبەرهێنان بکات و، تەنیا پشتی بە داهاتی نەوت و خاڵە سنوورییەکان نەبێت و، سەرچاوەی داهات جۆراوجۆر بکرێت و، بە جددی ڕوو لە پیشەسازیی پترۆکیمیاوی و بەرهەمهێنانی سووتەمەنی بکات، داهاتی زیاد دەخرێتە خزمەتی پیشەسازی و بونیاتنانی ژێرخانی ئابووریی هەرێمەوە، نەك زیادکردنی خەرجییەکانی.

**پێویستە شاندی دانوستانکاری هەرێم بە وریایی و شارەزایی بچێتە ناو گفتوگۆکانی چارەسەرکردنی هەردوو خاڵی یاسای نەوت و غاز و لایەنی دارایی**



یادگار مەحموود
کاندیدی دەرچووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی بۆ پەرلەمانی عێراق:

# سەرکەوتنی پارتی لە سلێمانی ژیانەوەی بیرە نەتەوەییە خۆرسکەکەی بوو

**هەڵبژاردنی ١٠ی ئۆکتۆبەری ڕابردوو بۆ پەرلەمانی عێراق ئەو ڕاستییەی ئاشکرا کرد، پارتی دیموکراتی کوردستان پێگەیەکی جەماوەری نەك تەنیا لە بازنەکانی هەولێر و دهۆك هەیە، بەڵکو (لە مووسڵ و دەشتی نەینەوا و کەرکووك و گەرمیان و سلێمانی)یش خاوەنی نفووز و پێگەی خۆیەتی، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و گرنگیی یەکڕیزیی نێوماڵی کورد، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی یادگار مەحموود کاندیدی دەرچووی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پەرلەمانی عێراق کرد.**

*** سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکەی عێراق و بە تایبەتی بەدەستهێنانی ژمارەیەکی زۆری دەنگ لە سنووری پارێزگای سلێمانی تا چەند بۆ پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کوردستان لە بەغدا گرنگ بوو؟**

- سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو براوەی یەکەمی هەڵبژاردنی پێش وەختەی پەرلەمانی عێراق و بەدەستهێنانی ٣٣ کورسی وێڕای ئەوەی قەبارەی ئەم پارتەی وەکو گەورەترین حزب لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق نیشان دا، پێویستیی کوردستانیانی بە سەرۆك بارزانی لە پارێزگاریکردنی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دووپات کردەوە، بۆ ئەوەی کورد لەگەڵ هەردوو پێکهاتەی شیعە و سوننەدا لە پێگەیەکی بەهێزەوە مامەڵە بکات و، پارێزگاریی لە هاوبەشی و هاوسەنگی و پێکەوەژیان بکات. سەبارەت بە تەوەری دووەمی پرسیارەکەشتان؛ بەڵێ گەڕانەوەی ڕۆڵ و پێگەی جەماوەری پارتی دیموکراتی کوردستان لەم زۆنەی سلێمانیدا بۆ ئەم قۆناغە هەستیارە زۆر پێویست بوو، چ لە ڕووی نێوخۆییەوە، یان لە ڕووی دەرەکییەوە بێت. لە سلێمانی سەردەمێکی زۆرە پارتی و پارتیبوون لە ژێر هەڕەشە و ئیرهابی فکریدا بووە، لە کاتێکدا سلێمانی بە شاری هەڵمەت و قوربانی و فکری نەتەوەیی و هزری نیشتمانپەروەری بەناوبانگە، پۆپۆلیستەکان بە سوودوەرگرتن و ئیستغلالکردنی مەینەتی و نارەزایەتی و بێزاریی خەڵکی ئەم زۆنە توانییان نفووزی خۆیان زیاد بکەن و، ململانێیەکی ناشیرین و قێزەوەنیان دژی پارتی و پارتییەکان کردو، نەیاندەویست پارتی حزبێکی جەماوەری و فراوان بێت و، هەمیشە لە نفووزی پارتی لەم زۆنەدا دەترسان، لە کاتێکدا بزووتنەوەیەکی وەکو گۆڕان خۆیشی لە ناو دەسەڵاتی حکومەتە خۆجێیەکە بوو، کەچی خۆی وەکو هێزێکی ئۆپۆزسیۆن نمایش دەکرد، پارتی هیچ پۆست و ئیمتیازاتێکی حکوومی و ئەمنی و سەربازی و دەسەڵاتێکی جێبەجێکاریی لەم ناوچەیەدا نەبوو، کەچی ئۆباڵی مەینەتییەکانی خەڵکی سلێمانیان دەخستە سەرشانی پارتی، زۆر لەو هێزە شەعبەوییانە خوازیار بوون پارتی بە لۆکاڵی لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا بمێنێتەوە، نەك وەکو ئێستا پەل و پۆپی بەرەو مووسڵ و دەشتی نەینەوا و کەرکووك و گەرمیان و سلێمانی بچێت، ئەمجارە پارتییەکانی سلێمانی سەلماندیان کە زۆر لە ئیرهابی فکری و هەڕەشە بەهێزترن و پێگەی خۆیان لەناو کادیر و ئەندامەکانیانەوە بەرەو دەنگدەرە خۆڵەمێشی و بێلایەنەکان فراوان کرد و، خەڵکی ئێرە چیتر بە موزایەدەی گواستنەوەی شکستەکانیان بۆ پارتی لە خشتە نابرێن. نەهامەتی و خراپیی خزمەتگوزاریی و بژێوی ژیانیان و تەشەنەکردنی گەندەڵی و قۆرخکاری و قاچاخچێتی و بەهەدەردانی سامانی گشتی لەلایەن حوکمڕانە خۆجێیەکانەوە، کە دواتر وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەربچن، ڕووی داوە. ئەوە بوو لە ٨ی تەمموز یەکێك لە هاوسەرۆکەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە ڕوونی و ئاشکرایی پەردەی لەسەر ڕاستییەکان هەڵدایەوە و هەموو بەڵگەکانی خستەڕوو بە بوونی ئەو هەموو کەموکورتی و گەندەڵی و پاوانخوازی و تیرۆری فکری و تاوانە کە پارتی بە دوور و نزیك پەیوەندیان پێوەی نەبووە. پارتی دیموکراتی

**پارتی هیچ پۆست و ئیمتیازاتێکی حکوومی و ئەمنی و سەربازی و دەسەڵاتێکی جێبەجێکاریی لەم ناوچەیەدا نەبوو، کەچی ئۆباڵی مەینەتییەکانی خەڵکی سلێمانیان دەخستە سەرشانی پارتی**

**زۆر لەو هێزە شەعبەوییانە خوازیار بوون پارتی بە لۆکاڵی لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا بمێنێتەوە، نەک وەکو ئێستا پەل و پۆپی بەرەو مووسڵ و دەشتی نەینەوا و کەرکووک و گەرمیان و سلێمانی بچێت**

**هەموو پێشبینی و ئەگەرەکان بەرەو ئەوە دەچن، پارتیبوون لە سلێمانی جێگای فەخر و شانازیی بێت و زیاتر گەشە بکات**

سەرۆک بارزانی توانیویەتی ناسنامە بۆ گەلی کوردستان لە ناوچەیەکی پڕ لەکێشمەکێش و نائارام دروست بکات و، لە کیانێکی نادەوڵەتدا مامەڵەی دەوڵەتبوون بۆ هەرێمەکە لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا دروست بکات

لەم هەڵبژاردنەدا بە هاوشێوەی ناوچەکانی دیکەی عێراق ژمارەیەکی زۆری حزب و لایەنگری ئێران، یان ئەوانەی وەکو سوپای پاسداران بیر دەکەنەوە، ڕوویان لە کەمی کرد

**پارتی وێستگەی حزبایەتی بەجێهێشتووە لە داڕشتنی نەخشە ڕێگای عێراق و ناوچەکەدا ڕۆڵی خۆی هەیە**

کوردستان دەنگەکانی خۆی لە پارێزگای سلێمانی بەدەست هێنایەوە و هەموو پێشبینی و ئەگەرەکان بەرەو ئەوە دەچن، پارتیبوون لە سلێمانی جێگای فەخر و شانازیی بێت و زیاتر گەشە بکات، مادام کەسایەتییەکی کاریزمای وەکو سەرۆك بارزانی ئاراستەی دەکات، بەرەو خزمەتکردنی میللەت و دۆزە ڕەواکەی گەلی کورد ئەوا پارتی هەر بەرەو بووژانەوە و بەهێزتر دەچێت.

*** سلێمانی شاری خەبات و قوربانیدان بووە و لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و شۆڕشەکانی گوڵان و ئەیلول پێگە و قورسایی خۆی هەبووە، دوابەدوای ئەو گۆڕانکارییانەی لە ژمارەی دەنگەکانی زۆر حزب و بزووتنەوەی پۆپۆلیستی ڕووی دا، ئایا دەتوانین بڵێین دانیشتووانی سلێمانی پێگە و ڕۆڵی گەورەی خۆیان لە پرۆسەی سیاسی و سەقامگیریی هەرێم و پرسە نەتەوەییەکان زیاتر دەبێت؟**

- سلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانییە و لە پێش ڕیفراندۆم و لە کاتی ڕیفراندۆمیشدا ئەو پێگە نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییەی خۆی لە دەست نەداوە و، ئەو سیاسەت و هێڵ و ستراتیژییە نەتەوەییەی خودی سەرۆك بارزانی لە سیاسەت و مامەڵەی لەسەر ئاستی ئەو پەیوەندییەی هەیبوو لەگەڵ هزر و بیری نەتەوەیی سلێمانییەکان یەك دەگرێتەوە. من خۆم خەڵکی ئەم شارەم و خەڵکێکی زۆر دەناسم کە بێلایەنن و ڕێزێکی زۆریان بۆ ڕابەری نەتەوەیی و ئازادیخوازیی سەرۆك بارزانی هەیە و، وەسفی بەوە دەکەن کە هزری نەتەوەیی و خزمەتکردنی نیشتمان و هاونیشتمانیان بیروباوەڕێکی جێگیرە و لە زەمەنی مەلا مستەفا بارزانی-یەوە بوونی هەیە، لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا هەموو ئەو پرەنسیپە دیموکراسییانەی کە لە جیهانی ئازادی و دیموکراتییەدا بوونی هەیە، لێرە تەوسیف کراوە. بێگومان سەرۆك بارزانی توانیویەتی ناسنامە بۆ گەلی کوردستان لە ناوچەیەکی پڕ لەکێشمەکێش و نائارام دروست بکات و، لە کیانێکی نادەوڵەتدا مامەڵەی دەوڵەتبوون بۆ هەرێمەکە لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا دروست بکات، لە ئاستی مۆدێرنە و پرەنسیپە دیموکراسییەکانی پێکەوەژیان و مافی نەتەوەیی کورد و هەموو پێکهاتەکاندا ڕۆڵی گەورە و فراوانی هەبووە و، جوانیی سیمای پێکەوەژیان و لێبووردەیی نێوان هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی کوردستان و شکۆیانی پاراستووە و، ئەو سەقامگیرییەی پاراستووە کە کلیلی بەدەستهێنانی هەموو خەون و ئومێدەکانی خۆشگوزەرانی و ژیانێکی شایستەی کوردە، بۆیە من پێم وایە ڕۆڵی سلێمانی لە پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی لە قۆناغی داهاتوو زۆر زیاتر دەبێت و ئەو حزب و لایەنە سیاسییانەی بەپێچەوانەوە هەڵسوکەوتیان کرد، کەمبوونەوەی ژمارەی دەنگدەران و کورسییەکانیان جوانترین بەڵگەیە کە چیتر سلێمانییەکان بە دروشمی ساختە و درۆ لە خشتە نابرێن.

*** بەرەی حەشدی شەعبی و هەموو ئەو هێزانەی دیکە کە ناوی خۆیان ناوە بەرەی موقاوەمە و سەر بە ئێرانن، پێگە و دەسەڵاتێکی زۆریان لە پارێزگای سلێمانی هەیە، ئایا تاچەند ئەم جارە دەنگەکانی ئەو حزبانەی نزیکن لە ئێران ڕووی لە کەمی کرد؟**

- پێش ٨ی تەمموز هەموو پارێزگای سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری تەسلیمی هلالی شیعە کرابوون، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی ژمارەی خانووی گەڕەکە کۆنەکانی شار بە ژمارەی فارسی دادەنران و خەڵکی دەرفێندران و ڕووداوەکانی ئەو دواییەش هەموو ئەم ڕاستی و بەڵگانەی هەڵماڵی و تەماع و پاوانخوازیی هێزەکانی سەر بە ئێرانی لە پارێزگای سلێمانی دەرخست، لەم هەڵبژاردنەدا بە هاوشێوەی ناوچەکانی دیکەی عێراق ژمارەیەکی زۆری حزب و لایەنگری ئێران، یان ئەوانەی وەکو سوپای پاسداران بیر دەکەنەوە، ڕوویان لە کەمی کرد. لە بەرامبەردا هێزێکی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان کە هەڵگری بیری نەتەوەییە هەموومان بینیمان کە چۆن هەڵیانکوتایە سەر بارەگاکانی پارتی و هێزەکانی وەکو یەکەکە و لایەنگرانی ئازاری پارتییەکانیان دەدا. گەڕانەوەی ڕادەستکردنی ئەم ناوچەیە بە هیلالی شیعی و ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو بیری نەتەوەییەی سلێمانییەکان نەك هەر ناگونجێت، بەڵکو بە توندی دژی ڕادەوەستنەوە.

*** باسی ئەوەت کرد پارتی دیموکراتی کوردستان لەم هەڵبژاردنەدا بۆ جارێکی دیکە لە پێگەی بەهێزی دەرەکی لە ناوخۆی عێراق و ناوچەکە و جیهان مایەوە، لەمەشدا کاریزمایی سەرۆك بارزانی ڕۆڵی خۆی هەبووە، ئایا پارتی چۆن لەم پێگە بەهێزە بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان و هەرێمەکە سوود وەردەگرێت؟**

- پێگەی بەهێزی سەرۆك بارزانی وای کردووە پارتی لە حزبێکی لۆکاڵییەوە دەربچێت بەرەو حزبێکی نالۆکاڵی، پارتی وێستگەی حزبایەتی بەجێهێشتووەو لە دارشتنی نەخشە ڕێگای عێراق و ناوچەکەدا ڕۆڵی خۆی هەیە. لەمەشدا پارتی پێویستی بەو بوونە بەهێزەیە بۆ ئەوەی لە بەغدا بەرگری لە داوای ڕەوای گەلی کوردستان بکات، ئەو داوایەی هاوخەباتی دوێنێ لە سوننە و شیعە لە یادیان کردووە و، بگرە دژایەتی دەکەن. پارتی لە ڕێگەی هێزی کاریزمای سەرۆك بارزانی و دیپۆماسیەتی بەهێزی سەرکردایەتییەکەی دەتوانێت لەبەغدا ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت بۆ بەدەستهێنانی تەواوی مافە ڕەواکانی گەلی کورد و کوردستان و بگرە لە پێکهێنانی حکومەت و لە دانوستانەکاندا سازش لە سەر هیچ مافێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستانی ناکات، ئەو سیاسەتەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ بەغدا پیادەی کرد، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بەوەی پارتی پارێزگاریی لە ناسنامەی میللەتی کورد و کوردستانییەکان و خەباتی میللەتی کورد دەکات. سەرکەوتنی پارتی ژیانەوەی ئەو بیرە نەتەوەییە خۆڕسکەی سلێمانییە، تەنانەت ئەو کاندیدانەی پارتی کە لە بازنەکانی ئەم زۆنەدا دەرنەچوون دەنگی زۆر باشیان هێناوە.

*** عێراق وەکو دەوڵەت و نادەوڵەت ئیشکالیاتی گەورەی لە فیدراڵیەت و دیموکراسی و پێکەوەژیان هەیە، ئایا ئێوە کاتێك دەچنە پەرلەمان چۆن لەناو ئەم کێشە گەورە و ئاڵۆزانەدا لە چوارچێوەی عێراقدا بەرگری لە مافی ڕەوای کورد دەکەن؟**


- سەرەتا دەبێت لێرەوە دەست پێ بکەین، پێویستە سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەکان لە ئاست ئەو متمانەیەی خەڵکی کوردستاندا بن و هەموویان لە ژێر چەتری سەرۆکایەتیی هەرێم کۆببنەوە و، لە پرەنسیپە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان یەکدەنگ و یەکڕیز بن. سەرجەم کاندیدە دەرچووەکان کاتێك دەچنە بەغدا دەبێت ڕەنگەکان وەلا بنێن و سەر بەهەر حزب و بیروباوەڕێك بن، دەبێت لە پێناو قەزییەی کورد و مافی کوردستانییەکاندا خەباتێکی مەدەنی و سیاسی بکەن. دەرئەنجامیش هەر کاتێك کورد یەکڕیز و یەکگوتاریی نێوماڵی خۆی بوو بێت، زۆرترین دەستکەوتی لە بەغدا و لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بەدەست هێناوە، بۆیە بە یەکگرتوویی دەتوانین بە سەر هەموو ئەو ئیشکالیات و کێشانەدا زاڵ بین. ناکرێت هەموو ئەو دەنگانەی بەدەست هاتوون، لەلایەن حزب و لایەنە سیاسییەکانەوە بە هۆی کێشە و گرفتی نێوخۆیی خۆمانەوە لە بەغدا بیدۆڕێنین، لەمەدا دروستبوونی هاوپەیمانەتییەکی کوردستانی بۆ یەکدەنگی و یەکڕیزیی نێوماڵی کورد گرنگە و دەبێتە هیوا و ئومێدێکی ئەم میللەتە. پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکان سەرقاڵی ئەو یەکڕیزی و یەکگوتارییەی پارتە سیاسییەکانی کوردستانە، ئومێدەوارم ئەو کارەساتەی لە خولی چوارەمدا بەسەر لایەنە کوردستانییەکاندا هات، دووبارە نەبێتەوە، کە هەر تەنیا بە ناو هەندێك پەرلەمانتار نوێنەرایەتیی گەلی کوردستانیان دەکرد و، تەنانەت حزب و لایەنە سیاسییەکانیشیان بەرامبەر بەم کەمتەرخەمییە زۆر ناجددییانە و نابەرپرسانە مامەڵەیان دەکرد، لە کاتێکدا ئەمانە بە ناوی کورد لە بەغدا بوون، ئومێدەوارم ئەم جارە بە یەکڕیزی بتوانین گەلی کورد سوود لەم دەستکەوتە وەربگرێت، کە کورد دەنگی کورسییەکانی زۆر بووە و دەتوانین بە هاوپەیمانێتییەکی نەتەوەیی حزوورمان لە ناو پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێکاریش هەبێت و، لایەنە سیاسییەکان بە هاوشێوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرپرسیارانە سیاسەت بکەن و، خۆیان لە دروشمی پۆپۆلیستی و موزایەدە و سازشکردن بە دوور بگرن و، لە سەر کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش ڕێکبکەوین و لەمەدا بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستان ڕەچاو بکەین.

**ئەو سیاسەتەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ بەغدا پیادەی کرد، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بەوەی پارتی پارێزگاریی لە ناسنامەی میللەتی کورد و کوردستانییەکان و خەباتی میللەتی کورد دەکات**

**پێویستە سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەکان لە ئاست ئەو متمانەیەی خەڵکی کوردستاندا بن و هەموویان لە ژێر چەتری سەرۆکایەتیی هەرێم کۆببنەوە و، لە پرەنسیپە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان یەکدەنگ و یەکڕیز بن**

**هەر کاتێک کورد یەکڕیز و یەکگوتاریی نێوماڵی خۆی بوو بێت، زۆرترین دەستکەوتی لە بەغدا و لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بەدەست هێناوە**

# دیمانەی تایبەت



تۆزۆن باهچەلی پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە کۆلێژی کینگ لە لەندەن، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ناوچەی بەلقان، هەروەها توێژەری سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و پەیوەندییەکانی تورکیا و یۆنانە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بەو گۆڕانکارییەی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا، کە لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵاتی کۆشکی سپی لەلایەن جۆ بایدن دروست بووە، هەروەها پرسی پێگەی تورکیا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەیوەندیی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان.

تۆزۆن باهچەلی
پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە کۆلێژی کینگ لە لەندەن بۆ گوڵان:

# ئەمریکا خوازیارە عێراق سەقامگیری بە خۆیەوە ببینێت

*** لەوەتەی جۆ بایدن بووەتە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مشتومڕێکی زۆر دەکرێت، لە بارەی ئەو گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕانەی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دروست بوون، بە تایبەتی کە سەرۆك جۆ بایدن هەمیشە جەخت لەسەر پابەندبوون بە پێکەوەکارکردن و پەنابردن بۆ دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەکاتەوە، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە و ئایا سەرۆکی ئەمریکا لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕێبازێکی تایبەت بە خۆی هەیە؟**

- ئەوەی لەم ڕووەوە دەتوانرێت بگوترێت و ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن ڕێچکە و ڕێبازێکی دیاریکراو و تایبەتی نییە کە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا گرتبێتیەبەر، بەڵام هەروەك ئێوەش لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێ کرد، ئەم ئیدارەیە پتر جەختی لەسەر کاری فرەلایەنی و دەستەبەرکردنی پشتیوانی بۆ هاوپەیمانەکان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی وەك ناتۆ و نەتەوە یەکگرتووەکان کردووەتەوە.

*** ئەی خوێندنەوە و شرۆڤەتان بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن چییە، بەتایبەتی سیاسەتی ئەم ئیدارەیە لە ئاست ناوچەیەکی پڕ لە کێشە و ئاژاوەی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ ئایا چ جیاوازییەکی گەورە و بنەڕەتی لە سیاسەتەکانی سەرۆك بایدن لەم بارەیەوە بەدی دەکرێت؟**

- لە ڕاستیدا تا ئەم ساتەوەختە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناڕوون و تەمومژاوییە، لەلایەکی دیکەوە لە ئێستادا قسە و باس و مشتومڕ دەکرێت لە بارەی پێویستیی بایەخدانی زیاتری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە پرس و کێشەکانی ئاسیاوە، ئەمەش

**پارتی حوکمڕانی تورکیا، چەندین ڕێکاری جددی گرتەبەر، بۆ برەودان بە دیموکراسی لە وڵاتەکەدا، بەو ئامانجەی بتوانێت مەرج و پێوەرەکان لە خۆیدا بەدی بهێنێت، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا وەک دەوڵەتێکی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا قبوڵ بکرێت**

**چەند وڵاتێکی سەرەکی، یان پێشەنگی نێو یەکێتی ئەورووپا، وەک فەرەنسا و ئەڵمانیا ئاماژەیان بەوە دەکرد کە ئەوان ڕازی نابن پێگەی ئەندامێکی تەواو لە نێو یەکێتیی ئەورووپادا بە تورکیا ببەخشن**

بەو واتایە دێت، کە گرنگیپێدان و تەرکیزی ئەمریکا لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەم دەبێتەوە. لەلایەکی دیکەوە، ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە هێشتا سەرۆک جۆ بایدن دەیەوێت ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا زیندوو بکاتەوە، دەیەوێت عێراق سەقامگیرییەکی زۆر بە خۆوە ببینێت، کار لەسەر پاشماوەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بکرێت لە هەردوو وڵاتی سووریا و عێراقدا، هەروەها مامەڵەیەکی هاوسەنگتر بکرێت لەگەڵ پرس و کێشەی فەلەستین-ئیسرائیلدا. لە پەیوەندی بە پرس، یان شەڕی یەمەنەوە، ئەوا لە سەرەتادا جۆ بایدن ویستی هەوڵەکانی ئاشتی بەگەڕ بخات بۆ کۆتاییپێهێنان و یەکلاکردنەوەی شەڕی ئەو وڵاتە، بەڵام دەبینین ڕەوتی ڕووداوەکان بەم ئاراستەیەدا نەڕۆیشتن و هێشتا شەڕ بەردەوامە لەو وڵاتەدا.

*** ئەگەر بێینە سەر باسی وڵاتی تورکیا، کە ئێوە شارەزای کاروبارەکانی ئەم وڵاتەن، ئەوا ئاشکرایە تورکیا وڵاتێکی خاوەن سەنگ و قورساییە لەم ناوچە پڕ لە پشێوی و ئاڵۆزەدا، کە ئێستا دەبینین ئەم وڵاتە سیاسەتێکی چالاکی گرتووەتەبەر لە ئاست پەرەسەندنەکانی دەوڵەتە دراوسێکانی، بەتایبەتی لە هەردوو وڵاتی عێراق و سووریا، ئێوە چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتی تورکیا دەڕوانن؟ ئایا پێتان وایە لە کوێدا ئەم سیاسەتە سەرکەوتوو بووە و لە کوێدا نەیتوانی ئامانجەکانی بپێکێت، یان بە گشتی کاریگەریی سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە لەسەر دراوسێکانی چی بوون؟**

- ئەوەی دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە لەم ساڵانەی دواییدا تورکیا لەژێر سایەی حزبی داد و گەشەپێداندا بە سەرۆکایەتیی ڕەجەب تەییب ئەردۆغان، چەند پەرەسەندن و سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێناوە لە پەیوەندییە دەرەکییەکانیدا لەگەڵ ناوچەکە و لەگەڵ ئەورووپا و تەنانەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش، کە مایەی ستایشکردن و سەرنجدان و هەڵوەستە لەسەرکردنن، ئەوە بوو تورکیا توانی بەرەو بە پەیوەندیی باش بدات لەگەڵ دراوسێکانیدا، جگە لە چەند حاڵەتێکی کەم نەبێت (کە پەیوەست بوون بە وڵاتی ئەرمینیا و قوبرسی یۆنانی)، هەروەها تورکیا هەنگاوی زۆر باشی هەڵگرت لە میانەی ئەو سیاسەتەی کە پێی دەگوترا سفر کێشە، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە سووریا دامەزراند، لە هەمان کاتدا بەرەوی بە پەیوەندییەکانی دا لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراقدا، ڕاستە باشبوونی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هاوشان و هاوکات بوو لەگەڵ خستنەگەڕی هەوڵەکانی ئەو وڵاتە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ناوخۆدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەم هەوڵانە بە ئاقارێکی دیکەدا ڕۆیشتن و، نەیانتوانی ئەنجامی خوازراو و چاوەڕوانکراو بەدی بهێنن، ئەوا پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەر بە باشی ماونەتەوە، دواتریش پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ سووریادا گۆڕانکاریی بەسەردا هات لە دۆستایەتییەوە بۆ دوژمنایەتی و بۆ پشتیوانیکردن لە ڕووخاندنی دەسەڵاتەکەی ئەسەد لە دوای دروستبوونی بەهاری عەرەبییەوە، کە ئەمەش هەڵەیەکی گەورە بوو و گران لە سەر تورکیا ڕاوەستا، چونکە ناچار بوو پشتیوانی لە موعارەزەی سووریا بکات، کە نەیتوانی دەسەڵاتی ئەسەد بڕووخێنێت، ئێستاش تورکیا دەستێوەردانی لەو وڵاتەدا کردووە و بووەتە لایەنێکی کارا و کاریگەر لە پرسی سووریادا.

*** ئەوەی لە ئێستادا جێی سەرنجە ئەوەیە کە چیتر بە چەشنی ڕابردوو مەسەلەی بوونی تورکیا بە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپادا ناورووژێندرێت و مشتومڕێکی کەمی لەبارەوە دەکرێت لە ناوخۆی ئەو وڵاتەدا، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن و، ئایا پێتان وایە بە یەکجاری ئەم دۆسییە داخراوە؟ ئایا هۆکارەکە وڵاتە ئەورووپییەکانن، یان ئەوە پارتی داد و گەشەپێدانە بە سەرۆکایەتیی ئەردۆغان کە نایەوێت هەوڵەکان بەم ئاراستەیەدا بخاتەوەگەڕ؟**

- ئەگەر ئێمە لەم پرسە ورد ببینەوە، ئەوا ئەوە بەدی دەکەین کە لە ساڵانی سەرەتای دەسەڵاتگرتنەدەستیدا، پارتی داد و گەشەپێدان هەنگاو و هەوڵی بەرچاوی هەڵگرت و، لە ئەنجامیشدا بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنێکی باش بەدی هێنرا لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و یەکێتی ئەورووپادا، چونکە بینیمان پارتی حوکمڕانی تورکیا، چەندین ڕێکاری جددی



گرتەبەر، بۆ برەودان بە دیموکراسی لە وڵاتەکەدا، بەو ئامانجەی بتوانێت مەرج و پێوەرەکان لە خۆیدا بەدی بهێنێت، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا وەك دەوڵەتێکی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا قبوڵ بکرێت و وەربگیرێت، بەڵام ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە بدەینەوە و پەنجە بخەینەسەر هۆکارەکانی پاشەکشەی پرسی بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا، ئەوا دەتوانین بڵێین هەردوولا بەشێك لە بەرپرسیارێتییەکە هەڵدەگرن، مەبەستم خودی تورکیا و هەندێ لە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپایە، چونکە لەلایەك پرۆسەی چاکسازی لە نێو خۆی تورکیادا دووچاری سستی و خاوبوونەوە بووەتەوە، بەتایبەتی چاکسازی سیاسی، لە هەمان کاتدا چەند وڵاتێکی سەرەکی، یان پێشەنگی نێو یەکێتی ئەورووپا، وەك فەرەنسا و ئەڵمانیا ئاماژەیان بەوە دەکرد کە ئەوان ڕازی نابن پێگەی ئەندامێکی تەواو لە نێو یەکێتیی ئەورووپادا بە تورکیا ببەخشن. کەواتە ئەوەی لەم ڕووەوە دەکرێت بگوترێت، (ئەویش بە حوکمدان لە لێدوان و هەنگاو و گوتاری دژ بە یەکێتی ئەورووپاوە) ئەوەیە کە پێ دەچێت ڕەجەب تەییب ئەردۆغان دەستی لە خەونی، یان پرۆژەی بەئەندامبوونی یەکێتی ئەورووپا هەڵگرتبێت، کەواتە ڕەنگە بە هەڵەدا نەچووبێتین ئەگەر بڵێین لە ئایندەیەکی دیار و نزیکدا تورکیا نابێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا، هەرچەندە هەندێ لە شرۆڤەکاران و چاودێران پێیان وایە هیچ کاتێك تورکیا نابێتە ئەندامی ئەو یەکێتییە.

*** ئێوە لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەتان بەوە کرد کە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراقدا یەکێکە لە سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونە ئەرێنییەکان، بەتایبەتی کە ئێستا ئەم پەیوەندییانە بناغەیەکی ئابوورییان بۆ دروست بووە و، ئاڵوگۆڕێکی گەورەی بازرگانی و بەرچاو هەیە لە نێوان هەردوولادا، چۆن لە ئایندەی ئەم پەیوەندییانە دەڕوانن و ئایا پێتان وایە ئەگەری ئەوە لە ئارادایە پتر بەرەوپێش بچێت؟**

- من هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، تورکیا و هەرێمی کوردستان توانیویانە پەیوەندییەکی باش لە نێوانیاندا دابمەزرێنن و درێژەشی پێ بدەن، سەرەڕای ئەوەی چەندین بارودۆخ و هەلومەرجی نەخوازراو لە دەوروبەریاندا ڕووی داوە، سەبارەت بە ئایندەی ئەم پەیوەندییانەش تێڕوانینی من ئەوەیە کە ئەم پەیوەندییانە زۆر بەتینتر و پتەوتر دەبن، ئەگەر بێت و حکومەتی تورکیا هەنگاوی گەورە و جددی بۆ مامەڵەکردن و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە وڵاتەکەیدا هەڵبگرێت.

**تورکیا و هەرێمی کوردستان توانیویانە پەیوەندییەکی باش لە نێوانیاندا دابمەزرێنن و درێژەشی پێ بدەن، سەرەڕای ئەوەی چەندین بارودۆخ و هەلومەرجی نەخوازراو لە دەوروبەریاندا ڕووی داوە**

دیمانەی تایبەت




گریگۆری ئەفتاندیلیان پسپۆڕی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە، وانەبێژە لە سکوولی پاردی بۆ دیراساتی جیهانی لە زانکۆی بۆستۆن. بۆ ماوەی پتر لە بیست ساڵ وەك شرۆڤەکاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە هەردوو وەزارەتی دەرەوە و بەرگریی ئیدارەی ئەمریکا کاری کردووە، هەروەها ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەی ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەنجومەنی پیران بووە. بۆ تاوتوێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن، بەتایبەتی لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئایندەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.

## گریگۆری ئەفتاندیلیان
پسپۆڕی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق پەرەسەندنێکی ئەرێنی بوو

*** لە ئێستادا ئەوەی لە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە هەوڵدەدات بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا، بەڵام ئاشکرایە کە بێ متمانەییەکی زۆریش لە نێوان هەردوو وڵاتی ئێران و ئەمریکادا هەیە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئیدارەی ترەمپ لە ڕێککەوتنەکە کشایە، لەگەڵ ئەوەشدا پێ دەچێت، بایدن سوور بێت لەسەر درێژەدان بە گفتوگۆکان لەم بارەیەوە، ئایا دەکرێت هیچ هەنگاوێکی دروستکردنەوەی متمانە لە نێوان ئەم وڵاتەدا بەدی دەکرێت؟**

- من لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بکەم بە ئەگەری ئەوەی کە ئیدارەی سەرۆک جۆ بایدن دەست بداتە گفتوگۆی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێراندا بۆ مەبەستی لابردن و هەڵگرتنی هەندێ لەو سزایانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەردەم و سەروەختی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپاندی، ئامانجی بایدنیش لەم کارە بریتی دەبێت لە کەمکردنەوەی دوژمنایەتیی نێوان ئەم دوو وڵاتە. هەرچۆنێک بێت، من پێم وانییە ئیدارەی سەرۆک جۆ بایدن بیەوێت سەرجەم سزاکان هەڵبگرێت، بەر لەوەی ڕێککەوتنێک لە بارەی پرسی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا بێتەئاراوە، چونکە کارکردن بەم شێوازە دەبێتە هۆی ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەندێ کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی لە پرۆسەی گفتوگۆکاندا هەبێت.

*** ئەگەر باس لە پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتی عێراق بکەین، ئەوا دەپرسین: ئایا بە تێڕوانینی ئێوە چ ئەگەرێك هەیە بۆ ئەوەی ئەم دوو وڵاتە برەو بە پەیوەندییەکی ستراتیژی و درێژخایەن، یان شەراکەتێکی بەهێز بدەن لە نێو خۆیاندا،**

**ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن، دەیەوێت عێراق ئارامی و ئاسایش بە خۆیەوە ببینێت و ئەم وڵاتە کەمتر تایەفەگەر بێت**

**بەتایبەتی کە دیالۆگی ستراتیژییان ئەنجام داوە، لەلایەکی دیکەوە ئایا باوەڕت وایە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە لە عێراقدا هیچ کاریگەرییەکی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە هەبێت؟**

- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن، دەیەوێت عێراق ئارامی و ئاسایش بە خۆیەوە ببینێت و ئەم وڵاتە کەمتر تایەفەگەر بێت، لە هەمان کاتدا شەڕی پاشماوەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بکات و، کارێك بکات ئێران ڕۆڵێکی کەمتری لەو وڵاتەدا هەبێت. ئەوەی پەیوەست بێت بە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەم دواییەی عێراقەوە، ئەوا بە تێڕوانینی من ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنانە پەرەسەندنێکی ئەرێنی بوون (سەرەڕای کەمیی ڕێژەی بەشداریکردن)، لەبەر ئەوەی ئەو پارتانەی پەیوەست بوون بەو میلیشیایانەی کە ئێران پشتیوانی لێ دەکرن، ژمارەیەکی زۆری کورسییان لە پەرلەمان لە دەست دا. هەرچۆنێك بێت، دەبێت ئەوەش لە یاد نەکەین، ئابووریی عێراق لە کێشە و گرفتدایە و سەخاوەتمەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش سنوورداره.

*** ئەوەی نکۆڵی لێ ناکرێت، ئەوەیە کە کێشە و ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیل- کە ئێوەش لە یەکێك لە وەڵامەکانتاندا ئاماژەتان پێ کرد- پرسێکی گەورە و درێژخایەنە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تا ئێستاش سەرجەم هەوڵەکان بە ئاراستەی چارەسەرکردنی سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە و بگرە نائومێدبوونیشیان لێ کەوتووەتەوە، ئێوە چۆن لە ئایندەی ئەم ناکۆکییە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر trووسکایی ئومێدێك مابێت لەم بارەیەوە ئەوەیە کە سەرکردایەتییەکی نوێ لە هەر دوو لاوە دروست بێت و بێتە ئاراوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلەوە، نەفتالی بێنێت، ئەوا ڕاستە ڕەفتار و هەڵوێستەکانی مایەی دروستکردنی دابەشبوون و دووبەرەکی نین بە چەشنی بنیامین نەتانیاهۆ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەسێکی سەر بە باڵی ڕاستڕەوەکانە و گومان دەکرێت لەوەی پشتیوانی لەو چارەسەرە بکات کە هێنانەئارای دوو دەوڵەت لە خۆدەگرێت. هەر کاتێك گانتز ببێتە سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل، ئەوا جۆرێك لە ئومێد دروست دەبێت بۆ ئەوەی بگاتە جۆرێك لە ڕێککەوتن لەگەڵ فەلەستینییەکاندا. ئەوەی پەیوەست بێت بە لایەنی فەلەستینییەوە، ئەوا من باوەڕم وایە کە پێویستە مەحموود عەباس دەست لە کار بکێشێتەوە، بۆ ئەوەی زەمینەخۆش بکات تاوەکو سەرکردایەتییەکی نوێ دەسەڵاتی فەلەستینی بگرێتەدەست. کەواتە ئەگەر سەرکردایەتیی پراگماتیی جێی مەحموود عەباس بگرێتەوە، ئەوا ڕەنگە ئومێدێك دروست بێت. لەبەر ئەوە ئەگەر بێت و ئەم دوو پەرەسەندنە ڕووبدات، ئەوا بۆی هەیە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن دەست بە هەوڵەکانی بکاتەوە بۆ خستنەوەگەڕی پرۆسەی ئاشتی، کە لە ئێستادا و لە سایەی ئەو بارودۆخەی لە ئارادایە، کارێکی لەم شێوەیە ئەنجام نادات، یان با بڵێین هەنگاوێکی لەم چەشنە هەڵناگرێت.

*** سەبارەت بە پەیوەندیی ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، بەتایبەتی وڵاتە عەرەبییەکاندا، ئەوا وەك ئاشکرایە لاتان کە ساڵێك زیاترە ڕێککەوتنی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتێکی عەرەبی بە تایبەتی لە ناوچەی کەنداودا واژۆ کراون، کە زۆر کەس پێیان وایە ئەم ڕێککەوتنانە درێژخایەنن و گۆڕانکاری و پەرەسەندنێکی ئەرێنین، تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەوە ڕاستە کە ئەم ڕێککەوتنانە، یان ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتی ئیسرائیل و هەندێ لە وڵاتە عەرەبییەکان بوونەتە هۆی برەودان و بووژاندنەوەی بازرگانی لە نێوان ئەم وڵاتانەدا، لە هەمان کاتدا و ئەوەی جێی سەرنجە لەم ڕووەوە ئەوەیە کە ئەم ڕێککەوتنانە مامەڵە و کارلێکی لە نێوان گەلەکانیشیاندا دروست کردووە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پەرەسەندنێکی ئەرێنییە. لەلایەکی دیکەوە ئەم ڕێککەوتننانەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییانە هیچ دەرئەنجامێکی ئەوتۆیان لێ نەکەوتووەتەوە لە پەیوەندی بە چارەسەرکردن، یان بەرەوپێشبردنی پرسی فەلەستین-ئیسرائیل.

*** کێشە، یان پەرەسەندنێکی دیکە کە لەم دواییەدا هاتەئاراوە، بریتی بوو لەو بارودۆخەی**

**ئەو پارتانەی پەیوەست بوون بەو میلیشیایانەی کە ئێران پشتیوانی لێ دەکرن، ژمارەیەکی زۆری کورسییان لە پەرلەمان لە دەست دا**

**ئابووریی عێراق لە کێشە و گرفتدایە و سەخاوەتمەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش سنووردارە**

**سەرکەوتنی خێرای بزووتنەوەی تاڵیبان و داڕووخانی حکومەت و سوپای ئەفغانی بەو خێراییە مایەی سەرسوڕمان بوو و لە ڕووی سیاسییەوە زیانی بە جۆ بایدن گەیاند**




**ئەفغانستان، بەتایبەتی لە دوای ئەوەی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن بڕیاری كشاندنەوەی هێزەكانی لەو وڵاتەدا دەركرد، ئەم بڕیارەش ڕەخنەیەكی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا، دوای تێپەڕبوونی ئەم ماوەیە چۆن لەو بڕیارە دەڕوانیت و ئایا پێت وایە ئەم ئیدارەیە لە هەوڵەكانی ئەمریكا بۆ كۆتاییهێنان بە شەڕە بێكۆتاییەكان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەردەوام دەبێت؟**

- ئێمە دەبێت ئەو ڕاستییە نادیدە نەگرین، كە خودی جۆ بایدن بۆ ماوەیەكی دوور و درێژ بەرهەڵستی «شەڕە بێكۆتاییەكان» بووە، لەبەر ئەوە بڕیارەكەی لەم ڕووەوە مایەی سەرسوڕمان نییە، بەڵام هەرچۆنێك بێت سەركەوتنی خێرای بزووتنەوەی تاڵیبان و داڕووخانی حكومەت و سوپای ئەفغانی بەو خێراییە مایەی سەرسوڕمان بوو و لە ڕووی سیاسییەوە زیانی بە جۆ بایدن گەیاند.

*** لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە لەلایەن تاڵیبانەوە گوزارشت لە نیگەرانییەكی زۆر كرا كە دووبارە ئەو وڵاتە دەبێتەوە مۆڵگەی پێگەیاندن و مەشقكردن بە تیرۆریستان و دەبێتە بنكەیەك بۆ پلاندانان بۆ هێرشكردنەسەر وڵاتان، بە تایبەتی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، واتە ڕێكخراوەكانی وەك داعش و ئەلقاعیدە جارێكی دیكە خۆیان ڕێكدەخەنەوە لەو وڵاتەدا، ئایا تا چەند ئەم نیگەرانییانە لە جێی خۆیاندا بوون؟**

- لە ڕاستیدا ئەمانە نیگەرانی ڕەوا بوون كە گوزارشتیان لێ كرا، بەڵام ئەگەر ئێمە بمانەوێت حوكم بدەین لەسەر ئەو ماوەیەی كە بزووتنەوەی تاڵیبان دەسەڵاتی گرتووەتەدەست، ئەوا پێ دەچێت تاڵیبان بیەوێت ئارامی و ئاسایش لە وڵاتەكەدا بێنێتەئاراوە و دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێت و شەرعیەتی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت. ئەمەش بەو مانایە دێت كە ئەلقاعیدە ناگرێتەخۆی، بەلای كەمەوە لە ئێستادا.

*** كەواتە دەكرێت لەم ڕووەوە بڵێین شەڕی ئەفغانستان كۆتایی هاتووە، بە واتایەكی دیكە دەكرێت بڵێین جارێكی دیكە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ناچار نابێت دەستێوەردان بكاتەوە لەو وڵاتەدا و دووبارە لە ڕووی سەربازییەوە تێوەبگلێت؟**

- ئەم مەسەلەیە پتر بەندە بەوەی بزووتنەوەی تاڵیبان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئافرەتان و كەمینەكاندا دەكات و، چۆن ڕێگری لە داعش دەكات. هەرچەندە ڕەنگە ڕێگریكردن لە داعش پەرەسەندنێكی ئەرێنی بێت، بەڵام زەحمەتە بتوانین وێنای ئەوە بكەین كە بزووتنەوەی تاڵیبان مافی یەكسان بە ئافرەتان و كەمینەكان دەدات. لەم ڕووەوە پێ ناچێت بەم زووانە پەیوەندییەكانی ئەمریكا و ئەفغانستان گەرموگوڕی تێ بكەوێت.

# ژینگە لەنێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و دەسەڵاتی هەرێمەکاندا

ماددەی ١١٤ لە دەستووری عێراق لە حەوت بواردا دەسەڵاتی هاوبەشی لە نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و دەسەڵاتی هەرێمەکاندا دیار کردووە، کە لە خاڵی (سێیەم)دا دەڵێت: «دانانی سیاسەتی ژینگەیی بۆ زامنکردنی پاراستنی ژینگە لە پیسبوون و پارێزگارییکردن لە خاوێنیی ژینگە، بە هاوکاری لەگەڵ هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی کە خۆیان لە هەرێمێکدا ڕێك نەخستووە». بەم پێیە کاتێك پەرلەمانی عێراق ڕەزامەندیی نیشان دا، بۆ چوونە نێو ڕێککەوتننامەی پاریس بۆ کەش و هەوا، ئەم هەنگاوە هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە.

ئێستا لە عێراقدا لیژنەیەکی باڵای تایبەت بە گۆڕانکاریی کەش و هەوا هەیە کە نوێنەری دەستەی ژینگەش ئەندامە تیایدا، هەر ئەویش سەرۆکی لیژنەی گۆڕانکاریی کەش و هەوایە لە هەرێمی کوردستان، کە ئەو لیژنەیەی هەرێمیش بە سەرۆکایەتیی نوێنەری دەستەی ژینگە و بە ئەندامێتیی نوێنەری ئەم لایەنانەیە:

یەکەم: نوێنەری هەر یەك لە وەزارەتەکانی: کارەبا، شارەوانیی، کشتوکاڵ، بازرگانی، پلاندانان، ناوخۆ، تەندروستی، گواستنەوە، سامانە سرووشتییەکان، ڕۆشنبیری و لاوان، خوێندنی باڵا، پەروەردە، ئەوقاف، دەستەی وەبەرهێنان.

دووەم: نوێنەرانی کەرتی تایبەت لە هەریەك لە ژووری بازرگانیی هەولێر، ژووری بازرگانیی سلێمانی، ژووری بازرگانیی دهۆك، ژووری بازرگانیی هەڵەبجە.


سێیەم: بەڕێوەبەرانی فەرمانگەی ژینگە لە هەر یەك لە فەرمانگەی ژینگەی هەولێر، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، فەرمانگەی ژینگەی دهۆك، فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان، فەرمانگەی ژینگەی ڕاپەڕین.

ئەم لیژنەیەی هەرێم ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی دەداتە لێژنەی کەش و هەوای عێراق لە ڕێگەی نوێنەری دەستەی ژینگەوە و کۆبوونەوەی دەورییان لە بەغدا و هەولێر هەیە.

لە ڕێگەی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە بەغدا، دیدگای دەستەی ژینگەمان داوەتە وەزارەتی ژینگەی عێراق کە لەم خاڵانە پێك دێت:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دەستەی ژینگەی هەرێمەوە پابەندە بە گشت ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی تایبەت بە پاراستنی ژینگە کە کۆماری عێراق واژۆی لەسەر کردووە و پابەندبوونی خۆی پێیانەوە ڕاگەیاندووە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە حکومەتی هەرێمی



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

کوردستان کاتێك بە ئەرکەکانی خۆی هەڵدەستێت، داوای ئەو مافانەشی دەکات کە ئەو ڕێککەوتننامانە دابینیان دەکەن.

٢- پەرەپێدان بە کاری لیژنەی گۆڕانکاریی کەش و هەوا لە هەرێم لە ڕێگەی:

+ یاداشتنامەی لەیەکگەیشتن لەگەڵ ژینگەی عێراق.

+ پەرەپێدان بە بەشی گۆڕانکاریی کەش و هەوا لە فەرمانگەی هونەریی دەستەی ژینگەی هەرێم.

+ سازدانی وۆرکشۆپی هاوبەش لەگەڵ ژینگەی عێراق.

+ هەماهەنگیی بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی گازەکانی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن و میسان لە ڕێگەی:

١- سوودوەرگرتن لە پارمەتییەکانی ڕێکخراوەکانی تایبەتمەندی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٢- گۆڕینەوەی داتا و زانیاری لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانییەکان.

٣- هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە ژینگەییە لۆکاڵییەکان.

٤- هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت.

٥- هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان بۆ گۆڕینی ستایلی بەکاربردن و مامەڵەی تەندروست لەگەڵ ژینگە.

٦- بەشدارییپێکردنی ژنان و لاوان لە پرۆسەی پاراستنی کەش و هەوا.

هەر لەم ڕوانگەیەوە نوێترین کاری هاوبەشی نێوان وەزارەتی ژینگەی عێراق و دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان بریتی بوو لە کۆنفرانسی (کۆمەکی دارایی نێودەوڵەتی و بازاڕی کاربۆن و کەمکردنەوەی دەردانی گازەکانی هۆکار بۆ قەتیسبوونی گەرمی)، ئەوەش بە ئامادەبوونی نوێنەرانی کۆمپانیای کاپیتاڵ ئینێرجی بەریتانی بوو لە هۆڵی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەولێر بە ئامادەبوونی ئێمە و هەریەك لە وەزیری ژینگەی عێراق بە وەکالەت و، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەك لە بەڕێوەبەرانی گشتی و نوێنەرانی وەزارەت و دەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە کۆمپانیای کاپیتاڵ ئینێرجیی بەریتانی وەك کاراکردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت بەنیازە کۆمەك بەو پرۆژانە بکات، کە لە بواری کەمکردنەوەی ئاسەوارە نەرێنییەکانی گۆڕانکاریی کەش وهەوا کار دەکەن.



## زەردەشت عەبدولخالق سەرسام

بەڕێوەبەری ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر بۆ گوڵان:

# ساڵی داهاتوو لە شاری هەولێر پڕۆژەیەکی ستراتیژیی ئاوەڕۆ جێبەجێ دەکرێت

**چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاوی و ئاوەڕۆ پرسێکی جددییە و بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێریش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پرسەدا ڕێکار و شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆ تیشک خستنەسەر وردەکارییەکانی ئەم کێشەیە و پلان و هەنگاوەکانی ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ زەردەشت عەبدولخالق سەرسام بەڕێوەبەری ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر ئەنجام دا.**

*** هەولێر وەك پایتەختی هەرێمی کوردستان بەو ئارامی و سەقامگیرییەی هەیەتی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خانوو و گەڕەکی تازەی تێدا بنیات دەنرێت، چۆن توانراوە کێشەکانی ئاوەڕۆ، بەتایبەتی ئاوی باران چارەسەر بکەن؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە هەر پرۆژەیەك لە هەر شەقام و گەڕەکێکی شاری هەولێر ئەنجام بدرێت، یەکەم شت پێویستی بە ئاوەڕۆ هەیە و، دەبێ ئاوەڕۆی بۆ دروست بکرێت، بەپێی تواناو ئیمکانیاتی ئەو بودجەیە کە لەبەردەستدا هەیە، بێگومان ئەو ئاوەڕۆیانەی لە ناو شار و گەڕەك و شەقامەکانی هەولێری پایتەختن، هەر هەموویان ئاوەڕۆی ئاوی بارانە و تا ئێستا ئاوەڕۆی ئاوی قورسمان نییە و، دیزاینی ئاوەڕۆیەکانیش بەپێی تۆبۆگرافیای شوێن و گەڕەکەکانە، واتە ئاوڕێژی ئاوەڕۆکان بەو ئاراستەیەن کە هەڵکەوتەی شوێنەکە هەیەتی و، ڕۆیشتنی ئاوی ئاوەڕۆکان بە ئاراستەی ئەو دۆڵ و کەندانەیە کە لە شارەکەدا هەبووە، ئەو ئاوەڕۆیانە هەندێکیان لە سەرەتای حەفتاکان و هەندێکیش لە ساڵانی هەشتاوە دروست کراون و پاشان ساڵانە تا ئێستاش هەر شەقام و شوێن و گەڕەکێك پێویستی بە ئاوەڕۆ هەبێت، خراوەتە بەرنامە و جێبەجێ کراون، ئێستاش هەر گەڕەکێکی تازە کە ئاوەدان دەکرێتەوە، دیزاین و دەرخستەی ئاوەڕۆیان بۆ دەکرێت و دەخرێتە بەرنامە و پلانی وەزارەتی دارایی، کە ئەوانیش بەپێی پلان و بودجەی بەردەستیان بودجە بۆ ئاوەڕۆکان تەرخان دەکرێت و، پرۆژەکان دەچێتە قۆناغی جێبەجێکردن، ئەگەر لە پلانی ئەو ساڵەش شوێنی پرۆژەکان دیاری نەکرابێت، ئەوا دەخرێتە پلانی ساڵای داهاتوو.

*** هەندێك گەڕەك ساڵانە لە وەرزی بارانبارینـدا کێشەی ئاوەڕۆ ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، وەك گەڕەکەکانی گڵکەند و سێتاقان و چەندین شوێنی دیکە، هەرچەندە ئەو گەڕەك و شوێنانە ئاوەڕۆی سندوقیشیان هەیە، بەڵام ئایا ئەمساڵیش هەمان ئەو حاڵەتە دووبارە دەبێتەوە؟**

- ئەو گەڕەکانەی ئاماژەتان پێدان گەڕەکی کۆنی هەولێرن، کە هەندێ لەو گەڕەکانە پێش ساڵانی حەفتاکان و هەندێکیشیان ساڵانی حەفتا و هەشتا دروست کراون، هەموو ئەو گەڕەکانە ئاوەڕۆیان وەك هەموو گەڕەکەکانی دیکەی هەولێر بۆ دروست کراوە، بەڵام ئەو فراوانبوونەی هەولێر وەك پایتەخت بەخۆیەوە بینیوە، پاڵەپەستۆیەکی تەواوی لەسەر ئاوەڕۆکانی شارەکە دروست کردووە، بەتایبەتی لەسەر ئەو گەڕەکە کۆنانەی کە هەیە، کە دیزاینی ئاوەڕۆیان بۆ ٤٠٠ خانوو دروست کراوە، ئەگەرچی ئێستا خانووەکانیان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و بەشی زۆری لە خانووی ئەو گەڕەکانە دابەشی دوو کراون، بەمەش گەڕەکەکە لە بری ٤٠٠ ماڵ بووەتە ٨٠٠ ماڵ و خانوو، لەلایەکی دیکەوە ئەو ئاوەڕۆیانەی لە ناو شاری هەولێر هەیە، وەك ئاماژەمان پێ دا، ئاوەڕۆی ئاوی بارانە، ئەگەرچی خەڵك و دانیشتووانی گەڕەکەکان ئاوی گەرماوەکان و زۆرجاریش ئاوی قورسی ماڵەکانیان خستووەتە سەر ئاوەڕۆکان، کە ئەمانەش وا دەکات قەبارەیەکی زۆر زیاد لە ئاو و ئاوی قورس بچێتە ناو ئاوەڕۆی گەڕەك و کۆڵانەکان، کە لە توانای وەرگرتنی ئاوەڕۆیەکان زۆر زیاترە، بۆیە فشار و پاڵەپەستۆیەکی زۆر زیاتر لەخۆی لەسەر ئاوەڕۆکان دروست دەبێت، لە ئەنجامدا ئاوەڕۆکان تووشی کێشە و گرفت دەبن و

**هەر گەڕەکێکی تازە کە ئاوەدان دەکرێتەوە، دیزاین و دەرخستەی ئاوەڕۆیان بۆ دەکرێت و دەخرێتە بەرنامە و پلانی وەزارەتی دارایی**

**ئەو فراوانبوونەی هەولێر وەک پایتەخت بەخۆیەوە بینیوە، پاڵەپەستۆیەکی تەواوی لەسەر ئاوەڕۆکانی شارەکە دروست کردووە**

**ئەو گەڕەک و شارانەی کە لەلایەن وەبەرهێنانەوە دروست کراون، هەر هەمووی ئاوەڕۆی ئاوی بارانیان هەیە و، یەکەی چارەسەریشیان بۆ چارەسەری ئاوی ئاوەڕۆیەکان بۆ دروست کراوە**

**لە سنووری ناو شاری هەولێر(١١٩٠)بیری ئاوی خواردنەوە هەیە، کە ژمارەیەکی زۆرە**

لە كاتی بارانبارینی بەلێزمەشدا، نەك تەنیا لەلای خۆمان، بەڵكو لە زۆربەی وڵاتانی دنیاش لەو كاتەدا لەو جۆرە شوێن و گەڕەك و كۆڵانانەدا ئاو لە سەر شەقامەكان كۆدەبێتەوە و، خەڵك وادەبینێت كە ئەوە لافاو دروست بووە، نەخێر ئەوە لافاو نییە، بەڵكو دیزاینی ئەو ئاوەڕۆیانەی لەو گەڕەكانەدا هەیە، كۆن بووە و بەرگەی ئەو هەموو ماڵ و بارانە بەخوڕانە ناگرێت، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو حاڵەتانەش ساڵانە دیراسەی ئەو گەڕەكانە دەكەین و دەست بە خاوێنكردنەوە و نۆژەنكردنەوەی سەرە مەنهۆڵ



و سەرەتای ئاوەڕۆ و ناو ئاوەڕۆكان دەكەین، بۆ ئەوەی كەمترین كێشە و كۆبوونەوەی ئاو لەو گەڕەك و شوێنانەدا ڕوو بدات.

*** لە ناو سنووری شاری هەولێر چەندین گەڕەك لە ڕێگای وەبەرهێنان و كەرتی تایبەتەوە جێبەجێ كراون، ئەو گەڕەكانە لەلایەن وەبەرهێنەرەكانەوە ئاوەڕۆیان بۆ كراوە، یان تەنیا سەری كۆڵان و گەڕەكەكان ئاوەڕۆیان هەیە، ئایا خزمەتگوزارییەكانی وەك ئاوەڕۆ لە سەریان مەرج نییە؟**

- پڕۆژەكانی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون، ئەوانەی لە سنووری پارێزگای هەولێر جێبەجێ دەكرێن، هەر هەموویان بەپێی ڕێنماییەكانی بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر لە دوای دروستكردنی دیزاینی ئاوەڕۆ و بڕیاردان بۆ جێبەجێكردنیان و، چۆنێتیی چارەسەركردنی ئەو ئاوەی كە لە ئاوەڕۆیەكانەوە دەرباز دەبێت لە كۆتای ئاوەڕۆیەكانەوە، ئەو گەڕەك و شارانەی كە لەلایەن وەبەرهێنانەوە دروست كراون، هەر هەمووی ئاوەڕۆی ئاوی بارانیان هەیە و، یەكەی چارەسەریشیان بۆ چارەسەری ئاوی ئاوەڕۆیەكان بۆ دروست كراوە، كە لەلایەن وەبەرهێنەرەكانەوە جێبەجێ كراون و لەلایەن ئێمەشەوە بەدواداچوون و سەرپەرشتی كراون.

*** شارێكی وەك هەولێر بەتایبەت كە پایتەختە، مافی ئەوەی هەیە كە خاوەنی پڕۆژەی ستراتیژیی ئاوەڕۆ بێت، چەندین ساڵە باس لەوە دەكرێت كە بۆ ئاوی قورس پڕۆژەی ئاوەڕۆ دیزاین كراوە و جێبەجێ دەكرێت، بڕیار بوو بەپێی ئەو پلان و دابەشكردنەی بۆ دیزاینەكە دانرابوو، بەشێكی بچێتە بواری جێبەجێكردنەوە، ئەمە بەچی گەیشت و چۆنە؟**

- لە ڕاستیدا چەند ساڵ پێش ئێستا بڕیار بوو لەلایەن ڕێكخراوی جایكای یابانییەوە بە قەرزی درێژخایەن ئاوەڕۆی قورسی شاری هەولێر دروست بكرێت، كە ئەو پڕۆژە گرنگ و ستراتیژییە دیزاین و ئامادەكاریی تەواوی بۆ كراوە و لە هەشت بەش پێك دێت، لە كۆتایی ئەمساڵدا تەندەر و دەرخستەكان كاریان تەواو دەبێت و جێبەجێكردنی پڕۆژەكە مەرجە كە كۆمپانیای یابانی بن و، لە ساڵی داهاتوودا بەشی یەكەم كە لە بەشی خوارووی هەولێرە، لە سنووری گەڕەكی نەورۆزەوە دەست پێ دەكات، و هەر بەشێكی پڕۆژەكە كە تەواو دەبێت، ئاوی حەمام و ئاوی قورسی ماڵەكان دەخرێتە سەر ئاوەڕۆیە قورسەكە و لەوێوە دەچێت بۆ وێستگەی ڕیسایكلین و چارەسەركردن، كە پاشان ئاوەكە بەكاردەهێندرێتەوە بۆ ئاودانی باخچە و پانتایی سەوزایی و دوورگەی شەقامەكان و پشتێنەی سەوزی شاری هەولێر، ئەو پڕۆژەیە بە تەواوبوونی هەر هەشت بەشی، زیاتر لە یەك ملیار دۆلاری پێویستە، بەڵام بەشی یەكەم لە پڕۆژەكە بە٣٠٠ ملیۆن دۆلار جێبەجێ دەكرێت، كە ٣٠ ملیۆن دۆلاری بۆ لیژنەی بەدواداچوون و سەرپەرشتیار و ڕاوێژكارییە.

*** ئایا پێویست بەوە ناکات کە پێش بارانبارین سەرەمەنهۆڵەکان (ئەوانەی نەماون بە هەر هۆکارێك بێت، یان شکاون) دابنرێتەوە و هەڵمەتی پاککردنەوەی مەنهۆڵ و ئاوەڕۆکانی ئەو شوێنانەی پێویستن، یان هەموو ئاوەڕۆکان پاك بکرێنەوە؟**

- ساڵانە لە ٩/١٥ پێش هاتنی وەرزی بارانبارین دەست دەکەین بە پاککردنەوەی ئەو دەرگاو چەمبەرانەی کە ئاوی لێ دەچێتە ناو ئاوەڕۆکان و، ئەو پیسی و زبڵ و خاشاکەی بەهەر هۆکارێك چووبێتە ناو ئاوەڕیەکان دەری دەهێنین و پشکنینی تەواوی سەرە مەنهۆڵەکان دەکەین، هەر مەنهۆڵێك سەری نەمابێت، یان شکابێت، ئەوە یەکێکی تازەی بۆ دادەنین، کە ئێستا سەری مەنهۆڵەکان قوفڵی هەیە و ناتوانرێت بە ئاسانی دەستکاری بکرێن، هەر چەمبەر و سەرەمەنهۆڵێك داخرابێت، یان بە چیمەنتۆ گیرابێت، ئەوە دەیکەینەوە و لەو شوێنانەی ئامێرەکانمان بتوانێت بچێتەناو ئاوەڕۆکان، زۆر بە جوانی پاکیان دەکەینەوە، بۆیە بەو کار و ئێشانە توانراوە ئاوەڕۆیەکانمان بەپێی پێویست کاری خۆیان بکەن و، لەکاتی بارانبارینیشدا تیمەکانمان لەگەڵ تانکەری تایبەت و پێویست لە ئامادەباشیدان بەتایبەت بۆ ئەو شوێنانەی کە ئاوەڕۆیەکان توانای تێدا ڕۆیشتنی ئەو ڕێژە ئاوەیان نییە، ئەوە لە ڕێگای تانکەرەکانەوە ئاوی زیاد لە ئاوەڕۆ و شەقامەکان دەگوازنەوە بۆ شوێنی دیاریکراو و دەرەوەی شار.

*** وەك خۆت زیاتر ئاگاداریت، ئەمساڵ بەهۆی وشکەساڵییەوە ئاوی ژێرزەوی بەتایبەتی حەوزی باکووری هەولێر ئاستی دابەزیوە، بەمەش چەندین بیر ئاستی ئاوەکانیان ١٥٠ تا ٢٠٠ مەتر دابەزیوە و چەندین بیریش وشکی کردووە، ئەمە چۆن چارەسەر کراوە؟**

- کەمیی بەفر و باران هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی، بەتایبەت لە سنووری پارێزگا و ناو شاری هەولێر، کە بە هۆی کەمیی بارن و بەفرەوە لە ماوەی دوو و سێ ساڵی ڕابردوودا ئاوی ژێر زەویی شاری هەولێر زۆر دابەزی، هەروەها لە سنووری ناو شاری هەولێر(١١٩٠)بیری ئاوی خواردنەوە هەیە، کە ژمارەیەکی زۆرە، ئەمساڵ ئاستی ئاوی ژێر زەوی بە گشتی لە ناو شاری هەولێر بەتێکڕایی (٣١)مەتر زیاتر دابەزی و گرفتی زۆری بۆ هەولێر دروست کرد، بەڵام لەسەر بڕیاری پارێزگاری هەولێر توانرا هەر کێشەیەکی تەکنیکی لە بیرەکاندا ئەگەر هەبێت چارەسەر بکرێن و، لەو شوێن و گەڕەکانەشی پێویست بووە بیری تازەیان بۆ هەڵکەندراوە، بەو کار و هەوڵانە توانرا لەو هاوینەدا زیاتر لە ٩٠٪ی کێشەی کەمئاوی لە شاری هەولێر چارەسەر بکرێت.

*** قسەیەك هەیە دەڵێت ئێمە وەك کوردستان بەتایبەت هەولێر کێشەی بڕی ئاومان نییە، بەڵام کێشەی ئیدارەدانی ئاومان هەیە، ئێوە لەو بارەوە چی دەڵێن؟**

- ئێمە دەتوانین لە وەرزی بەهار و زستان و پاییزدا ئاوی زیاتر گل بدەینەوە، چونکە خەڵك کەمتر پێویستی پێیەتی و ژمارەیەکی زۆر لە بیری گەڕەکەکان دەکووژێندرێنەوە، یان چەند کاتژمێرێکی کەم کاردەکەن، لەم وەرزانەدا ناردنی ئاوی بەرهەمهێنراو لە پڕۆژەی ئاوی ئیفرازی یەك و دوو و سێ زۆر کەم دەکەینەوە، بەڵام لە وەرزی هاویندا بەپێچەوانەوە ئاومان زۆر پێویست دەبێت، کە سەرەڕای ئەو هەموو ئاوەی دەنێردرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کە خەڵك دەست بە ئاوەوە ناگرێت و ئاوێکی زۆر بەهەدەر دەدرێت، بەهۆی نەبوونی تەوافە لەسەر تانکیی ئاوی ماڵان و ئاودانی باخچە و بەکارهێنانی بۆ فینکەرەوەکان و.. تاد، هەموو ئەوانەش هۆکارن بۆ ڕوودانی کەمئاوی، هەر بۆ نموونە: ئەگەر هەر ماڵێك دوو موبەڕیدە بەکاربهێنێت، ئەوە ڕۆژانە پێویستی تەنیا بۆ ئەو فێنککەرەوانە ١٢٠٠ لیتر ئاو هەیە و، چەندین هۆکاری دیکەی سەرفکردنی ئاو وا دەکات کە کێشەی کەمئاوی ڕووبەڕوومان ببێتەوە، بەڵام لە کاتێکدا خەڵك ئاو بەهەدەر نەدەن، ئەوە کێشەکە کەم دەبێتەوە و، بۆ چارەسەری کێشەی ئاو لە هەولێر، لە بەرنامەدایە پڕۆژەی ئیفرازی چوار لەلایەن کۆمپانیای بای وەتەری بەریتانی جێبەجێ بکرێت، کە ئەو پڕۆژەی ئاوە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا ٢٠٠ هەزار مەتر سێجا ئاو دابین دەکات، بەمە تا چەندین ساڵ کێشەی کەمئاوی لەهەولێر نامێنێت.

**ئەمساڵ ئاستی ئاوی ژێر زەوی بە گشتی لە ناو شاری هەولێر بەتێکڕایی (٣١)مەتر زیاتر دابەزی و گرفتی زۆری بۆ هەولێر دروست کرد**

**بەو کار و هەوڵانە توانرا لەو هاوینەدا زیاتر لە ٩٠٪ی کێشەی کەمئاوی لە شاری هەولێر چارەسەر بکرێت**

**خەڵك دەست بە ئاوەوە ناگرێت و ئاوێکی زۆر بەهەدەر دەدرێت، بەهۆی نەبوونی تەوافە لەسەر تانکیی ئاوی ماڵان و ئاودانی باخچە و بەکارهێنانی بۆ فینکەرەوەکان و.. تاد، هەموو ئەوانەش هۆکارن بۆ ڕوودانی کەمئاوی**

### شێف سومەیە سەعید:

# ئاواتم ئەوەیە کارەکەم گەورە بکەم و بە هۆی منەوە گەنجێکی زۆر بە هەردوو ڕەگەزەوە لە بێکاری ڕزگاریان بێت



شێف سومەیە سەعید لە دەستپێکی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە هەر لە منداڵییەوە حەزی لە دروستکردنی شیرینی و خواردن بووە، سەرەتا بە هۆی خراپیی باری داراییەوە هەوڵی کار کردنی داوە، یەکەمجار بە شەکری کوڵاو دەستی پێ کردووە و پاشان شیرینی و خواردن و تورشی بۆ کڕیارەکانی ئامادە کردووە، لە بارەی کارەکەشی گوتی: «بە هۆی ئەوەی هیچ شتێکی بەستوو، یان حارزکراوم نییە، هەمووی بەپێی داواکاری کڕیارەکانم دروست دەکەم، مشتەری خۆمم هەیە، سوپاس بۆ خوا خێزانەکەم هاوکاریی زۆرم دەکەن، بە تایبەت هاوسەرەکەم، لێرەوە سوپاسی دەکەم».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا وەکو خانمێکی گەنج لەو کارەی دەکەیت ئاوات و ئامانجت چییە و ئایا بیرت لەوە نەکردووەتەوە لە داهاتوودا کارەکەت گەورەتر بکەیت؟

**سومەیە سەعید خانمە شێفێکی گەنجی دانیشتووی کەلارە، ساڵی ١٩٩٣لە کەلار لە دایك بووە، وەك خۆی باسی دەکات لە پۆلی ١١ی ئامادەیی بە هۆی سەختیی ژیان و گوزەرانی خێزانەکەی وازی لە خوێندن هێناوە، لە ٢٠١٩ ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و دایکی کچێکە، لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باس لە ئەزموون و سەرەتای کارەکانی بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

گوتی: «چۆن بیرم لێ نەکردووەتەوە، هیوا و ئاواتم ئەوەیە ڕۆژێك شوێنێکی ئەوەندە گەورەم هەبێت، شیرینی و چێشتەکانم پێکەوە پێکەش بە کڕیارەکانم بکەم، لە ئێستادا بەهۆی ئەوەی کچەکەم بچووکە ناتوانم، بەڵام پشت بە خوا ڕۆژێك ئەو ئاواتەم دێتەدی. چونکە تاکە ئاواتم ئەوەیە کارەکەم گەورە بکەم و، بە هۆی منەوە گەنجێکی زۆر بە هەر دوو ڕەگەزەوە لە بێکاری نەجاتیان بێت.» گوتیشی: «بە تەنیا ئیشەکە دەکەم، بەڵام زۆرجار پیاوەکەم هاوکاریم دەکات، هاوکات زۆر زۆر سوپاسی دایك و باوکم دەکەم بە تایبەت، لە بەر ئەوەی هاوکاریی زۆرم دەکەن، هاوکاری و پاڵپشتیی ئەوان نەبێت، منیش ناتوانم بەردەوام بم».

شێف سومەیە لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە هاوسەرەکەت چ کارێك دەکات؟ ئایا بارودۆخی داراییتان چۆنە؟ گوتی: «هاوسەرەکەم شاگردە، بە هەردووکمانەوە کار دەکەین، کەچی بەشی خەرجیی ڕۆژانەمان ناکات، لە خانووی ماڵی باوکم دەژین، سوپاسی خوا دەکەم، کرێی خانوو نادەین، ئەگەر کرێچی بووینایە، دۆخی ژیانمان زۆر قورستر دەبوو.» لە بارەی کارەکەشی زیاتر گوتی: «سەرەتا کە دەستم پێ کرد، زۆر زەحمەت بوو، بەڵام سوپاس بۆ خوا لە بەر حەزم بۆ کارەکە سەرکەوتم و خەڵکیش زۆر پشتگیریم دەکەن، هەروەها خەڵکیش هەیە کارکردنەکەم بە عەیب دەزانێت، بەڵام من چونکە کارەکەم خۆش دەوێت، هەتا دێت زیاتر پێش دەکەوم. مایەی خۆشحاڵییە کە ئافرەتان لەسەر پێی خۆیان بوەستن، منیش بەم کارەم دەبم بە هاوکار بۆ خانمانی مامۆستایان و فەرمانبەران کە دەوامیان هەیە و خواردن و شیرینییەکانیان بە من دەسپێرن، چونکە ئەوان ئەو کاتەیان نییە، یان میوانی زۆریان دێت بە هەمان شێوە، من هەر خواردنێکیان بوێت بۆیان دروست دەکەم.» لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە لە چ ڕێگەیەکەوە خۆت بە کڕیاری خوردنەکانت ناساندووە؟ گوتی: «هەر لە ڕێگەی فەیسبووکەوە بەرەوپیش چووم،

ڕۆژانە وێنە و ڤیدیۆی کارەکانم لە ستۆری و فەیسبووك و ئینستا و سناپ چات دادەنێم، بەڵام زۆربەیان لە فەیسبووك داوای خورادەمەنییەکانم دەکەن.» دواپرسیاریش ئەوە بوو: ئایا سەرەتا کەس ڕێگری لە کارەکانت نەکردووە؟ لە وەڵامدا گوتی: «بەڵێ، پیاوەکەم حەزی نەدەکرد، زۆر جار ئەیوت خەڵك قسەی باش ناکەن، بەڵام من سوور بووم و دەبێت پشت بە خۆت ببەستی».

**سوپاس بۆ خوا خێزانەکەم هاوکاریی زۆرم دەکەن، بە تایبەت هاوسەرەکەم، لێرەوە سوپاسی دەکەم**

**ئاواتم ئەوەیە ڕۆژێک شوێنێکی ئەوەندە گەورەم هەبێت، شیرینی و چێشتەکانم پێکەوە پێکەش بە کڕیارەکانم بکەم**

**لە خانووی ماڵی باوکم دەژین، سوپاسی خوا دەکەم، کرێی خانوو نادەین، ئەگەر کرێچی بووینایە، دۆخی ژیانمان زۆر قورستر دەبوو**

# لاوانی کەرکووک خۆشحاڵن بەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان وەرچەرخانێکی گەورە لە شارەکەیان دروست دەکات

سەرکەوتنی کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەرکەوتنێکی مەزنە بۆ تەواوی گەلی کوردستان و گێڕانەوەی شکۆی قەوارەی هەرێمی کوردستانە بۆ دەستە ئەمینەکە، کە ئەویش ڕابەرایەتیی «سەرۆك مسعود بارزانی»یە. پارتی خاوەنی داستانی «پردێ و سحێلا و مەحموودیە»یە، هاوکات سەرکەوتنی کاندیدانی پارتی لە کەرکووك بە دەستکەوتێکی گەورە هەژمار دەکرێت و، لاوانی شارەکەش لە وتەکانیاندا بۆ گۆڤاری گوڵان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەو سەرکەوتنە وەرچەرخانێکی گەورە لە کەرکووك دروست دەکات.

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی



مەریوان جەلال ڕەشید کارگێڕی لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ئەم هەڵبژاردنە وەرچەرخانێکە لە مێژووی سیاسی و ڕووداوێکی نوێ و گۆڕانکارییەکە بەرەو باڵانسی هێز و زەمەنی تاکڕەویشی کۆتایی پێ هێنا. دەنگی بەرز و بەهێزی پارتی لە کەرکووک هەرچەندە چاوەڕوانکراو بوو، بەڵام بۆ نەیارانی شۆکێکی گەورە بوو، دیارە ئەم سەرکەوتنە هەر وا بە بێ پێشەکی ڕووی نەداوە، ڕۆڵی دیار و بەرچاوی سەرۆك مسعود بارزانی و هەڵوێستی نەگۆڕی بەرامبەر بە کەرکووك کە مێژوو شاهیدی قوربانیدانی پارتییە و شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی کردە قوربانی بۆ کەرکووك، لە ئێستاشدا بەرگریکردن لە نەکەوتنی شاری کەرکووك بەتایبەت لەشەڕی تیرۆریستانی داعش و دواتر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کە دەستکەوت و سەنەدێکی مێژووییە بۆ ناسنامەی کوردستانیبوونی شاری کەرکووك، ئەمە خۆی لە خۆیدا وەرچەرخانی سەدەیە کە پارتی و سەرۆك بارزانی ڕابەرایەتییان کردووە. خیانەتی ڕەشی ١٦ی ئۆکتۆبەریش زیاتر ئەوەی سەلماند کە ئەگەر ڕێگری نەکرێت و پارتی لە گۆڕەپانەکە دوور نەخرێتەوە، گەلی کوردستانیش دەگاتە مافە ڕەواکانی لەسەر دەستی سەرۆك بارزانی، بۆیە تاقمێکی خیانەتکار کەرکووك و زیاتر لە سەدا پەنجا و یەکی خاکی کوردستانیان ڕادەستی دوژمنانی گەل و نیشتمان کرد، بەمەش بەرەی گەل و بەرەی خیانەت وەدەرکەوت، بۆیە پارتی لە بەرامبەر ئەم تەوژمە بڕیاری بەرگریکردنی لە خاکی کوردستان دا و، شەڕی پردێ و سحێلا ڕووی دا و کۆتایی بە داگیرکاری و خیانەتکاران هێنا، بۆیە لە پای ئەم هەڵوێستانە خەڵکی بەشەرەفی شاری کەرکووك بڕیاری ئەوەیان دا، کە دەبێ پاداشتی پارتی بدەنەوە لە هەڵبژاردن و ٢٠٢١/١٠/١٠ بووە وەرچەرخانێکی گەورە لە شانۆی سیاسیی ناوچەکە لێرەوە دەتوانین بڵێین دوێنێ ئەمڕۆ نییە.» گوتیشی: «پارتی ئەوەی بۆ هەموو لایەك سەلماند کە خاك و ئاڵا لە لای پارتی پیرۆزە و دەبێ کۆتایی بە عسکەرتاریەتی بێگانە بێت. لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنیشدا تەنیا پارتی بە جورئەتەوە ئاڵای پیرۆزی کوردستان بەرز کردەوە و بە شەکاوەیی لە نێو شاردا هەڵیدا، ئەمەش دڵی دەنگدەرانی خۆش کرد و جۆش و خرۆشی خستە نێو جەماوەری ئازادیخواز و نیشتمانپەروەری شاری کەرکووکەوە.»

زەینەب ڕزگار کارگێڕی لقی کەرکووك (ی.ق.ك)، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە سەرەتای دەستپێکردنی بانگەشە و نزیکبوونەوە لە ساتەکانی هەڵبژاردن ڕوون و ئاشکرایە پارتی یەکەم هێز بوو کە ئامانجی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردن لە شاری کەرکووك خزمەت بە خەڵکی و کۆتاییهێنان بووە بە تەعریب و دووبارە گەڕاندنەوەی سەربەستی و شکۆ بۆ کەرکووك و دەرهێنانی لەژێر چنگی دەستەیەك کە هیچ مافێکیان بە شارەکەوە نییە و هاتوون حوکم و دەسەڵاتی سەربازی دەسەپێنن و، شەڕی دەروونی لەگەڵ خەڵکی شارەکە دەکەن، بەتایبەتی کوردانی شارەکە، سەرکەوتنە مەزنەکەی پارتی لە کوردستان بە گشتی و کەرکووك بەتایبەتی زەنگێك بوو بۆ گۆڕانکاریی گەورە و دووبارە چاندنەوەی هیوا و ئومێد لە دڵی هەر تاکێکی کوردستانی، ئەم سەرکەوتنەش کرانەوەی ڕێگایەکە بۆ زیاتر کارکردن و هەوڵدان لە پێناو دەستەبەرکردنی ئەو مافانەی تایبەتن بە کورد کە لە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەستی بەسەردا گیرابوون و پشتگوێ خرابوون، دووبارە گەڕاندنەوەشی لەسەر دەستی کاندیدانی پارتی دەبێت و، خزمەتکردنی خەڵکی کەرکووکی دڵی کوردستانیش هەمیشە ئامانجی لە پێشینەیە بۆ پارتی.» گوتیشی: «دووبارە گەڕانەوەی سەقامگیری و ئازادی کە مافی سەرەکیی هەموو تاکێکە و لێسەندنەوەی لە نەتەوەیەکی خاوەن شەهید و خاوەن سەروەری جێگای قبووڵ نییە، هەروەها کارکردن لە پێناو دابینکردنی هەلی کار و خزمەتگوزاری بۆ سەرجەم ئەو ناوچانەی هیچ خزمەتێکیان پێ نەگەیشتووە و بێبەش بوون لە مافە سەرەتاییەکانیان و ئاوڕدانەوە لە هەژاران و باشترکردنی گوزەرانیان و دووبارە گرنگیدان بە خوێندن بە زمانی شیرینی کوردی کە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر هەوڵ دەدرا بۆ لەناوبردن و لاوازکردنی و لە سەرووی هەموو ئەوانە و زیاتر کە ئامانجی پارتی و کاندیدانی پارتین و بە کردار ئەوانەیان سەلماندووە و خۆیان بە خزمەتکاری هەر تاکێکی کورد دەزانن.

جەختی لەوەش کردەوە کە «ژیان کردن لەژێر سێبەری ئاڵای پیرۆز و موقەدەسی کوردستان و لەسەر دەستی کاندیدان و ئەندام و لایەنگرانی پارتی کە لە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بۆ یەکەمجار بە ئازادی و بە سەربەرزی شەکایەوە لە کەرکووکی دڵی کوردستان و بووە ڕێگاخۆشکەرێك بۆ لایەنەکانی دیکەش، مایەی سەربەرزی و دڵخۆشی بوو، دووبارە گەشانەوەی دڵی هەر تاکێکی کورد بوو بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان.»

محەمەد نورەدین محەمەد کارگێڕی ناوچە (ی.ق.ك) لقی کەرکووك، یەکێکە لەو هەزاران لاوانەی کورد کە بە سەرکەوتنی کاندیدەکانی پارتی دڵخۆشن و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئەو سەرکەوتنە مەزنەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووکی دڵی کوردستان ڕێگایەکە بۆ نەمانی ئەو هێزە توندڕەوانەی ناو شار و لادانی ئەو پارێزگارە سەپێندراوە و سەقامگیری و ئارامی شارەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر.» گوتیشی: «دانانی ئاڵای کوردستان بەبێ هیچ ترسێك وادەکات کە ناسنامەی کورد لەم شارە داگیرکراوەدا بمێنێتەوە، کە ڕۆژانە دەبینین لە غیابی پارتی دیموکراتی کوردستان دەیان عەرەبی شۆفینی دێنە کەرکووك بۆ داگیرکردنی زەوی و زاری هاووڵاتیانی کورد، بەڵام بە هەوڵی کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو زەوی و زارانە دەگەڕێتەوە بۆ دەست خاوەنەکانیان، بۆیە بە هاتنەوەی کاندیدانی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ کەرکووك ترس و دڵەڕاوکێ کەوتووەتە نێو ئەو خۆفرۆش و توندڕەوانە، بۆیە پارتی لە هەر کوێ بێت، بە بێ هیچ گومانێك ئازادی و سەرفرازی و ئاڵای کوردستانی لێ دەبێت».

**ئەم هەڵبژاردنە وەرچەرخانێکە لە مێژووی سیاسی و ڕووداوێکی نوێ و گۆڕانکارییەکە بەرەو باڵانسی هێز و زەمەنی تاکڕەویشی کۆتایی پێ هێنا**

**ڕۆڵی دیار و بەرچاوی سەرۆك مسعود بارزانی و هەڵوێستی نەگۆڕی بەرامبەر بە کەرکووك کە مێژوو شاهیدی قوربانیدانی پارتییە و شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی کردە قوربانی بۆ کەرکووك**

**سەرکەوتنە مەزنەکەی پارتی لە کوردستان بە گشتی و کەرکووك بە تایبەتی زەنگێک بوو بۆ گۆڕانکاریی گەورە و دووبارە چاندنەوەی هیوا و ئومێد لە دڵی هەر تاکێکی کوردستانی**

**ئەو سەرکەوتنە مەزنەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووکی دڵی کوردستان ڕێگایەکە بۆ نەمانی ئەو هێزە توندڕەوانەی ناو شار و لادانی ئەو پارێزگارە سەپێندراوە و سەقامگیری و ئارامی شارەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر**

بەدیعە عەلی:

# هاوکاریکردن و یارمەتیدان لە نێوان هاوسەران چ لە ماڵەوە چ لە دەرەوەی ماڵ کارێکی نۆرماڵ و شارستانییە



بەهۆی سەقامگیری دۆخی ئەمنی و بەرقەراربوونی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان و گیانی پێکەوە ژیان و یەکترقەبوڵ کردن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی، ژمارەیەکی زۆری کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە پایتەختی هەرێمی کوردستان نیشتەجێن. لە گەڕەکی سەروەرانی شاری هەولێر دوو هاوژین بە ناوەکانی بەدیعە عەلی و بڵند محەمەد خاڵس شوێنێکیان بەکرێ گرتووە بەیەکەوە ناسکەنان و کەلانە و کولێرە دروست دەکەن، ئەوان لە دایکبووی ئامەدی باکووری کوردستانن و وەك خۆیان باسی دەکەن بەهۆی کوردایەتییەوە ساڵانێکە ئاوارەی هەرێمی کوردستانن و لە شاری هەولێر نیشتەجێن. لە بینینێکدا ئەو دوو هاوژینە باس لە کارەکەیان دەکەن.

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



لە دەستپێکدا بڵند محەمەدی تەمەن ٤٢ ساڵ ئاماژەی بەوە کرد کە ئەوان لە شاری هەولێر هەست بە غەریبی ناکەن و زۆریش ئاسوودەن، هاوکات گوتی: «زۆر دڵخۆشم کە دەبینم لێرە ئەمن و ئەمان هەیە و سەر و ماڵی هاوڵاتیان پارێزراوە، ئێمە رۆژانە تاوەکو سەعات ١٢ ی شەو لێرە کار دەکەین و هیچ ترس و نیگەرانییەکمان نییە، ئێرە وڵاتی خۆمە و خۆم بە غەریب نازانم، خەڵکی ئەم شارە زۆر میواندۆستن و هەمیشە رێز و خاترم دەگرن، تەنانەت لە فەرمانگەکانیش زۆر بەڕێزەوە رەفتارمان لەگەڵ دەکەن».
سەبارەت بە سەرەتای هاتنیان بۆ هەولێر ئەو گوتی: «سەرەتا کە هاتین خۆمان بە غەریب دەزانی و لێرە کەسمان نەدەناسی، دواتر برادەرێکم ناسی کە بە ئەسڵ خەڵکی دهۆکە لەگەڵ ئەو بە هاوبەشی شوێنێکمان کردەوە و تا ئێستا بەردەوامین، لە خوا بە زیاد بێت کارەکانمان بە باشی بەڕێوەدەچێت جگە لەوەی موشتەرییەکان دێن لێرە بە گەرمی نانەکەیان دەخۆن هەروەها دلیڤەریشمان هەیە بۆ هەموو هەولێر».
هاوکات بەدیعە عەلی کە خانمێکی تەمەن ٣٥ ساڵ کە لەگەڵ هاوژینەکەی کار دەکات و وەك خۆی باسی کرد ئەوان دایك و باوکی سێ منداڵی چاوگەشن و منداڵەکان لە قوتابخانەیەکی هەولێر دەخوێنن، هاوکات گوتی: «لێرە زۆر مورتاح و ئاسوودەم کە لەگەڵ هاوسەرەکەم ئیش دەکەم، تەنیا گرفتمان دووری کەسوکارمانە، ئێواران کە بۆ ئێرە دێین منداڵەکانیش لەگەڵ خۆمان بۆ ئێرە دێنین واتا بە خێزانی کارەکانمان دەکەین، هاوکاریکردن و یارمەتیدان لە نێوان هاوسەران چ لە ماڵەوە چ لە دەرەوەی ماڵ کارێکی نۆرماڵ و شارستانییە، کە دێمە دەرەوە وێڕای ئەوەی توانا و دەسترەنگینی خۆم دەسەلمێنم لە هەمان کاتیشدا سوودێکی مادیم بۆ خۆم و خێزانەکەم چنك دەکەوێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کار کردن شورەیی نییە، ئەوە شورەییە کە موحتاجی دەستی ئەم و ئەو بیت، سوپاس بۆ خوا هەم لە هاوسەرداری و هەم لە دایکایەتی و هەمیش لە کارەکەم توانیومە بالانسێك دابنێم».

# شکسپیر
# لە نێوان شانۆو سینەمادا

(١-٢)

دوو فاکتەری هەرە گرنگ هەن بۆ کۆبوونەوەی پەیوەندیی نێوان سینەماو شانۆ، کەبریتین لە:

یەکەم: پەیوەندیی جوانبینی لە نێوان هەردوو هونەردا.

دووەمییان: پەیوەستبوونی تێکستە شانۆیی و سیناریۆ سینەماییەکان بە یەکترەوە.

دەستپێکی ئەو پەیوەندییەی نێوان سینەما بەشانۆوە، دەگەڕێتەوە بۆسالانی سەرهەڵدانی سینەما، لەوێوە ئەو دوو هونەرە پێکەوە نەشو نمایان کردووە، لە دەستپێکیشدا بە فیلمی بێدەنگ و تۆمارکردنی دیمەنە شانۆییەکان بەکامێرا، بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی دیکۆمێنتکاری لە نمایشە شانۆییەکان بووە.

ئەکتەری ناسراوی فەرەنسی (سارە برنار) لەم بارەیەوە دەڵێت: «تۆمارکردنی هەندێ لەم فیلمانە بەئامانجی دیکۆمێنتکردن و تۆمارکردنی نواندنی گەورەی هەندێ لە ئەکتەرە بلیمەتەکان بووە، بۆئەوەی وەك دیکۆمێنت هەڵی بگرن و، لەژیانی هونەریی خۆیاندا وەك شانازییەك بیپارێزن، بەڵام لەگەڵ بەدەنگەوە هاتنی فیلم، مەودای ئەو پەیوەندییە و ئامانجەکانی زۆر لەوەندە زیاتر تەشەنەیان سەند و، هێڵێکی هاوبەش لە نێوان سینەماو شانۆدا دروست بوو بەناوی ( وشەی بینراو)،


کە بۆ هەمیشە لەگەڵ بەردەوامبوون و بەرەوپێشەوەچوونی ئەو دوو هونەرە زەبەلاحەی دنیادا، پرسیارێك لە نێو هەوادارانی سینەما و شانۆدا سەری هەڵدا، کە ئاخۆ لە ئاکامدا سینەما، یان شانۆ، کامییان لەبەرامبەر ئەوی دیکەیاندا چۆك دادەدەن؟

هەر خۆیان دوای شیکردنەوەو تێڕامانێکی کەم دەگەنە ئەنجام و دەڵێن: «هەردووکیان بەیەکەوە هەن و، بەیەکەوە چێژ بەژیان دەبەخشن، هیچیان ناتوانن چۆك بەوی دیکەیان دابدەن، چونکە هەردوکیان بوونەتە پارچەیەك لە ژیانی سەرجەم مرۆڤایەتی و، ناتوانین بەهیچ کلۆجێ دەستبەرداری هیچ کام لەوانە ببین.

پرسیارێکی دیکە ئەوەیە، ئایا هونەرمەندە داهێنەرەکان چۆن دەتوانن ئەو دوو هونەرە ئاوێزانی یەکتر بکەن و، هەردوو هونەر لە رووی داهێنانەوە سوود لە یەکتر ببینن؟.

ئەمڕۆ نییە کە سینەما سوودی لە شانۆ وەرگرتووە، بەڵکو دێر زەمانێکە کە گەورە سینەماکارەکان شانۆگەرییە بەپێزە جیهانییەکانیان خستۆتە توێی سینەما و، لەو نێوەندەشدا پشکی شێر بەر شکسپیر و شانۆگەرییەکانی کەوتووە.

بۆیە ولیەم شکسپیر وەك چۆن پادشای شانۆی جیهانی بووە و تا ئەبەد لەسەر عەرشی ئەو پاشایەتیەدا دەمێنێتەوە، بەهەمان شێوەش ئەستێرەیەکی هەرە درەوشاوەی بواری سینەماشە و، خاوەنی هەوادارێکی ئێجگار زۆرە لە هەموو جیهاندا، ئەگەرچی رەنگە زۆرینەی ئەو هەوادارانە شانۆگەرییەکانی شکسپرییان هەر نەدیبێت و، زۆر لەوان بێئاگا بن لە مێژووی ئەدەبی جیهانی و بلیمەتەکانی، یان لەوکەسە سادانە بن کە شتێکی ئەوتۆ دەربارەی رابردووی مرۆڤایەتی نەزانن و، تەنیا بۆ کات بەسەربردن روو لە سینەما بکەن، بەڵام بەو سادەییەی خۆشیانەوە باسی هاملێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ (جرتۆلد) ی دایکی و کلۆدیوسی مامی و ئۆڤیلیای خۆشەویستی و چۆنیەتیی تۆڵەسەندنەوەی هاملێتت بۆ دەکەن، خۆ ئەگەر پرسی ئەڤینداری و سۆزدارییش لەگۆڕێ بێت، ئەوە هەمیشە سەربوردەی رۆمیۆ و جولێتیان لەسەر زارە، وەك خۆشەویستییەکی رۆمانسیی نەمر بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی.



حەیدەر عەبدولڕەحمان

بۆ گوڵانی نووسیوە

هەر لەتەوەری شکسپیر و سینەمادا پرسیاری ئەوەش دێتە ئاراوە، ئاخۆ هۆی چییە گەورە بەرهەمهێنەر و دەرهێنەرەکان، زیاتر لە نووسەرە بلیمەتەکانی دیکەی دنیا بەو پەرۆشییە روویان لە شانۆگەرییەکانی شکسپیر کردووە بۆ سینەما؟ ئایا فاکتەرەکانی راکێشانی ئەو دەرهێنەرانە ئایدیا و فەلسەفە تراژیدیاکانی شکسپیرن کە لە سەردەمی خۆیاندا و تا بە مرۆ دەگات، لە ناو هەموو کۆمەڵگەکاندا ئامادەییان هەبووە و خواستی خەڵکین؟ یان تێکستەکان خۆیان زەمینەیەکی لەبار بوون بۆ دروستکردنی فیلم؟

خۆ راستە شکسپیر لە بەرهەمەکانیدا گەلێك کێشەی کۆمەڵایەتییورووژاندووە، لە کێشەکانی کۆمەڵگەی ئەو ساتەی مرۆڤ، کە تائەمرۆ و تا بنیادەم لەسەر گۆی ئەم هەسارەیەدا مابێت، هەر دەمێنن، بەتایبەت کێشەکانی وەك رق، خۆشەویستی، دەسەڵات، غیرە، تەماعکاری، خیانەت، چاوچنۆکی، لەخۆباییبوون، بەخیلی، تۆڵەسەندنەوە و دەیان پرسی دیکە.

شکسپیر لەوەدا زاناو دانا بووە کە دەستنیشانی یەك یەکی ئەو کێشە مرۆییانەی کردووە و، هەموویانی خستۆتە قاڵبێکی درامیی سەرنج راکێشەوە، کەسایەتییەکانی کردووە بە نموونەی ئەو کەسانەی دروستکەری ئەو کێشانەن، هەمان ئەو کێشانە و ئەو کەسایەتیانەش، هەمان ئەو نەخۆشییانەی وەك ئاوێنە بەتراژیدیا و کۆمێدیاکانیەوە، نیشانی کۆمەڵگاکە خۆی داوەتەوە.

ئەمە هۆکاری هۆگر بوونی بینەر و خوێنەر بووە بە بەرهەمە بەچێژەکانی.

شکسپیر بۆ دارشتنی هەموو ئەو رووداو و بەسەرهاتانە، سوودێکی زۆری لە کولتوور و مێژوو و ئەفسانە و چیرۆکی زۆر لە گەلانی دنیا وەرگرتووە و، بەو شێوە درامییە کاریگەرە هاوچاخە جیهانییە دایرشتوونەتەوە، کە هەموو جیهان بگرێتەوە و وابەستەی پارچە جوگرافیایەکی دیاریکراوی ئەم جیهانە نەبێت، یان تایبەت نەبێت بە گەلێکی دیاریکراوی ئەم دنیایە، ئەمەیە نهێنیی بەجیهانیبوونی شکسپیر و مانەوەی ئەبەدیی لەسەر ئەو عەرشەی بە توانست و دەسەڵات و بلیمەتیی خۆی داگیری کردووە و، بۆ هیچ بنیادەمێکی دیکە لە جیهاندا بەجێی ناهێڵێت، تا ئەو دنیایە مابێت.

جگە لەوەش هەمیشە شکسپیر بەدوای ئەو توخمانەدا وێڵ بووە، کە بینەر دەکەنە هاوبەشی کێشەکان و، لە رێگەی یەکێك لەو پرسە مرۆییانەی بژاری کردوون، بینەری گەڕاندووەتەوە بۆ سەر کێشە مرۆییە رەسەنەکانی خۆی و، لەگەڵ ورووژاندنیاندا هەستی کردووە کە ئەو یەکێك لە کارەکتەرەکانیەتی، بەمەش مەودای ئاوێزانبوونی بینەر و تێکستی لەیەکتر نزیك کردووەتەوە، کە تێیدا بینەر تەنیا تەماشاکارێك نەبێت لە کارە شانۆییەکاندا، بەڵکو بینەر رەگەزێك بێت لە رەگەزەکانی بونیاتی شانۆیی و، گەیشتن بە ئامانجەکانی.

هەمان ئەو فاکتەرە ورووژێنەرانەی لە شانۆدا هەن، هەمان ئەو فاکتەرانە بوونەتە هۆکار بۆ لێك نزیکبوونەوەی بینەر بە بەرهەمە سینەماییەکانی شکسپیر لە سینەمادا.

لە دەستپێکدا ئەو فیلمە بێدەنگەی دەرهێنەر(دیفید وارك) (راهێنانی پلنگ ) کەساڵی ١٩٠٨ لەنواندنی (فلۆرانس لۆرانس) بەرهەم هاتووە، سەرکەوتووترین فیلم بووە لەسەردەمی سینەمای بێدەنگدا، کە لە شانۆگەرییەکانی شکسپیرەوە وەرگیرابن.

## نایلە ئەلخاجە بۆ گوڵان:

# هەست دەکەم سینەمای کوردی و ئێرانی زۆر لە یەکترییەوە نزیکن

نایلە ئەلخاجە دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر و سیناریۆنووسێکی ئیماراتییە و، وەك ئافرەتێك لە سینەمای عەرەبیدا و، لە بواری پیشەسازیی سینەمادا ناوبانگێکی زۆری دەرکردووە، بە جورئەتەوە لە فیلمەکانیدا باس لە بابەتی مرۆیی و کۆمەڵایەتی دەکات لە کۆمەڵگای ئیمارات، کامیراکەی خۆی خستۆتە خزمەتی مرۆڤایەتی بە گشتی، لە درفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی ئەم خانمە هونەرمەندە کرد، بەم شێوەیە وەڵامی گوڵانی دایەوە.

دیمانە: خەلیل بلەیی



*** ئەزموونی ئافرەتانی کەنداو لە بواری سینەمادا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- سینەما وەك پیشەسازی لە وڵاتانی دیکەی عەرەبیدا پێشکەوتووترە لە وڵاتانی کەنداو، لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردوو لە میسر ستۆدیۆ کراوەتەوە، بەمەش وەك پیشەسازی دەستیان پێکرد، دواتریش بوو بە بازرگانییەکی سەرکەوتوو، ئێمە لە کەنداو هێشتا لە سەرەتادایین، واتە چالاکی و جووڵەی سینەمایی هەیە، بەڵام پیشەسازیمان نییە، ئەگەر پیشەسازییش نەبێت، پیشەکار ئەگەر هەشبن ژمارەیان کەم دەبێت، لە سعودییە، بەحرین و کوێت بەهرەی زۆر هەن، ئەکتەر



و سیناریستی بە توانا هەن، بەڵام بەرهەمهێنەرمان کەمە، واتا ئەوانەی تایبەتن بە سینەما، لە سعودیا هەیفا ئەلمەنسور وەك دەرهێنەرێکی بە توانا و لە ئیماراتیش نجوم ئەلغانم وەك شاعیر و دەرهێنەری فیلمی دیکۆمێنتاری دەرکەوتوون، بەڵام ئەمانە نەگەیشتوونەتە ئاستی پیشەسازی. بۆ چارەسەر کردنی ئەم گرفتە پێویستمان بە بەرهەمهێنەر هەیە، کە لە پیشەسازی بزانێت و چالاکی بکات، هەروەها پێویستە ئەم هەنگاوە لە سعودییەوە دەست پێ بکات، چونکە حکومەت پاڵپشتییەکی زۆری ئەو بوارە دەکات و، پێموایە لە چەند ساڵی داهاتوودا سعودییە دەبێتە هۆلیۆدی عەرەب.

*** سرووشتی کۆمەڵگەی کەنداو چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەزموونی ئافرەتان لە بواری سینەمادا هەبووە؟**

- کۆمەڵگەی ئێمە موحافزکارە، ئەمەش هەندێك جار ماندوومان دەکات، چونکە زۆر شت هەیە پێویستە باسی بکەین، بەڵام رێگەمان پێ نادرێت، بۆ ئەم مەبەسەت من پەنام بردووەتە بەر شتی رەمزی، کە خۆی لە خۆیدا شتێکی جوانە، چونکە زۆر جار کەبتبوون دەبێتە هۆی داهێنانی گەورە، تۆ کە هەموو شتێکت لەبەردەستە رەنگە شتێکی جوانی لێ درووست نەکەیت، بەڵام ئەگەر سنوورێك بۆ خۆت دابنێیت، دەتوانیت لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدا داهێنان بکەیت، بێ ئەوەی گرفت درووست بکەیت، بۆیە رەمزم لە چارەسەرکردنی بابەتەکان و وێنەگرتنی فیلمە سینەماییەکاندا بەکارهێناوە، بۆ نموونە فیلمی یەکەمم لەبارەی دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان بوو، ئەم بابەتە زۆر ترسناکە لە ئیمارات کە من تۆمارم کرد، فیلمی دووەمم لەسەر ژوانی خۆشەویستیی کچە هەرزەکارەکان بوو، ئەمەش بابەتێکی مەترسیدارە کە خەڵاتی زۆری بەدەست هێنا، بەڵام بە گشتی ئێستا کرانەوەیەك هەیە، بەڵگەشم دوایین فیلمی درێژم بوو کە هیچ دەستکاریی نەکرا.

*** لە ماوەی رابردوودا سیناریۆ یەکێك لە گرفتە گەورەکان بوو، تۆ ئەو گرفتەت هەبووە؟**

- سیناریۆ گرنگترین گرفتی من بووە، چونکە سیناریستی زۆرمان نییە، ژمارەیەکمان هەیە، بەڵام ئەمانە هێڵێکی دیاریکراویان هەیە، رەنگە لەگەڵ من نەگونجێت وەك دەرهێنەر، بۆ نموونە بەشێکیان تەنیا لە کۆمیدیا دەنووسن، بەڵام من پێویستم بە فیلمی ترسە، بۆیە بژاردەی زۆرمان نییە، بەپێچەوانەی هۆلیۆد کە فیلمی ئاست بەرز و نزمیشیان هەیە، چونکە مەبەستیان قازانجی زۆرە، بۆیە دەبینین لەبەر زۆریی بەرهەمهێنان بە گشتی ئاستی هۆلیۆدیش دابەزیوە، ئێمە لە کەنداو دەتوانین بزوتنەوەیەکی سینەمایی بەرهەم بهێنین کە لە ئاستی جیهانیدا بێت.

*** هیچ مەرجت هەیە بۆ هەڵبژاردنی سیناریۆ؟**

- تا ئێستا هیچ سیناریۆیەکم هەڵنەبژاردووە، چونکە من خۆم لەگەڵ چەند سیناریستێکی دیکە سیناریۆکان دەنووسم، من و نووسەرەکە لەسەر سیناریۆیەك کار دەکەین، لە دەرهێنانددا من حەزم لە شێوازی هێمنە، کە جۆرێك

دڵەڕاوکێی تێدایە و زۆری فیلمەکانم ئالنگاری دەروونییە، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە کەسێك بینووسێت و ئەم ڕۆحییەتەی هەبێت، من سەیری زۆر سیناریۆ دەکەم و کەسێك دیاری دەکەم، بەڵام خۆم سیناریۆکەی لەگەڵی دەنووسم، ئەگەر سیناریستە ئیماراتییەکان بەو شێوازە نەبن کە من دەمەوێت ناچارم لەگەڵ کەسانی دیکە کار بکەم عەرەب بن یان بیانی.

*** تا چەند توانیوتە گرفتەکانی کۆمەڵگە لە کارەکانتدا بخەیتە ڕوو؟**

- گشت فیلمەکانم باس لە کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەن، جا کەموکوڕی بێت یان نا؟ من هەمیشە باس لە کێشەکانی کۆمەڵگە دەکەم، وەك بەزۆر بەشوودان کە کچەکە پێی ڕازی نییە، دەستدرێژیی سێکسی، پەیوەندییە بیانییەکان لەگەڵ عەرەب لە ئیمارات و، زۆر بابەتی هەستیار هەن کە بە داڕشتنێکی سینەمایی بە یارمەتی ڕەمز باسم کردوون، سوپاس بۆ خودا گشت فیلمەکانم سەرکەوتوو بوون و هیچ گرفتیان درووست نەکردووە، بەڵام توانییان گفتوگۆی گەرموگوڕ و بەهێز بهێننە ئاراوە، ئەمەش کارێکی جوانە، ئێستا هەوڵ دەدەم چارەسەر و بەرهەمهێنەر بدۆزمەوە، کە باکگراوەندێکی بەهێزیان هەبێت لە پیشەسازیی سینەمادا، بۆ ئەم مەبەستەش لە چەند مانگی داهاتوودا بە شێوازێکی جوان فیلمی درێژ بەرهەم دەهێنم، تا بتوانم لە فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا بەشداریی پێ بکەم.

*** پەیامت چییە وەك بەرهەمهێنەر و دەرهێنەر؟**

- هیچ پەیامێکم نییە، تەنیا حەز دەکەم فیلم درووست بکەم و خەڵك پێشوازیی لێ بکەن، بەوەی کە فیلمی ڕاستگۆ بن لە ماناکەیاندا، ئەگەر فیلمەکە چیرۆکێکی مرۆڤایەتی بێت و کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە هەبێت، ئەوا کارێکی زۆر باشە، هەروەها ئەگەر چیرۆکەکە تەنیا ڕەهەندی هونەریی هەبێت، ئەمەش کارێکی خراپ نییە.



*** چۆن دەتوانین جەماوەر بگەڕێنینەوە و هۆڵەکانی سینەما زیندوو بکەینەوە؟**

- ناتوانین هۆڵەکانی سینەما زیندوو بکەینەوە ئەگەر جەماوەر خۆی قەناعەتی بە سینەما نەبێت، بەڵام پێویستمان بە پیشەسازیی سینەما هەیە بە پاڵپشتی حکومەت، لەگەڵ هۆشیاریی وەبەرهێنەران وەك بەرهەمهێنەری بە توانا و تێگەیشتوو لە گرنگیی سینەمادا.

*** تەکنۆلۆژیا تا چەند لە دوورخستنەوەی جەماوەر لە سینەما ڕۆڵی هەبووە؟**

- تەکنۆلۆژیا بە گشتی و سۆشیال میدیا بەتایبەتی کاریگەرییەکی نەرێنیی زۆری لەسەر سینەما هەبووە، بەجۆرێك دەتوانین بڵێین هۆکاری مردنی سینەما بوون و، وایانکرد کە بینەر ئەوەندە ئارامیی نەبێت کە چاوەڕێی فیلم بکات، بەڵکو بەدوای ناوەڕۆکی خێرا و کورتدا بگەڕێت، نەوەی ئێستا ناتوانێت چاوەڕێی شتێکی هێواش بێت، ئەمەش وایکرد کە جۆرە دابڕانێك لە نێوان سینەماکارە گەورەکان و نەوەی ئێستادا درووست ببێت، هیوادارم ئەم نەوەیە زیاتر هۆشیار بن و خۆیان لەگەڵ کاری درێژ ڕابهێنن، هەرچەندە من دڵنیام کە تەکنۆلۆژیا یارمەتیدەر نییە بۆ ئەم کارە، پێویستە بگەڕێینەوە دواوە و بزانین سینەمای عەرەبی و بیانی چییان کردووە، بەتایبەتی بابەتە مرۆییەکان، چونکە تەنانەت نەوەی ئێستاش ئەگەر فیلمێکی بینی کە ناوەڕۆکەکەی مرۆیی بێت، دەتوانێت سەیری بکات، ئێستا زۆر فیلمی لەو بابەتە هەن، بەڵام تەمەنیان کورتە.

*** تائێستا هیچ فیلمێکی کوردیت بینیوە؟**

- تا ئێستا یەك فیلمی کوردیم بینیوە، ئەویش فیلمێکی ڕەش و سپی بوو بە ناوی (کیك ئۆف) لە دەرهێنانی شەوکەت ئەمین کورکی، فیلمەکە باس لە چەند منداڵێکی ئاوارەی سەردەمی سەدام دەکات، کە لە یاریگایەکدا دەژین و زۆر حەز لە یاریی تۆپی پێ دەکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئاوارەن ناچار دەبن ئەو شوێنە چۆڵ بکەن، چیرۆکەکە زۆر جوان و کاریگەر بوو، بەشێوەیەکی گشتی دەرهێنەرانی ئیمارات زۆر بە کەمی فیلمی کوردییان بینیوە.

*** ڕات چییە دەربارەی سینەمای کوردی؟**

- لەبەر ئەوەی زۆر فیلمی کوردیم نەبینیوە، زۆر زەحمەتە بۆ من کە ڕای خۆم لەسەر سینەمای کوردی بدەم، پێویستە دە تا پازدە فیلمی کوردی ببینم و شارەزای شێوازی سینەمای کوردی ببم، ئەنجا حوکمی لەسەر بدەم، بەڵام ئەوەی لەو تاکە فیلمە کوردییەدا بینیم و تێبینم کرد، ئەوەیە کە مرۆڤایەتی،سادەیی، ڕۆحییەت و جوانیی وێنەی تێدایە، کە فیلمە ئێرانییەکانی بیرهێنامەوە، کە هەستم دەکرد لەگەڵ فیلمی کوردی زۆر لە یەکتری نزیکن.

# نارین فەقێ (پاییزا خەونان) پێشکەش بە گیانی زاهد بریفکانی دەکات

**خانمە هونەمەندی رۆژئاوای کوردستان نارین فەقێ نوێترین بەرهەمی خۆی بڵاو کردەوە بەناوی (پاییزا خەونان)،. وەك خۆی دەڵێت، ئەمە پرۆژەیەکی هونەریی نوێ نییە، بەڵام حەزم کرد بۆ من ساڵی ٢٠٢٠ ببێتە ساڵی ئافرەتی کورد، ساڵی زمان و ئەدەبیات، هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تێکستی گۆرانییەکە هی مامۆستا ئەدیب چەلکییە، مامۆستا زاهدیش بەر لە کۆچی دوایی یەکێك لە ئاوازە جوانەکانی پێشکەش بە من کرد، بۆیە منیش حەزم کرد کارێکی جوان پێشکەش بە رۆحی پاکی ئەو مامۆستا ئازیزە بکەم.**

نارین فەقێ لە لێدوانێکی تایبەت سەبارەت بە پڕۆژەکەی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەر لە بیست ساڵ وەك حەز و ئارەزوو، هاتمە نێو بواری هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی و تا ئێستاش بەردەوام مم، هەوڵم داوە خزمەتێك پێشکەش بە زمان و ئەدەب و هونەر و کولتووری میللەتەکەم بکەم، بەم بۆنەیەوە بە پێویستم زانی بەرهەمێکی نوێ پێشکەش بە هەوادارانی خۆم بکەم، (پاییزا خەونان) لە تێکستی مامۆستا ئەدیب چەلکییە، ئاوازەکەشی لەلایەن ئاوازدانەری کۆچ کردوو مامۆستا زاهد بریفکانی ئامادە کراوە، کە بەرلەوەی کۆچی دوایی بکات (مامۆستا زاهد) یەکێك لە ئاوازە جوانەکانی پێشکەش بە من کرد، منیش حەزم کرد کارێکی جوان پێشکەش بە رۆحی ئەو بکەم، بۆیە پەیوەندیم بە مامۆستا ئەدیبەوە کرد و ئەویش توانیی تێکستێکی گونجاو لەسەر ئەو ئاوازە ئامادە بکات، نارین زیاتر گوتیشی: «ئەم بەرهەمە لە دایکبووی ئێستا نییە، بۆیە دەتوانم بڵێم (پاییزا خەونان) پرۆژەیەکی هونەریی نوێ نییە، بەڵام حەزم کرد بۆ من ساڵی ٢٠٢٠ ببێتە ساڵی ئافرەتی کورد، ساڵی زمان و ئەدەبیات، و بڕیارم دا بەرهەمە هونەرییەکانی ساڵی رابردووم بۆ بەرگریکردن لە ئافرەت و پاراستنی ئەدەبیات و زمان و موزیکی کوردی بێت، بۆ ئەم مەبەستەش (پاییزا خەونان)م دواخست بۆ بیستەمین ساڵیادی هاتنی من بۆ نێو هونەری کوردی، کارە هونەرییەکانی ئەم بەرهەمە لەلایەن هاوسەرەکەم موزیکژەنی ساز (عەلی شاکر) ئەنجام دراوە، تۆمارکردنی موزیك و دەنگ هەمووی لە وڵاتی سوید و میکس و ماسترینگ لەلایەن (مەهدی نوری و محمد) لە تۆن ستۆدیۆ لە شاری دهۆك ئەنجام دراوە، کلیپی گۆرانییەکەش لە باکووری کوردستان و وڵاتی سوید بەشێوەیەکی جوان و مۆدێرن لەلایەن دەرهێنەری بە توانا (هەژار دهۆکی) تۆمار کراوە».

سەبارەت بە جیاوازیی ئەم بەرهەمە، نارین خان گوتی: «(پاییزا خەونان) یەکێکە لە جوانترین بەرهەکانم، چونکە ئەرکی زۆرم کێشاوە و گشت تواناکانی خۆمم لەو بەرهەمەدا خستۆتە گەڕ، هەمیشە ئامانجی من و عەلی ئەوە بووە کە گرنگی بە ئامێرە موزیکییە رەسەنەکان بدەین، هەروەها گۆڕانکارییەك لە موزیکی کوردیدا درووست بکەین، بۆ ئەوەی موزیکی کوردییش بەرەو ئاستێکی جیهانی هەنگاو بنێت و پێش بکەوێت، تێکست و ئاواز و کلیپی ئەم گۆرانییەش زۆر گونجاون، ئەم بەرهەمە ئەڤیندارییە پێشکەش بە گەلی کورد دەکەم، هیوادارم بە دڵیان بێت».

لە کۆتاییدا لێدوانەکە نارین فەقێ گوتی: «لە ماوەی بیست ساڵم لە نێو هونەری کوردیدا هەمیشە ئامانجم ئەوە بووە کە گۆرانیی جوان پێشکەش بکەم و، خزمەت بە زمان و کولتووری رەسەنی میللەتی کورد بکەم، هیوادارم بتوانم لە ساڵانی داهاتوودا زیاتر گرنگی بە موزیکی رەسەنی کوردی بدەم».



***ئاستی یاریی تۆپی باڵە لە کوردستان چۆن دەبینیت؟**

- بە گشتی یاریی باڵە پشتگوێ خراوە لە کوردستان و عێراق، بە تایبەتی بۆ کچان، هەروەها گرنگیی پێویستی پێ نادەن.

***کەمیی پاڵەوانێتی تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

- خولەکان زۆر بە کەمی دەکرێنەوە، ئەنجامدانی پاڵەوانێتی بۆ هەموو یارییەکان نەك تەنیا بۆ یاری باڵە زۆر گرنگە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی یاریزان باشتر و باشتر گرنگی بە توانای خۆی بدات و، بتوانێ ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنێت و زیاتر حەزی بۆ یارییەکەی هەبێت.

*** پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بەم یارییە بدرێت؟**

- ئەنجامدانی پاڵەوانێتی و کردنەوەی خول زۆر گرنگە بۆ یاریزانان، بۆ ئەوەی ئاستی بەرەوپێشەوە بچێت، تا یاریزانان بچنە ریزی هەڵبژاردەی عێراق بۆ بەشداری لە خولەکانی دەرەوە.

***گرفتی یارییەکانی تۆپی باڵە لە چیدا دەبینیت؟**

- کێشەو گرفتمان تەنیا کردنەوەی خولە، هەموو ساڵێك دەڵێن قەیرانی دارایی‌یە، نازانم بوچی تەنیا بۆ یاریی باڵە قەیرانە.

*** لەلایەن یانەکانی کوردستان گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

-لە زۆری یانەکانی کوردستانی وەك: ئەفرۆدێت و کۆیە و ئافرەتانی هەولێر و دەربەندیخان و ئەکاد و چەندین یانەی دیکە گرێبەستم پێشکەش کراوە.



**شێوا بورهان**

**یاریزانی تۆپی باڵەی ئەکاد:**

# دەمەوێ لە داهاتوودا ببمە ڕاهێنەری تیپێکی باڵە

*** بۆ داهاتووی خۆت وەكو كچە یاریزانێك بەنیازی چیت؟**

-بەردەوام دەبم، وەكو یاریزانێك هەوڵ دەدەم بۆ نازناوی زیاتر لە ژیانی وەرزشدا و، لە داهاتووشدا دەمەوێ ببمە راهێنەری تیپێكی بالە، هەر چەندە خۆم راهێنەری جیمم.

*** ئایا لەگەڵ ئەوەیت كە لە كوردستان یانەكان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- لەگەڵ ئەوەم گرنگی بە یاریی بالە بدەن، با راهێنەرێكی بیانیی بەتوانا و بە ئەزموون بهێنن، ئەگەر لە راهێنەرەكانی خۆمان باشتر بێ ئاساییە، لە زۆربەی وڵاتانی دونیاش كاری هاوشێوە هەیە

*** بۆچی یانەی پێشمەرگەی سلێمانیت جێهێشت؟**

- لەگەڵ ئەو یانەیە رێك نەكەوتم، ئێستاش یاری بۆ یانەی ئەكاد دەكەم و زۆریش دڵخۆشم لەم یانەیە.

***داواكاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- هیوادارم گرنگیی زیاتر بە یاریی بالە بدەن و بەردەوام هەوڵ بدەن بۆكردنەوەی خول و پاڵەوانێتی بە تایبەت بۆ كچان، گرنگیی زیاتر بە یاریزانان بدرێت.

*** چ خەونێكت هەیە لە ژیانی وەرزشیتدا؟**

- ئاواتەخوازم رۆێك لەر ۆژان ببینم گرنگی بە یاریی بالە دەدرێت، ئەم یارییەش بگاتە ئاستی وڵاتانی دەوروبەر و، ئاستی یانە و یاریزانان بەرز بێتەوە و حەزو خولیا بۆ ئەم یارییە زیاتر هەبێت.

*** بەهیوای ئەوە نیت رۆژێك لە رۆژان هەڵبژاردەی كوردستان دابمەزرێت؟**

-ئەوە هیوای من و خەونی منە وەكو یاریزان بۆ ئەوەی خزمەتێك بە هەڵبژاردەی وڵاتەكەم بكەم.

*** لە یانەكانی دیەوە هیچ گرێبەستت پێشكەش نەكراوە ؟**

-تاكو ئێستا نەخێر، چونكە ماوەیەكی كەمە لەم وەرزشەدام.

*** لەلایەن هەڵبژاردەی بالەی عێراقەوە داواكراویت؟**

- بەلێ، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و نەخۆشیی كۆرۆناوە بەشدار نەبووین، تا ئێستاش بەشداریی هیچ خولێكی دەرەوەمان نەكردووە.

***خوێندن و وەرزش لە یەك كاتدا گرفتی بۆ دروست نەكردوویت؟**

-بە تەئكید كێشەم بۆدروست بووە، هەردوو كار لە یەك كاتدا قورسە، بەڵام سوپاسی خانەوادەكەم و ماڵەوەم دەكەم كە هەمیشە پاڵپشت بوون كە لە دەرەوەی شارەكەشم لە وەرزشكردن بەردەوام بم.

*** ئەگەر شتێكت ماوە لە كۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتەی كە ئەنجامی دەدات بۆ وەرزشكارانی كوردستان،ئەمە جێگای دەست خۆشییە، سوپاس بۆ راهێنەر و خانەوادەكەم بۆ پشتگیریی بەردەوامیان.



**یانەی وەرزشیی ئەكاد یەكێكە لەو یانانەی كە گرنگی بە یارییەكانی ئافرەتان دەدەن لە قەزای عەنكاوە، تیپی تۆپی بالەی یانەكەش یەكێكە لە تیپە هەرە بەهێزەكانی سەر ئاستی هەرێمی كوردستان، كە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستە و كچە یاریزانانی بەتوانایە، یەكێك لە یاریزانە بەتواناكانی یانەكەش كچە یاریزان (شێوا بورهان)ـە كە بە ئاستە بەرزەكەی هەموولایەكی سەرسام كردووەو، خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەكەی لە هەردوو خولی نایابی تۆپی بالەی كوردستان و عێراقیش، شێوا لەدایكبووی ساڵی ٢٠٠٠ی شاری سلێمانییە، پێشتر لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یاریی دەكرد، ماوەی دوو وەرزە رووی لە یانەی ئەكاد كردووە و، قوتابیی قۆناغی سێیەمی بەشی ئینگلیزییە لە زانكۆی سلێمانی، ئێمەش لە نزیكەوە چەند پرسیارێكمان ئاراستەی كرد ئەویش وەڵامی پرسیارەكانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: كارزان كانەبی**

# کۆنتی دەبێتە ڕاهێنەری مانچستەر یونایتد؟

ئەنتۆنیۆ کۆنتی، ڕاهێنەری بەناوبانگی ئیتاڵی لە وەرگرتنی ڕاهێنەرایەتی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی نزیکبووەتەوە.

دوای ئەو شکستە گەورەی لە یاری بەرانبەر لیڤەرپوول لە یاریگەی خۆیاندا بە ٠-٥ تووشی بوو، ئۆلێ گونار سۆلشایەر ڕاهێنەری یانەی مانچستەر یونایتد داهاتووی لەگەڵ یانەکە کەوتووەتەوە مەترسییەوە و ئەگەری هەیە لە ڕاهێنەرایەتی یانەکە دووربخرێتەوە.

میدیای بەریتانیا دەڵێت: مانچستەر یونایتد هەنگاوەکانی بۆ ڕازیکردنی ئەنتۆنیۆ کۆنتی دەستپێکردووە، بۆ ئەوەی جێگەی سۆلشایەر بگرێتەوە و ببێتە ڕاهێنەری داهاتووی یانەکە.

بەپێی زانیارییەکان مانچستەر یونایتد ئەگەری هەیە چەند یارییەکی دیکە دەرفەت بداتە سۆلشایەر، کە ئەمەی لەسەر ماڵپەری فەرمی خۆیشی بڵاوکردەوە و نووسیوویەتی: سۆلشایەر بیرکردنەوەی لای سێ یاری داهاتوو دەبێت، بەڵام لە ئەگەری دوورخستنەوەی ئەو ڕاهێنەرە، نزیکترین بەربژێر بۆ وەرگرتنی یانەکە ئەنتۆنیۆ کۆنتییە.

ئەنتۆنیۆ کۆنتی پێشوازی لە وەرگرتنی یانەکە دەکات لە ناوەڕاستی وەرزدا، لە کاتێکدا ئەو یەکێکە لەو ڕاهێنەرانەی ئەم شتەی بەلاوە خۆش نییە و هەمیشە دەیەوێت لەسەرەتای وەرزەوە لەگەڵ یانەکان کاربکات.

چەند سەرچاوەیەک ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، ئەگەر کۆنتی بووە ڕاهێنەری مانچستەر یونایتد، گرێبەستەکەی بۆ ماوەی ٣ ساڵ دەبێت و مووچەکەیشی ١٢ ملیۆن یۆرۆ دەبێت.

میدیای بەریتانیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، مەرجی ڕازیبوونی کۆنتی بۆ وەرگرتنی ڕاهێنەرایەتی یانە ئینگلیزییەکە ئەوەبووە، کە لە گرێبەستکردندا لەگەڵ یاریزانان خاوەن بڕیاربێت.

ئەنتۆنیۆ کۆنتی، تەمەنی ٥٢ ساڵە و ١٥ ساڵ ئەزموونی لە کاری ڕاهێنەرایەتیدا هەیە، وەرزی ڕابردوو ڕاهێنەری یانەی ئەنتەرمیلان بوو و نازناوی خولی ئیتاڵیای بۆ یانەکە بردەوە، بەڵام بەهۆی کێشە داراییەکانی ئەو یانەیە وازی لە کارەکەی هێنا.
پێشتر لە ساڵی ٢٠١٦ تاوەکو ٢٠١٨ کۆنتی لە خولی ئینگلیزی کاریکردووە و ڕاهێنەری یانەی چێلسی بوو، لە وەرزی دووەمی کارکردنیدا لەگەڵ ئەو یانەیە نازناوی خولی ئینگلتەرای بۆ یانە لەندەنییەکە بردەوە.





# جووت پێڵاوێکی وەرزشی بە یەک ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دۆلار فرۆشرا

لە زیادکردنێکی ئاشکرادا لە ماڵی سۆزبی بۆ زیادکردنەکاندا، جووتێک پێڵاوی مایکل جۆردانی ئەفسانەی باسکەی ئەمریکا بە یەک ملیۆن و ٤٧٠ هەزار دۆلار فرۆشرا ئەو کەسەی، کە پێڵاوەکانیشی کڕیوە ناوی نیک فیورێلایە.

جووتە پێڵاوەکەی مایکل جۆردان لە جۆری نایکی ئێر شیپ بوو، کە لەلایەن فیۆریلاوە کڕدرا ئەو کاڵانە لە ساڵی ١٩٨٤ بۆ یەکەمجار مایکل جۆردان یاری پێ کردووە، ئەمەش بەپێی قسەکانی بەرپرسانی ماڵی زیادکردنەکە.

پێڵاوەکان ڕەنگیان سوور و سپییە، لە لایەن کەسێکەوە خاوەندارێتیی دەکرا، کە پێشتر لە یانەی دێنڤەر ناگێتسەوە، کە وەک کۆکەرەوەی تۆپ کاری دەکرد.
بەر لە ماوەیەکیش پێڵاوەکانی کانی وێست گۆرانیبێژی ڕاپی ئەمریکی بەبڕی ملیۆنێک و ٨٠٠ هەزار دۆلار فرۆشرابوو، کە زۆرترین پارەیە بە جووتێک پێڵاو دەدرێت لە جیهاندا ئەو پێڵاوانەی کانی لە ئاهەنگی پێشکێشکردنی خەڵاتەکانی گرامی لە ساڵی ٢٠٠٨ لەپێیکردبوون، بەڵام لەسەر ئاستی وەرزشوانان پێڵاوەکانی جۆردان بوونە گرانترین.
پێشتر پێڵاوێکی دیکەی کۆمپانیای نایکی فرۆشراوە بەبڕی ١٦٢ هەزار و ٥٠٠ دۆلار، کە بەر لە ٥٠ ساڵ بەدەست دروستکراوە پێش ئەویش جووتێک پێڵاوی دیکەی مایکل جۆردان بەبڕی ٥٦٠ هەزار دۆلار فرۆشراون.

مایکل جۆردان بەیەکێک لە باشترین یاریزانانی مێژووی تۆپی باسکەی ئەمریکا ناوزەد دەکرێت لە ساڵی ١٩٨٤ تاوەکو ٢٠٠٣ یاری کردووە لە ژیانیدا ٣٢ هەزار و ٢٩٢ خاڵی تۆمارکردووە، کە دەکاتە ٣٠ خاڵ بۆ هەر یارییەک و دوو میدالیای زێڕی ئۆڵیمپیادی هەیە و شەش نازناوی خولی باسکەی ئەمریکای بردووەتەوە، لەگەڵ دەیان نازناوی تاکەکەسیدا

# ئەستێرەیەک نزیکە لە جێهێشتنی یانەی ریال مەدرید




مارسێلۆ داسیلڤا بەرگریکاری بەرازیلی و یانەی ریال مەدرید بیر لە بەجێهێشتنی یانەکەی دەکاتەوە، دوای کۆتاییهاتنی گرێبەستەکەی لە کۆتایی ئەم وەرزەدا.
میدیای ئیسپانیا و بەرازیل لەبارەی داهاتووی یاریزانەکەوە دەڵێن: مارسێلۆ دەیەوێت بەر لەوەی واز لە یارییکردن بهێنێت بگەڕێتەوە وڵاتەکەی و لە یەکێک لە یانەکانی بەرازیلدا واز لە یارییکردن بهێنێت.
مارسێلۆ بەهۆی بوونی فێرلان مێندی و ناچۆ و میگێل گۆتیرێز کەمتر لە لایەن ئەنچێلۆتییەوە گرنگی پێدەدرێت و لەم وەرزەدا لە زۆرینەی یارییەکاندا یاریزانەکە لەسەر کورسی یەدەگ بووە.
بەپێی سەرچاوەکان یانەی فلۆمینێنسی بەرازیلی گرنگی بە تواناکانی یاریزانە بەرازیلییەکە دەدات و دەیەوێت ئەو یاریزانە بگەڕێنێتەوە یانەکە، لەکاتێکدا سەرەتای دەرکەوتنی مارسێلۆ لەگەڵ ئەو یانەیە بووە و پاشان روویکردە ئەوروپا و یانەی ریال مەدرید.
مارسێلۆ ئێستا تەمەنی ٣٣ ساڵە، یاریزانەکە لە ٢٠٠٧ پەیوەندی بە ریال مەدریدەوە کرد و ژمارەیەکی زۆری نازناوی لەگەڵ یانەکە بردووەتەوە، لەوانەش ٥ نازناوی خولی ئیسپانیا و دوو جامی شای ئیسپانیا و ٤ نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و ٣ جامی سوپەری ئەوروپا و ٤ نازناوی مۆندیالی یانەکان.
پێشتر مارسێلۆ نزیکبوو لە یانەی ریال مەدرید بڕوات بەتایبەت، کە کریستیانۆ رۆناڵدۆ چووە یانەی یوڤێنتوس ناوی ئەو یاریزانەش بەو یانەیەوە بەسترایەوە، بەڵام یاریزانەکە لە یانەی مەدرید مایەوە.
دوایین جار، کە مارسێلۆ گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی ریال مەدرید نوێکردەوە لە ساڵی ٢٠١٧ بوو، گرێبەستەکەی لە هاوینی ٢٠٢٢ تەواو دەبێت.




# کلۆپ ستایشی ئەستێرەی یانەکەی دەکات

یۆرگن کلۆپ راهێنەری یانەی لیڤەرپوول ستایشی ئاستی محەمەد سەلاح، ئەستێرەی یانەکەی دەکات و لەبارەی داهاتووی یاریزانەکەوە قسەدەکات.
کلۆپ لە دوای بردنەوەی یارییەکەیان بەرانبەر مانچستەر یونایتد بە ٥-٠ گوتی: بوونی محەمەد سەلاح و تۆمارکردنی گۆڵ لەلایەن یاریزانەکە و مامەڵەکردنی لەگەڵ دەورووبەری چێژ بە تۆپی پێ دەبەخشێت، دەزانم کە ئەو دەیەوێت لێرە کۆتایی بە یارییکردن بێنێت، من بارودۆخەکە دەزانم.
محەمەد سەلاح باشترین یاریزانی یاری نێوان هەردوو یانەی مانچستەر یونایتد و لیڤەرپوول بوو و لە یارییەکەدا یاریزانە میسرییەکە هاتریکی تۆمارکرد و ئاسیستێکی کرد، بەمەش یەکەم یاریزانی لیڤەرپوولە لە ١٠ یاری لەسەریەک گۆڵ دەکات، یەکەم یاریزانە لە نێو یاریگەی ئۆڵدترافۆرد لە ٣ یاری لەسەریەک گۆڵ دەکات.
سەلاح یەکەم یاریزانە لە یاریگەی مانچستەر یونایتد دا لە خولی ئینگلیزی هاتریک دەکات، ئێستا یاریزانەکە خاوەنی ١٠٧ گۆڵە و گۆڵکاری مێژوویی تۆپی پێی ئەفریقایە لە خولی ئینگلیزی، دوای ئەوەی دیدێ درۆگبای ئەستێرەی پێشووی کۆتدیڤوار و چێلسی تێپەڕاند، کە ئەمیان ١٠٤ گۆڵی تۆمارکردبوو.

# میران خەسرۆ لەبەر خوێندن گرێبەستی خولی عێراقی ڕەت کردەوە



یانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بەردەوام چاویان لەسەر یاریزانانی یانەکانی کوردستانە بۆ مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵیان، میران خەسرۆ یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر و ئێستای یانەی پێشمەرگەی هەولێر، یەکێکە لەو یاریزانانەی کە لە ناوخۆی عێراق و دەرەوەش گرێبەستی پێشکەش کراوە، بەڵام خوێندنەکەی ڕێگر بووە لە بەردەم پەیوەندیکردنی بە یانەکانی دەرەوەی شاری هەولێر، لەم بارەشەوە میران خەسرۆ یاریزانی یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: « ئەمساڵ گرێبەستم لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێر مۆرکردووە بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، چونکە ئەزموونم لەگەڵ ئەو یانەیە هەیە، لەگەڵ ئەو یانەیەش یەکەمی کوردستان بووین، پێم باش بوو ئەمجارەش پێشمەرگە هەڵبژێرم، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە خولی نایابی کوردستان بەدەست بهێنینەوە، لە زۆربەی یانەکانی عێراقی گرێبەستم بۆ هاتووە، بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم، بەڵام لەبەر خوێندن نەمتوانی لە شاری هەولێر دوور بکەومەوە، چونکە ماوەی شەش ساڵ بوو کۆلێژم داواخست بوو کردبوومە مۆڵەت، لە بارەی گرێبەستی دەرەوەی عێراقیش میران گوتی: «لە وڵاتی بەحرێن گرێبەستم هەبوو، بەڵام لە بەر خوێندن ئەمجارەش نەمتوانی پەیوەندییان پێوە بکەم، هیچ گرفتێکم نییە لە یانەی پێشمەرگە و زۆر ئاسوودەم لەگەڵ ئەو یانەیە، هیوادارم بتوانم لەگەڵ یانەی پێشمەرگە لە خولی کوردستان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەین و، بتوانم نازناوێکی دیکە لەگەڵ پێشمەرگەی هەولێر بەدەست بهێنم.



# پێشمەرگەی سلێمانی بەشداریی پاڵەوانێتیی ڕۆژئاوایی ئاسیا دەکات

تیپی تۆپی سەرمێزی کچانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی پاڵەوانی ساڵی پاری خولی تۆپی سەرمێزی یانەکانی عێراق و، پلە دووەمی ئەمساڵ، بەشداری لە پاڵەوانێتیی ڕۆژئاوایی ئاسیا دەکەن لە وڵاتی بەحرێن، کە وابڕیارە مانگی ١٢ی ئەمساڵ بەڕێوە بچێت، پێشمەرگەی سلێمانی لە ئامادەکاریدایە و مەشقی بەردەوامی هەیە، بۆ ئەوەی ئەنجامێکی گەورە بەدەست بهێنن. لەم بارەشەوە بەڵێن عوسمان ڕاهێنەری تیپی کچانی تۆپی سەرمێزی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە هیچ کات ناوەستین، چونکە خولەکانی عێراق بەردەوامە و پاڵەوانێتیی دەرەوەمان بە بەردەوامی هەیە، ئێستاش لە ئامادەکاریدان بۆ پاڵەوانێتیی ڕۆژئاوای ئاسیا، کە وابڕیارە لە وڵاتی بەحرێن بەڕێوە بچێت، لە هەر ئەگەرێکدا کە وڵاتی بەحرێن ڕەتی کردەوە، ئەوکات بەڕێوە چوونی پاڵەوانێتییەکە دێتە عێراق و لە عێراقیش دێتە شاری هەولێر، ئێمە و یانەی گازی جنووب بەشدار دەبین، ئەگەر لە بەحرێن بێت، ئەگەر لە عێراقیش بێت ئەوا بە پێی ڕیزبەندی یانەکان چوار تیپ بەشدار دەبن»، هاوکات گوتیشی: «سێ کچە یاریزانی یانەکەمان یەکەمی عێراق و یاریزانی هەڵبژاردەی تۆپی سەرمێزی عێراقن، ئێمە پشت ئەستورین بە یاریزانانی خۆمان، وەکو یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ئەوەی داوامان کردبێ بۆمان جێبەجێ کراوە، بەڵام لەلایەن یەکێتیی تۆپی سەرمێزی عێراقیەوە غەدر لە کچان دەکرێت، ئەوەش بۆ ئێمە گرفتە، هەوڵدەدەین تاکو مانگی ١٢ باشترین ئامادەکاری بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین، متماتەی تەواویشمان بە خۆمان هەیە، سەرجەم کچە یاریزانەکانیشمان ئامادەن بۆ هەموو خول و پاڵەوانێتییەك.



# یاسر قاسم چاوەڕوانی خولی سویدییە

یاسر قاسم یاریزانی تۆپی پێی یانەی داڵکورد، کە وابڕیارە لە دوای تەواوبوونی خولی سویدی لە ١٥ی مانگی داهاتوو، کارەکانی پەیوەندیکردنی بە یانەی داڵکورد بە کۆتایی بهێنێت بۆ ئەوەی پەیوەندی بە یانە کوردییەکەوە بکات، هەر چەندە یاسر قاسم پەیوەندیی بە یانەی دهۆکەوە کردبوو بۆ خولی عێراقی، بەڵام دواجار بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ خولی نایابی کوردستان و، لەگەڵ یانەی هەندرێن بەشداریی یارییەکانی خولەکە بکات، لەم بارەشەوە یاسر قاسم یاریزانی یانەی هەندرێن گوتی: «تا ئێستا کارەکانمان بە کۆتایی نەهاتووە لەگەڵ یانەی داڵکورد، بۆیە لە دوای ١٥ی مانگی داهاتوو کارەکانم بۆ جێبەجێ دەکرێت و مانگی یەك، یان دوو ی ساڵی تازە پەیوەندی بە یانەی داڵکوردەوە دەکەم، ناتوانم لە خولی عێراقیش یاری بکەم، بۆیە گەڕامەوە یانەی هەندرێن و بۆ ماوەی ئەم دوو مانگە لە خولی کوردستان یاری دەکەم، هۆکاری یارینەکردنیشم بۆ یانەی دهۆك بۆ ئەوە بوو کە ماوەی خواستنم تەواو نەبووبوو، یاسر گوتیشی: «ئامانجی من ئەوەیە ئەمساڵیش یانەی هەندرێن یەکێك بێت لە باشترین یانەکان و، وەکو وەرزی ڕابردوو کێبڕکێ بکەین لە سەر بەدەست هێنانی نازناو، هیچ گرفتێکم نییە لەگەڵ یانەی هەندرێن و بەردەوام دەبم لە خولی کوردستان، تا ئەوکاتەی کارەکانم بۆ یانەی داڵکورد تەواو دەبێت.

# دەتوانیت ڤاکسینی کۆڤید و ڤاکسینی ئەنفلوەنزا لە یەک کاتدا وەربگریت!

توێژەرانی زانکۆی بریستۆل لە بەریتانیا جەختیان لەمە کردۆتەوە کە دەتوانرێت ڤاکسینی ئەنفلوەنزا و ڤاکسینی کۆڤید١٩ لە هەمان رۆژ و هەمان کاتدا وەبگیرێن، بێ ئەوەی کە لە کاریگەریی هیچیان کەم بێتەوە و هیچ کاریگەریی نێگەتیڤی بۆ سستمی بەرگریی لەش و تەندروستی هەبێت، بەڵام لەوانەیە کە ببێتە ئەگەری هەمان ئەو زیانە لابەلایانەی کە پاش وەرگرتنی ڤاکسینەکانی کۆڤید و ئەنفلوەنزا لە زۆربەی خەڵکدا بەدی دەکرێن. ئەم زانیارییە لە گۆڤاری لانسێتی The Lancetپزیشکیدا مانگی ئەیلوولی ئەمساڵ بڵاوکراوەتەوە، ئەم ئەنجامەی توێژەران بە هەنگاوێکی پۆزەتیڤ هەژمار دەکرێت، بەتایبەتی کە بارگرانی سەر بنکەکانی کوتان تا رادەیەکی باش کەم دەکاتەوە، بەمەش ژمارەیەکی زیاتری خەڵك هەردوو ڤاکسین وەردەگرن. سەنتەری ئەمریکی بۆ کۆنترۆڵ و خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان CDC، پێش ماوەیەك رێنمایی ئەوەی کردبوو کە واباشە ماوەی ١٤ رۆژ لە بەینی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆرۆنا و ڤاکسینی ئەنفلوەنزادا هەبێت، بەڵام ئێستا و پاش ئەنجامی چەندین توێژینەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەتوانرێت هەردوو ڤاکسین لە یەك کاتدا وەربگیرێن.



# ئایا دەزانی راهاتن لەسەر مۆبایل خەریکە سەرهەڵدەدات!



مۆبایل، یان سێڵ فۆن بەشێکی گرنگی ژیانی رۆژانەیە، بەڵام لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیای مۆبایلدا، ئەگەری راهاتن لەسەر مۆبایل Cell phone addiction بەتایبەتی سمارت فۆن سەر هەڵدەدات. ئەگەرچی وشەی راهاتن Addiction زیاتر بۆ ئەلکهول و دەرمان بەکاردێت، بەڵام پاش ئەوەی کە راهاتن لەسەر ئینتەرنێت بە فەرمی لە نێوەندە پزیشکییەکاندا تۆمارکرا، ئێستا توێژینەوەکان باس لە راهاتن لەسەر مۆبایل دەکەن، بوونی تایبەتمەندیی جیاواز و فرمانی جیاواز لە مۆبایلدا وەکو ئەوەی کە لە سمارت فۆنەکاندا هەیە، هاندەرە بۆ راهاتن لەسەر مۆبایل. نیشانەکانی راهاتن لەسەر سمارت فۆن: سەرقاڵبوون بە بەکارهێنانی مۆبایل، پێویستیی بە زوو زوو بەکارهێنانی مۆبایل بۆ پێکانی تەنیا یەك مەبەست، نەبوونی کۆنترۆڵ بۆ کەمتر بەکارهێنانی مۆبایل، گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی مۆبایل لەکاتی هەستکردنی نەخوازراو بە پەستی یان خەمۆکیدا. ئاکامە خراپەکانی راهاتن لەسەر مۆبایل ئەمانەن: خەمۆکی و دوورکەوتنەوە لە کەسانی دی، هەروەها هەستکردن بە تەنیایی و بێزاری، پسپۆڕان جەختیان کردۆتەوە کە پێویستە کاتی بەکارهێنانی سمارت فۆن جگە لە بەکارهێنان بۆ کاروپیشە، سنووردار بکرێت، بە مەرجێك رۆژانە لە دوو کاتژمێر کەمتر بێت، هەروەها ئەگەر بەکارهێنانی مۆبایل لە ٢٤ کاتژمێر لە دەرەوەی کاروپیشەدا زیاتر بێت لە سێ کاتژمێر و ١٥ خولەك، ئەوا بە راهاتن لەسەر مۆبایل هەژمار دەکرێت.

## کۆڤید ١٩ و نەمانی هەستی بۆنکردن



ونکردن، یان نەمانی هەستی بۆنکردن Anosmia، یان کەمبوونەوەی هەستی بۆنکردن Hyposmia یان گۆڕان لە هەستی بۆنکردندا بۆ ماوەیەکی کورت، نیشانەیەکی باوە لە حاڵەتەکانی هەڵامەت و ئەنفلوەنزادا، هەروەها لە حاڵەتەکانی هەوکردنی گیرفانەکانی لووت و هەستەوەریی لووتدا، نەمانی هەستی بۆن لە زۆربەی حاڵەتەکانی کۆڤید١٩ دا نیشانەیەکی باوە، تەنانەت بەبێ بوونی نیشانەی وەکو کۆکە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش، زۆر جاریش هاوکاتە لەگەڵ نەمانی هەستی چێژکردندا، نزیکەی ٢٠-٥٠٪ی تووشبووانی کۆڤید١٩ دوچاری ئەم گرفتە دەبنەوە، بەتایبەتی تووشبووە گەنجەکان، بەگشتی نەمانی کتوپڕی هەستی بۆنکردن پەیوەستە بە کۆڤید١٩، تەنانەت بەبێ بوونی نیشانەکانی دیکە، بەتایبەتی کۆکە و تا. نەمانی هەستی بۆنکردن لە تووشبووان بە کۆڤید ١٩، بە گشتی دوو هەفتە دەخایەنێت، پاشان لە ماوەی ١٠ رۆژدا بە تەواوی هەستەکە دەگەڕێتەوە، ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبێتە هۆی هەوکردن لە ناوپۆشی لووت و دەمارەخانەکانی هەستی بۆنکردن Olfactory neurons بەبێ گیرانی لووت، کە لە حاڵەتی هەڵامەت و ئەنفلوەنزادا بەدی دەکرێت و دەبێتە ئەگەری نەمانی هەستی بۆنکردن.



# گرفتەکانی کۆئەندامی هەرس پاش چاکبوونەوە لە کۆڤید١٩

ئەگەرچی لەکاتی شەپۆلی دووەمی پەتای کۆرۆنادا چەند نیشانەیەك لە کۆئەندامی هەرسدا بوونە بەشێك لە نەخۆشییەکە، بەڵام زانا و پسپۆڕان روونیان کردۆتەوە کە پاش چاکبوونەوەش لە کۆڤید ١٩، هێشتا لەوانەیە کە چەند نیشانەیەك لە کۆئەندامی هەرسدا سەرهەڵبدەن. گرفت و نیشانەکانی کۆئەندامی هەرس لەوانەیە کە بۆ ماوەی سێ مانگ پاش چاکبوونەوە لە کۆڤید١٩ بەردەوام بن. گرفتەکانی کۆئەندامی هەرس کاریگەریی نێگەتیڤ دەکەنە سەر ئارەزووی خواردن و پێویستییە خۆراکییەکان، کە زۆر گرنگن بۆ چاکبوونەوەی تەواو لە کۆڤید١٩. گرنگترن نیشانەکانی کۆئەندامی هەرس پاش چاکبوونەوە لە کۆڤید ١٩ بریتین لە: گەڕانەوەی ترشەڵۆکی گەدە بۆ بەشی خوارەوەی سوورێنچك لەگەڵ دڵەکزێ، گرفتی جیاواز لە هەرسکردنی خۆراکدا، هێڵنج، سك ئێشە، سکچوون، کۆبوونەوەی گاز لە گەدە و ریخۆڵەدا. رێنماییەکان بۆ سووککردنی گرفتەکانی کۆئەندامی هەرس پاش چاکبوونەوە لە کۆڤید١٩ئەمانەن: حەسانەوە، خواردنەوەی بڕی باشی ئاو و شلەمەنیی تەندروست، گرنگیدان بە خۆراك، بەتایبەتی دانەوێڵەی تەواو، خۆراکی دەوڵەمەند بە ریشاڵ و پرۆبایۆتیك Probiotics وەك: ماست، لەگەڵ بڕی باشی سەوزە و میوە، هەروەها بەکارهێنانی یاریدەدەری خۆراکیی وەکو ڤیتامینەکانی C، D، B12 و کانزای کالسیۆم.

# کۆڤید١٩ پیسبوونی ژینگەی بە پلاستیک زیاد کردووە

لەگەڵ دەستپێکی پەتای کۆڤید١٩، پسپۆڕ و زانایان زیاتر بایەخیان بە ستراتیجیی کوتان و جۆرە گۆڕاوەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا داوە، کەچی گرنگییان بە گرفتی تەندروستیی دیکەی پەیوەست بە پەتای کۆڤید نەداوە، بەتایبەتی پیسبوونی ژینگە بە پلاستیك Plastic pollution. بەرهەمە پلاستیکییەکان بەتایبەتی پێداویستییەکانی پاراستنیی کەسی PPE وەکو جلوبەرگی تایبەت، یان گاون Gown، چاویکەی خۆپاراستن Goggles، دەستکێش، ماسك، پێڵاوو...هتد، کە رۆڵی گرنگیان بۆ پاراستنی تاکە کەس هەیە بەتایبەتی ستافی نەخۆشخانەکان لە هەوکردنەکان و ڤایرۆسی کۆرۆنا، کە هۆکارن بۆ پیسکردنی ژینگە، واتە خۆڵ و ژینگەی رووبار و دەریاکان بە پلاستیك، بەتایبەتی ئەگەر بە شێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ فڕێدانیاندا نەکرێت، بۆ نموونە: تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٠ نزیکەی ١,٥٦ ماسك کە دەکاتە ٥,٦٦ تۆن پلاستیك فڕێدراوەتە ناو دەریاکانەوە، پارچەی پلاستیکی ورد یان مایکرۆ/نانۆ پلاستیك کە بە رێکەوت دەگەنە



# ئایا تەنیا بە ئەلارمی کاتژمێر لە خەو هەڵدەستیت؟

ئایا هەموو بەیانییەك بەبێ دانانەوەی ئەلارمی کاتژمێر Alarm clock لەکاتی پێویست لە خەو هەڵدەستیت؟ ئەگەر وابێت ئەوا پێدەچێت کە شەوان تێر ناخەویت. ئەگەرچی رای پسپۆڕان سەبارەت بە ژمارەی کاتژمێرەکانی نووستن لە شەو و رۆژێکدا بۆ کەسانی پێگەیشتوو جیاوازە، بەڵام بەگشتی زۆربەیان لەسەر ئەمە کۆکن کە پێویست دەکات ٦-٨ کاتژمێر خەوی قووڵی بێ پچڕان کە چوار قۆناغی خەوی دروست لەخۆ بگرێت، لەوکاتەی کە هەر قۆناغێکی خەوی دروست ٩٠ خولەك دەخایەنێت. لە لایەکی دیکەوە، زانا و پسپۆڕانی خەو پێیان وایە کە تا یەکێك تەنیا بە ئەلارمی کاتژمێر بیدار بێتەوە، ئەوا ئەو کەسە تێر خەو نییە، یان کوالیتی خەوەکەی باش نییە. لە رووی پێویستیمان بە ژمارەی کاتژمێرەکانی نووستن، هەموومان لە یەکتری جیاوازین، ئەم مەسەلەیە بەندە بە هۆکاری جینەکان(بۆماوە)، رەگەز، تەمەن، پیشە، ستایلی ژیانی رۆژانە، باری دەروونی، لەگەڵ تەندروستیی گشتیی لەش، بەڵام ئەوەی گومانی تێدانییە، ئەوەیە کە هەر کەسێك ئەگەر تێرخەو بێت، ئەوا بۆ لەخەوهەڵسان پێویستی بە ئەلارمی کاتژمێر، یان ئەلارمی مۆبایل نابێت.



گەدەی مرۆڤ، جا لە رێگای ئاژەڵ و رووەکەوە، یان تەنانەت پاش بارینی مایکرۆپلاست Plastic-rain یانیش دەوکەڵ و تەمی پلاستیکی Plastic-smog، ئەوا سەلامەتیی خۆراك و ئاوی خواردنەوە و هەوای هەڵمژراو لە لایەن مرۆڤەوە دەکەوێتە ژێر گومان و مەترسیی تەندروستییەوە.



# رکابەرێک بۆ نینتندۆ و ئەندرۆید ستەیم



یارییە ئەلکترۆنییەکان هەردێت و بازاڕیان گەرم دەبێ و هەم یاری نوێ و هەم ئامێری تایبەت بە یاری کردن بەرهەم دێن. لینۆڤۆ لەم دواییەدا ئامێرێکی تایبەت بە یاریکردن بەرهەمهێناوە کە بە (Legion play) ناسراوە. ئەم ئامێرە بچووکە و بەکارهێنەر دەتوانێت بۆ گەشت و گەڕان بیبات.

هەر لەم ساڵدا چەند ئامێرێکی تایبەت بەیاری بەرهەمهاتن، وەك نینتندۆ سوئیچ، ستەیم داك، GDP XP. هەربۆیە لینۆڤۆش نەیویست لە مەیدانەکەدا بەجێ بمێنێ و ئامێری Legion Play بەرهەم هێنا.

تایبەتمەندەکانی ئامێرەکە ئەمانەن: شوێنی دانانی USB هەیە. چەند دوگمەیەکی بۆ کۆنترۆڵ هەیە، وەك چوار دوگمەی سەرەکی و دوگمەکانی سەرەوە، کامێرای هەیە.


یەکەمین کۆنسۆلی گەیمی ئەندرۆیدییە کە پشتیوانی لە سیستەمی هەوری واتە کلۆد دەکات. شاشەکەی ٧ ئینجە و فوول ئیچ دییە. دوو سپیکەری تایبەتی هەیە. باترییەکەی ٧٠٠٠ میلی ئامپێرە.

# لاپتۆپێک فیلمی سێ دەوری بەبێ چ



کۆمپانیای ACER کە یەکێکە لە کۆمپانیا ناسراوەکانی بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالی وەك لاپتۆپ و دیسکتۆپ، لەم ماوەیەدا لاپتۆپی جۆری ConceptD 7 SpatialLabs Edition خستەڕوو. لاپتۆپێك کە بەبێ چاویلکە وێنەی سێ ڕەهەندی واتە 3D نیشان دەدات. بۆ نیشاندانی وێنەی سێ ڕەهەندی لە سیستەمێکی ڕەق ئامێر و نەرم ئامێر پێکەوە سوود وەردەگرێ. سیستەمەکە پێکهاتووە لە کامێرایەکی ستریۆی تایبەت لەگەڵ دوو هەستەوەر کە دیدی بەکارهێنەر چاودێری دەکات. دوو لێنز لەسەر

# پێویستە ویندۆز١٠ بگۆڕین بۆ ویندۆز ١١؟



ئەوانەی کۆمپیوتەر بەکار دێنن، دەزانن سیستەمی بەگەڕخەری کۆمپیوتەر ویندۆزی پێدەگوترێت، سیستەمی ویندۆز هی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتە و هەتا ئێستاکە نوێترین سیستەمی کۆمپانیا ویندۆز ١٠یە. بە چەند ساڵ جارێك کۆمپانیا وەشانێکی نوێی ویندۆز بڵاودەکاتەوە، لە ساڵی ٢٠١٥ەوە کە ویندۆز١٠ بە بەرفرەیی بڵاوبۆوە، مایکرۆسۆفت وەشانی نوێی نەخستۆتە بازاڕ، بەڵام ئەمساڵ بەبێ راگەیاندنی فەرمی ویندۆزێکی خستە بازاڕ کە بە ویندۆز ١١ ناسراوە. زۆر لە بەکارهێنەرانی ویندۆز١٠ دەستبەجێ ویندۆزەکەیان گۆڕی بە ویندۆز ١١. بەڵام ئایا پێویست دەکات ویندۆزەکەمان بگۆڕین؟

ئەوەی راستی بێت ئەم ویندۆزەی کە لەلایەن مایکرۆسۆفت بڵاوکراوەتەوە، تەنیا بۆ تاقیکارییە و هیچی دی، ئەمە وەشانی فەرمی نییە. گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە ویندۆزەکەدا نییە، تەنیا ئەو بەشە نەبێت کە پەیوەندییەکی باشی دەبێت لە گەڵ مۆبایل و سیستەمی ئەندرۆید و پرۆگرام و گەیمەکانی ئەندرۆید دەکاتەوە. لە باری رووکاریشەوە هەندێك گۆڕانکاری تێیدا روویداوە وەك سیستەمی تۆلبار و بەشی ستارت و کردنەوەی پەنجەرەکان. ڕەنگە بپرسین دەکرێ ویندۆزەکان بگۆڕین بە ویندۆز ١١؟ لە راستیدا جارێ هەتا وەشانی فەرمی کە بڕیار وایە ئەم مانگە یا سەرەتای ساڵی تازە بکەوێتە بڵاوبکرێتەوە، پێویست بە گۆڕانی ویندۆز ناکات.

## پلاکێکی زیرەک سیستەمی کارەبای ماڵەوە دەگۆڕێ



ئەگەر بەنیاز بی بە ئاسانترین رێگا ماڵەکەت بکەی بە سمارت و گشت گڵوپ و پلاك و سویچەکانی ماڵەوە بە مۆبایلەکەت کۆنترۆڵ بکەی. ئەوە دەتوانی ئامێری بچووکی DIY بەکار بێنی. ئەم سویچە لەبۆکسی سەرەکی کارەبا دەخرێت و بەهۆیەوە دەتوانی پلاکەکان بکەی بە زیرەك. دەکرێ بە دەنگیش فەرمان بکەی بە کوژان و هەڵبوونەی ئامێرەکانی ماڵەوە.

## ـــــــاویلکە نیشان دەدا

شاشە کە دوو وێنەی تایبەت بە چاوی راست و چەپ نیشان دەدات.

ئامانجی ئەیسەر لە خستنەڕووی ئەم بەرهەمە ئەوەیە کە بیسەلمێنێ دەکرێت بەبێ هیچ چاویلکە یا ئامێرێکی دیکە فیلم یا وێنەی سێ دەوری ببیندرێ. ئەم لاپتۆپە بۆ پرۆژە سێ دەورییەکانی ئەندازیاری، دیزاین و نەخشەسازی سوودی زۆری لێوەردەگیرێت.

بەهۆی پرۆگرامێکی تایبەتەوە دەکرێت فیلم و وێنە و یارییەکان لە حاڵەتی دوو دەوری بکەی بە سێ دەوری.

تایبەتمەندییەکانی لاپتۆپەکە ئەمانەن: رامەکەی ٣٢ گیگابایت و دەکرێت ببێتە ٦٤ گیگابایت. داتاگەی ٢ ترابایتە. شاشەکەی ١٥,٦ ئینجە.

# پایسکلێکی کارەبایی و بچووک



داهێنـەران و پسـپۆرانی بـواری ژینگەپارێـزی دەڵێن، باشترین داهێنان کە مرۆڤ دایهێنابێ، پایسـکلە. هـەم ژینگـە پیـس نـاکا و هـەم بـۆ تەندروسـتی بـە سـوودە.

پایسکلی جۆری HiMoH1 نوێترین پایسکلی ئەلکترۆنییە کە بەکارهێنەر لەو کاتانەی کە پێویستی پێی نەبێت، یان بیەوێ بۆ شوێنێکی دوور بیبات، دەکرێت کۆبکرێتەوە و لە پاڵ یەك بخرێتەوە و بچووك بکرێتەوە. پایسکلەکە هەم ئەلکترۆنییەو هەم بە پێدان دەڕوات و هەم لە رێگای پێدان لێدانەوە باترییەکەی بارگاوی دەبێتەوە. هەرکاتێك باترییەکە پڕ بێتەوە، هەتا ٣٠ کیلۆمەتر دەتوانرێ پێی برۆی. خێراییەکەی ١٨ کلیۆمەتر لە کاتژمێرێکدایە، ئەمە زۆر نییە، ئەگەر بەراوردی بکەی بە ئۆتۆمبیل، بەڵام ئەگەر بە رۆیشتنی بەپێی بەراورد بکرێ زۆرە. کێشەکەی ناگاتە ١٥ کیلۆ، بەکارهێنەر دەتوانێت لەکاتی پێویستدا لە جانتاکەی خۆی بخات.

# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت ئایا کەڵك وەرگرتن لە مۆبایل لەوکاتەی کە لە شەحندایە زیانی هەیە و زیانەکانی چین؟**

خوێنەری بەڕێز، راستە لەوکاتەی کە مۆبایل لە شەحندایە تۆش بەکاری دێنی زیان بە مۆبایلەکەت دەگا. ئەو زیانە لە مۆبایلە کۆنەکان زیاترە.. لەبەر ئەوەی لە یەك کاتدا هەم شەحن بکەی و هەم بەکاری بێنی دەبێتە هۆی گەرمداهاتنی مۆبایلەکە، بەتایبەت ئەگەر گەیمێکی بەهێز بکەیەوە، یان فیلمێکی ئیچ دی سەیر بکەی. هەروەها دەبێتە هۆی تێکچوونی شوێنی شەحنەکە، بەهۆی جوڵەی دەستت و هاتن و پچڕانی کارەبای شەحن کردن بەبەردەوامی. هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی لە درێژ مەودادا شەحنی دابەزێت و پڕ نەبێتەوە، چونکە رێژەی وزەی هاتوو و دەرچوو یەکسان نین.

# رۆبۆتی پاککەرەوە

سـەردەمێك هـەر ژنێـك ئاواتـی بـوو، گەسـکێکی کارەبایـی هەبێـت کـە بتوانێـت ماڵـەوەی پـێ پـاك بکاتـەوە. ئێسـتا جگـە لـەوەی باشـترین گەسـکی کارەباییـان لەبەردەستدایە و تەنانـەت گەسـکی کارەبایی زیرەکیـش هەیـە کـە بەبێ ئـەوەی کابانی مـاڵ دەسـتی بـۆ بـەرێ خـۆی ئۆتۆماتیکـی مـاڵ خاوێـن دەکاتـەوە. تەکنەلۆژیـا لـەوەش بـەرەو سـەرتر رۆیشـتووە و گەسـکی کارەبایـی بۆتـە رۆبۆتـی پاککـەرەوە..

رۆبۆتی پاککەرەوە جۆری iRobot Braava Jet 240 دەتوانرێت ئەوەی پەیوەندی بە پاککردنەوە لە ماڵدا هەیە ئەنجامی بدات. رۆبۆتەکە نە تەنیا ماڵەوە خاوێن دەکاتەوە، بەڵکو خاوەنەکەشی خاوێن دەکاتەوە. دەتوانێت شوێنە وشك و تەڕەکانیش خاوێن بکاتەوە. بۆ ئەو هیچ جیاوازی نییە کە هاڵی دانیشتن بێت، یان حەمام و ئاودەست. بەگشتی ئەو شوێنەی پێویستی بە خاوێنکردنەوە پاکی دەکاتەوە. شوێنەکە رایەخ بێت یان کاشی یا دار یا گڵ ئەوە خاوێنی دەکاتەوە. لە خودی رۆبۆتەکەدا شوێنی دانانی مادەی پاککەرەوەی تێدایە ئەو شوێنانەی کە پەڵەیان هەیە بە

# کامێرای سینەمایی بە کوالیتی 8K فیلم دەگرێت




کۆمپانیای RED نوێترین و بچووکترین کامێرای سینەمایی خۆی بەناوی V-Raptor ST بەرهەم هێنا. کامێرای ناوبراو نوێترین کامێرای جۆری DSMC3 و باشترین کامێرای کۆمپانیایە.

کامێرای V-Raptor ST هەستەوەری جۆری 8K VV 35.4 میگاپیکسلی هەیە. هەستەوەری ئاماژە بۆ کراو ٤٦,٣١ ملم گەورەترە لە هەستەوەکارنی فول فرێمی ٣٥ ملمی.

هەستەوەرێکی وا رووبەرێکی زۆر لە هەڵگرتنەوەی فیلمدا دەگرێت، بە واتایەکی دیکە چاوی کامێرا زۆرتر لە چاوی کامێرایەکیی ئاسایی دەبینێت.

کامێراکە توانای تۆمارکردنی بە فرێمی بەرزی هەیە، دەتوانێت ڤیدیۆیەکان بە کوالیتی و گەشی 8K و بە خێرایی ١٢٠ فرێم لە چرکەیەکدا تۆمار بکات، هەروەها توانای تۆمارکردنی 4K بە خێرایی ٢٤٠ فرێم لە چرکەیەکدا هەیە.

چوارچێوەی کامێراکە لە ئەلۆمینیۆم دروستکراوە. شاشەیەکی بچووکی هەیە بۆ نیشاندانی کارکردی کامێراکە.



## ماڵپەڕێک بۆ لابردنی پاشخانی وێنە

بۆ ئەوەی کە باکگراوەند (پاشخان) لەسەر وێنەیەك لابەری، پێویستت بە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ و هاوشێوەکانی وەك ئەوە، ئەویش دەبێت زانیارییەکی تەواوت لەسەر ئەم کارە هەبێت.

ئێستا دەتوانی بەهۆی ماڵپەڕی https://www.slazzer.com/ بە ئاسانی ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەی. لە ماڵپەڕەکەدا سەرەتا وێنەکەت ئاپۆلۆد (دابەزین)ە. پاشان دەتوانی بە ویستی خۆت دەستکاری وێنەکە بکەی، وەك لابردنی باکگراوەند، یان گۆڕینی باکگراوەند. دوای ئەنجامدانی ئەرکە تایبەتییەکە دەتوانی لە بەشی دانلۆد وێنە دەستکاری کراوەکە دابەزینی.




سپرای خاوێنکردنەوە پاکی دەکاتەوە.

ئەو شوێنانەی کە گەسکی کارەبایی رێی تێناچێت یان ناکرێت بە ئامێری دیکە خاوێن بکرێنەوە، رۆبۆتەکە پاکی دەکاتەوە. رۆبۆتی پاککەرەوە پێویستی بە فەرمان کردن نییە، هەرکە هەستی بەوە کرد ماڵەوە پیس بووە، ئیزن لە بەکارهێنەرەکەی وەردەگرێ و دەست دەکات بە پاککردنەوە.

# ڕەنگ و نەخشەکانی نینۆک بۆ خانمان



لە وەرزی پاییزدا، زۆربەی ڕەنگەکان بەرچاو و دیارن، وەك ڕەنگی جل و نینۆك و ماکیاژ، ڕەنگی نینۆك بە شێوەیەکی روون سەرنجڕاکێش دەبن، بەهۆی ئەوەی لەو وەزردا هێشتا جلی پۆشتە و زۆر لەبەر ناکرێت، بەم چەشنە دەست و مەچەك بە دەرەوە دەبن، تۆش دەتوانیت ڕەنگی نینۆك بکەیتە مۆدێك بۆ ناسکی و سەرنجڕاکێشیت، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە لە سەرووبەندی هاوسەرگیری و زەماوەند دان، یان ئەو خانمانەی کە سەرەتای دەوامی زانکۆیان دەست پێ دەکاتەوە، دەتوانن ڕەنگێکی شیك بۆ نینۆکەکانیان هەڵبژێرن، دیارترین ئەو ڕەنگ و نەخشە باوانەی لەم وەرزەدا بۆ نینۆکەکانی پەنجەی دەست و قاچ دەستنیشانکراون، بریتیین لە: ڕەنگی سپی، شین، سەوز، سوور، نیۆد، شەزری، هەروەها ئەو نەخشانەی کە ناسکییان پێوە دیارە، وەك: وردە خاڵ و بازنەی بچووك لەسەر نینۆکەکان، بە مەرجێك ڕەنگی نەخش و نینۆکەکە جیاواز بن، تا بە جوانی دەربکەون، هەروەها بۆ ئەوانەی دەچنە زەماوەند و بۆنەکان، دەتوانن شێوەی ئەستێرە و مرواری هەڵبژێرن، هەروەها بۆ کاتی دەوام و زانکۆ، دەکرێت شێوەی ئەندازەیی وەك راستەهێڵ و بازنە و چوارگۆشە بکێشیت، هەروەها بۆ کاتی ژوان و شوێنی دەرچوون، دەتوانیت شێوەی دڵ و مانگ و گوڵ لەسەر نینۆکت بکێشیت.





# مۆدی پانتۆڵ ڕێکخستنی لەگەڵ جلوبەرگەکانی پاییزدا

ئێستادا مۆدی (Wide leg Pants) هاتۆتە کایەوە، لەم بارەیەوە پێگەی (ئەنا زەهرە)، ڕێنماییەکانی بۆ ئەو جۆرە پانتۆڵە لە چوار خاڵدا دەخاتە روو، ڕەنگی تاریك: کاتێك پانتۆڵی فراوان و کراوە هەڵدەبژێریت، پێویستە ڕەنگەکەی تۆخ و تاریك بێت، وەك سەوزی تۆخ، ڕەشی کلی، قاوەیی، یان ڕەش، تا زیاتر شێوەت گەورەتر نیشان نەدات.

پێوانەی پانتۆڵی کراوە: لەم جۆرە مۆدەدا، تەنانەت سەنتیمەترێك تەسکتر، یان بەرینتر، دەبێتە هۆی شێواندنی جەستە و لەش و لارت، بۆیە گرنگە پێوانەی خۆت هەڵبژێرە ئەگەر زۆریش ماندووشت بکات. بەشی جلی سەرەوە: کاتێك ئەو جۆرە پانتۆڵەت هەڵبژارد، پێویستە بەشی سەرەوەی جلەکەت پێچەوانەی ئەو مۆدە بێت، ئەگینا وەك کیسەیەك دەردەکەویت، وەك بلووز و کراسی تەسك و بێ قۆڵ.

پێڵاوی پاژنە بەرز: ئەگەرچی دەگوترێت پانتۆڵی کراوە و پاژنەبەرز پێچەوانەن، بەڵام ئەوە راست نییە، بۆیە پێویستە باڵات بەرزتر دەربکەوێت کاتێك پانتۆڵی کراوەت لەبەر دەبێ، بەم چەشنە پاژنەبەرز هەڵبژێرە.



# كراسی درێژی ڕەش جلی شاهانەیە

هەمیشە گوتراوە كە جلی سپی بە جلی شاهانە و شازادەكان دادەنرێت، بەڵام جوانی و سەرنجڕاكێشی ڕەنگی ڕەش لە جلوبەرگدا، ناهێڵێت جلە سپییەكان لە لوتكەدا بن، بەتایبەت بۆ بۆنە و یادی بچووك، ئەوانەی لەماڵەوە بۆ لەدایكبوون و كردنەوەی شوێنێك، یان بەشداریی یادێكی كەسێكی نزیك بەشدار دەبن، شایستەترین جل، كراسێكی درێژی ڕەشە، بەمەرجێك لەسەر ئەژنۆوە كورتتر نەبێت، كراسی ڕەش بۆ هەموو تەمەنێك گونجاوە، وەك خانمێكی شیكپۆش دەتوانیت بۆ ماڵ و دەرەوە و بۆنە و یاد و دەوامی فەرمیش پۆشاكی ڕەنگی ڕەش بپۆشیت، تەنانەت خانمە ئەستێرە ناودارەكانی جیهانیش لە بۆنە تایبەتەكاندا جلی ڕەشی درێژ دەپۆشن، تۆش وەك خانمێك خۆت بێبەش مەكە لە جوانیی جلی ڕەش، بەتایبەت كراسی درێژ و تەسك، بە شێوەیەك بەدی بێت و تەواوی جەستە بگرێت، گرنگە كراسەكە بە قۆڵ بێت واتە قۆڵێكی درێژی هەبێ، جوانترە ئەو كراسانە هەڵبژێرن كە سەرشان، یان قۆڵەكانیان كراوە بن، تا ناسكی و خانمایەتیت نیشان بدات، لەگەڵ جەنتایەك لە ڕەنگی جلەكە جیاواز بێت، لەگەڵ پێڵاوێكی تەنك و پاژنە بەرز، دەتكاتە خانمێكی شاهانە.



# كولتووری خۆشۆردن لە حەمامەكانی كۆن و ئێستادا



جاران بۆ گەرمكردنی حەمام (كوڵخان) هەبوو، كە لە ژێر حەمام دروستكرابوو، كە بەمەبەستی گەرمكردنی حەمامەكە پشتیان بە زبڵ و ڕیخ و قشپلی حەیوان دەبەست، لە گوندەكان بە بارهەڵگر بۆیان دەهات و دەیان كرییەوە، كابرای توونچی (كورخانچی) كە كاری گەرمكردنی حەمام بوو، بە لەپەی دەست ئەو زبڵەی لەكونی كورخانەكە دەكرد و ئاگرەكەی خۆش دەكرد، تا حەمام گەرم بێت، ئەوانیش بەردەوام دووكەس بوون. لەساڵی ١٩٥٧ حەساری خەتاب ئاغا لەگەڕەكی عارەبان تێك درا و لە شوێنی ئەو حەمامی عەسرییان دروستكرد، بۆیەش ناویان لێنا (حمام عصری) چۆنكە بەدیزاینێكی نوێی ئەو كات دروست كرا و، سەری بە كۆنكرێت داچۆشرا، كە ئەوانی پێشوو قوڕ بوون، بۆ گەرمكردنی حەمامەكەش نەفتی ڕەشیان بەكار هێنا لەجیاتی زبڵ و ڕیخی ئاژەڵ، لە شاری هەولێر سێ حەمام هەبوون: حەمامی حاجی قادر (ئێستای بازاڕی كوێتی) سەرەتای بازاڕ لە شەقامی باتە، حەمامی مۆدە لە شوێنی ئێستای ناو شەقامی شێخی چۆلی، حەمامی خانزاد باغی شار هەر لە شوێنی ئەو باخچەیە بوو. خۆشتن وابوو كە سەرەتا داخلی حەمام دەبوویت، جلت لەبەر دادەكەند و پارچە قوماشێكیان پێت دەدا، كە پێیان دەگوت (پەشتەماڵی حەمامێ) كە بن ناوكت تا سەر ئەژنۆتی دادەپۆشی، لە ناوەندی حەمام بەردێكی گەورە هەبوو پێیان دەگوت بەردی زاوا، هەبوو بۆ پشوودان لەسەر ئەو بەردە جگەرەیەكی پێدەكرد و، هەشبوو لەسەری رادەكشا، شوێنی پێنج تا شەش كەس دەبووەوە، پێشتر نەعل نەبوو و خەڵك بە پێخواسی دەچوونە ژوورەوە، كاتی تەواویش دەبوون دەهاتە لای دەرگا و چەپڵەیەكی لێ دەدا و شاگردێك دەهات پێی دەگوت عافیەتە و سێ خاولی دەهێنا، یەكێكیان لەشوێن پەشتەماڵەكە و یەكێكیان دەخستە سەرشانی و ئەوی تریشیان لەسەر سەری دادەنا، شاگردەكەش دەچوو جامێك ئاوی دەهێناو لە دوای كابرا دەڕۆیشت كە بە پێخواسی بوو، تا دەگەیشتە لای جلەكانی و ئینجا پێی درێژ دەكرد و شاگردەكە جامە ئاوەكەی بەپێیدا دەكرد. نرخی خۆشوشتنیش (یەك درهەم) بوو، هی پیاوان دوای خۆشوشتن وەردەگیرا، بەڵام هی ژنان پێشینە وەردەگیرا و منداڵانیش نیو درهەم، یان ١٠ فلس بوو كە بە گوێرەی تەمەن وەدەگیرا، ژنان لە حەمام زیاتر دەمانەوە، لە نۆرەی ژناندا خێزانی خاوەن حەمام دەهات بۆ هێنانە دەرەوەی ژنەكان هاواری دەكرد (عەیارە . عەیارە) واتە ئاوەكە سارد بۆتەوە، بەڵام ئێستا حەمامە گشتییەكانیش پێشكەوتوون و ئاسایی هەر یەكێك خانەیەكی تایبەت بە خۆیەوە هەیە، جلەكانی لەگەڵ خۆی دەبات و خۆی دەشوات و دێتە دەرەوە.



# ناشرینترین باڵەخانەی جیهان

هەمیشە خەڵك لە دوای جوانترین و نایابترینە لە هەموو بوار و کەرەستە و شتێکدا دەگەڕێت، بەڵام ئەوجارە ناشیرینترین باڵەخانە دەستنیشان دەکەین، کە بریتییە لە باڵەخانەیەك دەکەوێتە وڵاتی چین، کە لە شێوەی باربیی ڕووسیە، شێوەی هێندە نەشیاوە، تەنانەت لە دوور و نزیکەوە گەشتیاران و خەڵك بە کەمی سەردانی ئەو شوێن و هوتێلە دەکەن، هەروەها چەندین باڵەخانەی دیکە وەك موزەخانەی سەر پان هەن، کە لە ژێرەوە ئاسایی و لە بەشی سەرەوەی وەك شەقامێك وایە، دوای وەرگرتنی (٣٠) هەزار دەنگ بۆ دەنگدان لەسەر (٨٧) نەشیاوترین باڵەخانە لە وڵاتی چین، کە زۆربەیان دەکەونە ناوچەی (چیچیانیگ) لە هەرێمی سیشوان، ئەنجامی دەنگەکان کە نەشیاوترین باڵەخانە لە ڕووی ئەندازەییەوە دەستنیشان کرا کە بریتییە لە هۆتێلی مانژۆڵیە، کە لەسەر ڕووبەری (٧٣٢) مەتر چوارگۆشە دروست کراوە و، هوتێلێکی پێنج ئەستێرەیە کە نرخی مانەوەی لەو هوتێلەدا دەگاتە ١٤٢ هەزار دیناری عێراقی، ئەوەی سەیرە زۆربەی گەشتیاران کاتێك دیکۆری دەرەوەی ئەو هوتێلە دەبینن، بە دڵیان نابێت، بۆیە زۆربەی کات هوتێلەکە چۆڵەوانیی پێوە دیارە.





# قاپێک بە یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار دۆلار


بە ڕێکەوت قاپێکی دۆزراوە لەسەر دەلاقەیەکی خانوویەکی کۆن کە دەیان ساڵە چۆل بووە، بووە جێگەی سەرنجی زۆربەی خەڵکی جیهان، قاپەکە بە ١ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار دۆلار لە مەزادخانەی لیۆن و تۆرنەبل فرۆشرا، مێژووی ئەو قاپە بۆ سەردەمی ساڵانی ١٥٢٣ بۆ ١٥٢٠ دەگەڕێتەوە، کە لەلایەن بە ناوبانگترین نەخشێنەری کەرەستەکانی ماڵی ئەو کاتەی وڵاتی ئیتاڵیا (نیکۆلا دا ئۆربینۆ) دروست کراوە، سەرەتا بە قاپێکی ئاساییان دانابوو کە نرخی سەرەتایی ١٠٩ هەزار دۆلار بوو، بەڵام لە مەزادەکەدا نرخی کۆتایی گەیشتە نزیکەی دوو ملیۆن دۆلار، ئەو قاپە یەکێکە لەو (٤٠٠) کەرەستەیەی کە لە نێو خانوویەکی کۆندا بە ناوی LOWOOD HOUSE لە سنووری وڵاتی سکۆتلەندا دۆزراوەتەوە، ئەوکەسەی قاپەکەی بەو پارە خەیاڵییە کڕیوە، ناسنامەی خۆی ئاشکرا نەکردووە، کڕینەکەش لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە ڕێك خراوە، تەنیا ئەندامانی خانەی مەزادخانەکە دەزانن کەسەکە کێیە کە ئەو پارەیەی بە قاپێك داوە، کە ڕەنگە لە دەستت بکەوێت و ورد ببێت.



# تەنیا بە زمانی کار دەکات



ئەو کچە بەریتانییە، جگە لەوەی ئەمانەتی ژیانی کراوە، هەروەها زەمانەتی هەموو بەشێکی جەستەیان کردووە، بە تایبەت زمانی، ئەو کچە ناوی (هایلی بێرکس)ە، لە کارگەیەکی دروستکردنی بەرهەمەکانی شکۆڵاتە و شیرنەمەنی کار دەکات، کارە سەیرەکەی ئەو کچە تەنیا تامکردنی ئەو خواردنانەیە بۆ تاقیکردنەوە تا بزانێت تامی چۆنە، تەنیا تامێکیان دەکات و بڕیاری خۆی لەسەر دەدات، ئەوەی سەیرە ئەگەر تووشی هەر نەخۆشییەك یان ڕووداوێك ببێت، بری (١٤٠٠٠٠٠) واتە زیاتر لە ملیۆنێك دۆلاری بۆ تەرخان کراوە، تا ئینشۆرینسی ژیانی بۆ بکرێت، ساڵانەش پشکین و چاککردنەوەی ددانەکانی بە خۆڕاییە، تەمەنی (٢٨) ساڵە و ماوەی پێنج ساڵە ئەو کارە دەکات.




## کاریکاتێر

باس لەو کەسانە دەکات کە نازانن کار بە ئەقڵ و مێشکیان بکەن، بەڵکو بەردەوام ئەقڵیان بە دەستیانەوەیە و بە دوای سەرچاوە و شوێنێکدا دەگەڕێن، بۆ کارپێکردنی ئەقڵەکانیان.


## نوکتە

دوو کەس پێکەوە لە شوێنێك دانیشتوون، یەکێکیان منداڵێکی خۆی لەگەڵ دەبێ، منداڵەکە دەڵێ: باوکە بیرم دێت کە تۆ لە ئاهەنگێکی خۆشدا دایکمت گواستەوە!

باوکیشی دەڵێت: قسەی بێ مانا مەکە، تۆ ئەو کاتە لە دونیاش نەبووی. ئەوەی دیکەش دەڵێ: منداڵەکەت مەشکێنەرەوە و دیارە بیری ماوە، ئەی ناڵێن بیری منداڵی تیژە؟!

## فیلم

## کەس بە زیندوویی دەرناچێت - No One Gets Out Alive




فیلمێکی ترسناك و سامناکە، باس لە ئافرەتێك دەکات کە دەیەوێت بەبێ بەڵگەنامە بچێتە شاری (کلیڤلاند بۆدینگ) بۆ خانووبەرە، دوای ئەوەی لەوێ جێگیر دەبێت، نەهامەتی ڕووی تێ دەکات، فیلمەکە لە ساڵی ٢٠٢١ و لە مانگی (٩) بەرهەم هێنراوە، لە دەرهێنانی (سەنتیاگۆ مینگینی)یە، لە بەرهەمهێنانی (جۆناتان کاڤیندیش) و لە نواندنی کریستینا ڕۆدیا و مارك مینچاکا و دەیڤید ڤیگۆلی و ڤالا هرافینکیلە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٢٥ خولەکە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

وادەردەکەوێت کەسانی دیکە پلان و پرۆژەیان هەبێت بێجگە لە تۆ، ڕەنگە کەمێك هەست بە نیگەرانی بکەیت، بەڵام بەمشێوەیە بمێنتیەوە باشترە لەوەی خۆت بخەیتە کارێکەوە کە ئارەزوی ناکەیت، هەوڵبدە بەرنامە بۆ ژیانت دابنێ و، مەترسە لەوەی کەسانی دیکە لۆمەت بکەن.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

مەوەستە و بەردەوام هەنگاو بنێ، ڕاوەستانت زۆر دەرفەتی زێڕینت لەدەست دەدات، هێزێکی زۆرت لە پشتە، بە واتای ئەوەی کەسانی چواردەورت پاڵپشتیت دەکەن، ئەم چەند ڕۆژە زۆر بیر لە شکست دەکەیتەوە و ترست هەیە لەوەی سەرکەوتو نەبیت، بەڵام ئەوە بزانە کە ترسی زۆر بەرە و شکستت دەبات، هەربۆیە بەهێزبە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

خەمەکانت بشارەوە، وادەردەکەوێن کەسانی دیکە بیانەوێت بەرەنگارت ببنەوە، بەڵام تۆ زۆر لەوە چاونەترستریت کە بەقسەی کەسانی دیکە بترسیت، بیرلەوە مەکەرەوە لە هەمو بارودۆخێکدا وشەی زبر بەکاربهێنیت، هەمیشە گفتوگۆی هێمنانە کلیلی کردنەوە هەمو دەرگایەکە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئامادەبە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانت و بیر لەوە مەکەرەوە ئەرکەکانت دوا بخەیت، چونکە ئەم ڕۆژانە بەرپرسیارێتیی زیاترت لەسەر شانە و دەبێت زیاتر گرنگی بە ئەنجامدانی کارەکانت بدەیت لە کاتی خۆیدا، لە هەمو ئەو بارودۆخانەی دێنە بەردەمت، ڕێگە مەدە ئارامیت لەدەستبدەیت، بارودۆخی سەخت بەهێزترت دەکات.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئەمڕۆ کاتی ئەوەنییە بوەستیت و چاوەڕێ بکەیت تا شتەکان بێنە بەردەستت، بەڵکو کاتی ئەوەیە خۆت هەستیت و دەرفەت دروست بکەیت، بۆئەوەی ئەوشتانە بەدەست بهێنیت کە دەتەوێت، ئەم چەند ڕۆژە پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت زۆرباشە و هەست بە ئاسودەیی دەکەیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢


ئەو کاتە زۆر نزیکە کە بە خەونەکانت بگەیت، ئەمڕۆ دەرفەتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی دوبارە هەوڵ بدەیتەوە بۆ ئەو کارانەی پێشتر شکستت تیایدا هێناوە، کارکردنی دڵسۆزانە بەرەو ئاستێکی بەرزترت دەبات، لەبری ئەوەی بۆ ماوەیەك زۆر لە جێگادا بمێنیتەوە، بەیانیان زو هەستەو ئەرکەکانت جێبەجێ بکە.

## بۆ زانیاریت

# پەیکەری ئازادی




ساڵی ١٨٨٤، خەڵكی فەڕەنسا پەیکەری ئازادییان پێشکەشی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد، ئێستا لەسەر دورگەیەکە لە نیویۆرك، پەیکەرەکە لەلایەن ئەندازیار فرێدێریك ئەوگست بەرسۆلدی دروست کرا، روخساری بە بۆچوونی خەلك روخساری دایکیەتی، کە گوزارشت لە سەربەخۆیی و ژیانێکی ئارام و پێکەوە ژیان دەکات، بەرزیی ئەم پەیکەرە ٩٣ مەتر درێژە، لە ژوورەوە پەیژە هەیە بۆ سەرەوە، بەڵام میوانەکان ناتوانن بە قۆلیا سەربکەون بۆ بەرزترین بەش، بەهۆی نارێکی لە دروستکردنی پلیکانەکانەوە، ئەو پەیکەرە ئێستا لە ئەمریکایە، یەکێکە لە کۆنترین پەیکەرەکانی جیهان و بۆتە رەمزی ئازادی، کە لە سەرتاپای جیهاندا وەك پەیکەرێکی شوناس بۆ ئازادی و ژیان، رۆژانە هەزاران گەشتیار لە وڵاتانی دیکەدا سەردانی دەکەن و وێنەی لەگەڵدا دەگرن.



## پەند و وتە

ئیمیل میهای سیۆران، فەیلەسووفی رۆمانی و وتارنووس، لەساڵی ١٩١١ لە شاری رسانیاری لە رۆمانیا لە دایکبووە و، لە ساڵی ١٩٩٥ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی حاڵەتی ژیانی هەندێ کەس دەڵێت: بەزەییتان بەو کەسانەدا بێت کە رۆژانێك نەیانوستووە، یان نەیانتوانیوە ئەو کەسە بن کە بە زۆری بوونەتە ئەو کەسە و حاڵەتەی تیایدا بوون، ئەوەش بەهۆی پاڵەپەستۆی زۆرەوە بەو واقیعە گەیشتوون.



## یاری وێنە

لە وێنەکەدا کەسێك هەیە، بە جۆرێك وەستاوە وەك ئەوەی ژێرەوەی باڵەخانە بێت، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا لە راستی و دروستیی وێنەکە تێبگەیت و شی بکەیتەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

رێگە مەدە کەسانی دیکە دەست وەربدەنە کاروبارەکانت، ئەمڕۆ واز لە رۆتینات بهێنە و گرنگی بەو شتانە بدە لە ژیانتدا پێویستت پێیان هەیە و، پلانێکی وردیان بۆ دابنێ، کە چۆن بتوانیت بەدەستیان بهێنیت، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت فراوان بکە، هەستەکانت مەشارەوە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەو شتەی ماوەیەکی زۆرە ئارەزوی بەدەستهێنانی دەکەیت، دواجار بەدەستی دەهێنیت، کاتە خۆشەکانت لەگەڵ هاوڕێ و کەسە نزیکەکانت بەش بکە، لەپێناو بەهێزبونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانتدا، مەترسە لەوەی راو پێشنیارەکانت بخەیتەرو، متمانەت بەخۆت هەبێت و بەهێزبە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

پێش ئەوەی تەواوی چیرۆکەکە ببیستیت بڕیار لەسەر کەسانی دیکە مەدە، هەستەکانت مەشارەوە و شەرم لە بیرکردنەوەکانت مەکە، کەسایەتیت زۆر بەهێزە و توانای ئەوەت هەیە خۆت بنیاد بنێیت، هیچ هۆکارێك نییە بۆ ئەوەی لە هەوڵدان بوەستیت، لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت بە شێوەیەکی گونجاو مامەڵە بکە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

پێویستت بە هاوکاریی کەسانی دیکە هەیە، بەڵام ناتەوێت داوای هاوکارییان لێ بکەیت، پێویست ناکات هێندە شتەکان بە قورسی وەر بگریت، دەکرێت کەسانی دیکە ببنە پاڵپشت و هاوکاریت بکەن و لەلایەنی پیشەییەوە زیاتر بەرەو پێش بچیت، هەوڵبدە زیاتر بەهێزببیت و متمانەت بە خۆت هەبێت.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


هەندێك رێگری دێتە بەردەمت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە کارو پرۆژەکانت بوەستێنیت، رێگە بدە ئەو بەربەستانەی ژیانت بەهێزت بکەن، لەلایەنی سۆزداری و کۆمەڵایەتییەوە وریابە لەوەی وشەکانت چ کاریگەرییەك لەسەر چواردەورەکەت دروست دەکەن، ئەو وزە زۆرەی ئەمڕۆت لە کاری بەسوددا بەکار بهێنە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

دوربکەوەرەوە لە بیرکردنەوەی نەرێنی، ئەمرۆ توانای ئەوەت هەیە شتەکان کۆنترۆڵ بکەیت و لە ژێر چاودێریی خۆتدا بیانهێڵیتەوە، پەیوەندی بەو کەسانەوە بکە کە کار و پرۆژەیان هەیە و، هاوکارییان بکە و سود لە بیرۆکەکانیان وەربگرە، چاوپێکەوتنێك رێك بخە بۆ بینینی ئەو کەسانەی پیشەکانیان لە تۆوە نزیکە و، گفتوگۆیەکی بەسودیان لەگەڵدا ئەنجام بدە.


# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری
# (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulan-media.com

Weekly Gulan November 1, 2021 Issue,No.1291


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:
گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626